# ـەرپـرسـیـارێـتـی دۆڕانـدن»
# ـکـسـتـی یـەکـێـتـی چارەسەردەکات؟



یەکێتی هەیبوو دوای هەڵبژاردنەکان، هیواردارین کاردانەوەیەکی کاتی بێتو بەو شێوەی خۆی دەناسێنێت وەک حیزبێکی سۆسیال دیموکرات

مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە بکات، واتە لەبری ئەوەی شکستەکە بخاتە ملی کادیرانی خوارەوە، پێویستە بە سیاسەتەکانیدا بچێتەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی بدات».

ئاسۆس هەردی فۆرمی کاردانەوەی شکستی دەسەڵاتە سیاسییەکان ڕووندەکاتەوەو دەڵێت: «بەشێوەیەکی گشتی هەر هێزێکی سیاسی هەست بکات نوشوستییەکی هێناوە (گەورە یان بچووک) دەتوانێت دوو کاردانەوەی هەبێت: یان ئەوەی توڕەدەبێتو قەناعەت بە کەمو کورتییەکانی خۆی ناکاتو بەسەر خەڵکی دیکەیدا دەسەپێنێت، یان ئەوەی هەڵوێستێکی عەقڵانی وەردەگرێتو بیر لەوە دەکاتەوە هۆکارەکانی شکستەکەی دیاریدەکات». ئاماژەی بەوەشکرد «لە حاڵەتێکی وەکو ئەوەی یەکێتی نیشتمانی پێمانوابوو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە سلێمانی وایلێدەکات بە جورئەتەوە بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە، نەک ئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵ ئەندامێکی دڵسۆزی خۆی بکات، بزانێت بۆچی دەنگی پێ نەداوە!؟

بە وتەی چاودێرێکی سیاسی کە پێشتر بەرپرسی باڵای ڕێکخستنی یەکێتی بووە، «ئەو ئیجرائاتەی ئێستا یەکێتی بەرامبەر کادیرانی خوارەوە دەیکات، خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی ئەو دۆڕانەو بەپرسیارێتی گەورە لەسەر شانی بەرپرسە باڵاکانە».

ئاسۆ عەلی چاودێری سیاسی، کە پێشتر لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یەکێتی بووە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەنجامی هەر پرۆسەیەک پەیوەستە بە پێشینەیەکی دوورو درێژ، بۆیە «ئەو پاشەکشێو تێکشکانەی لیستی کوردستانیو بە تایبەتی خەتی گشتی یەکێتی لە سنووری پارێزگای سلێمانیو کۆیە بە گەرمیانیشەوە ئەنجامی سیاسەتو کارەکانی پێشوویانەو باشترین ڕێگاش بۆ چارەسەری ئەو شکستە بەخۆداچوونەوەیەکی بابەتیانەیە، کە بە وردی دەستنیشانی هۆکارەکانو چارەسەرەکانی بکرێت»، نەک «ئەو هێرشو پەلامارە ئیداریو ئیعلامییە هەڵخەڵەتێنەرانەی نیشانەی دەرس وەرنەگرتنە لە شکستەکە».

لەبارەی بەرپرسیارێتی ئەو شکستە ئاسۆ عەلی وتی: «لە دنیای پێشکەوتوودا لێپرسراوێتی ئەدەبیو ئەخلاقی هەر شکستێک هەمیشە کەسە یەکەمەکان دەیگرنە ئەستۆ». زۆرجار بینیومانە لە بەرامبەر وەها شکستێکدا کەسە یەکەمەکان دەستبەرداری پۆستەکانیانو هەندێجار دەستبەرداری کاری سیاسیش دەبنو دان بەشکستەکانیان دادەنێن، بەڵام لە کوردستان ئەوە نەبووەتە نەریت، بەڵکو بۆ هەر شکستێک بەدوای کەبشێکی فیدادا دەگەڕێن، شکستەکەی بەسەردا ساغبکەنەوە بە پێداگری لەسەر ئەو ڕوانینە پێچەوانەیە کە گوایە گەورەکان هەڵەناکەنو هەر هەڵەو کەموکورتیو شکستێک هەمیشە خەتای کادیرەکانی خوارەوەو خەڵکی دیکەیە. بەبڕوای ئاسۆ عەلی، هەر ئیجرائاتێک لەگەڵ کادیری خوارەوە دەکرێت خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتییەکە، چونکە هەمیشە پشکی شێری شکستەکان بەر بەرپرسە باڵاکان دەکەوێت، چونکە خۆیان خاوەنی بڕیارەکانو ئەوانەی خوارەوە تەنیا جێبەجێکەرن».

هەرچەندە تائێستا کۆی کاردانەوەی یەکێتی لە لابردنو ئیجرائاتکردن بەرامبەر کادیرانی خوارەوە چڕبووەتەوە، بەڵام ئاسۆس هەردی نووسەرو ڕۆژنامەنووس پێیوایە: «ئەم دۆخە نەک خزمەتی یەکێتی ناکات، بەڵکو زیانی گەورەشی لێدەدات»، چونکە بەشێک لەو خەڵکەی دوو دڵەو لە بەشێک لە سیاسەتەکانی یەکێتی ناڕازییە، بەمجۆرە گوشارو ناچارکردنە ئەو حیزبە ئەو کەسانە ناچار دەکات لێی دابڕێنو لێی دوور بکەونەوە.

# ڕێکخراوەکان ساختەکارییەکان دەخەنەڕوو

سامان بەشارەتی

دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو چاودێرانی بیانیو ناوخۆ ڕاپۆرتەکانیان سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردنو بوونی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکەدا دەخەنەڕوو.

پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم لە ڕۆژی (٧/٢٥) لە هەرسێ پارێزگای کوردستان ئەنجامدرا لەژێر چاودێریکردنی ڕێکخراوە بیانیو ناوخۆییەکانی کوردستان،

دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەکەو ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن، چاودێرانی ناوخۆییو نێودەوڵەتی دەستیانکردووە بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانیان لەمەڕ پرۆسەکە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕێکخراوەکانی (تەمموز، تۆڕی شەمس، ئەنستیتوتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ) کە چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێمیان کردبوو، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا باسیان لە چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆسەکە کردو ئەو پێشێلکارییانەشیان خستەڕوو کە لەلایەن لیستێکەوە ئەنجامدرابوو.



ڤیان ڕەحیم

ڤیان ڕەحیم شێخ عەلی، سەرۆکی ڕێکخراوی تەمموز، ئاماژەی بەوەکرد «پرۆسەی هەڵبژاردنی (٧/٢٥) لە ڕووی ئەمنییەوە هیچ کێشەیەک ڕووینەداو پرۆسەکە بەشێوەیەکی باش بەڕێوەچوو، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی ئێمەبوو لەپاش سەعات چوارەوە لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک، دەستکرا بە ساختەکاریی لەلایەن لیستی دەسەڵاتدارەوە کە ئەمەش بووە هۆی ناشرینکردنی تەواوی پرۆسەکە».

سەرۆکی ڕێکخراوی تەمموز ئاماژەی بەو پێشێلکارییانە کردو وتی: «کردنەوەی کاغەزی دەنگدان پێش ئەوەی بخرێتە ناو سندوقی دەنگدانەوە، هەندێک خەڵک دەبینران جلی وایان لە بەردابوو کە ئامانجیان پروپاگەندەبوو بۆ لیستەکەیان، ژمارەیەک سەربازی زۆر دەبینران لە ناو بنکەکانی دەنگداندا کە بە جلی سەربازییەوە توانییان دەنگبدەن، هەندێک چاودێرو قەوارە سیاسییەکان شوێنو پایەی خۆیان بەکاردەهێنا لە وێستگەکە بۆ هاندانی دەنگدەران تا دەنگ بدەن بۆ لیستێکی دیاریکراوو زۆربەی پۆستەرو لافیتەکان لە نزیک بنکەکاندا لێنەکرابوونەوە، کە دەبوو چواردەوری بنکەکانی دەنگدان هیچ پۆستەرو لافیتەیەکی لێنەبێت».

لەلایەکیدیکەوە ڕێکخراوی ئەنستیتوتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەو پێشێلکارییانە کرد کە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم لە ڕۆژی (٧/٢٥) ئەنجامدرا، بەپێی ڕاپۆرتی ئەم ڕێکخراوانە زۆربەی ئەو پێشێلکارییانەی کراون لە پارێزگای هەولێرو دهۆک بوون.

عەلی کەریم، سەرۆکی ئەنستیتوتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئاماژەی بەوەکرد «لەکاتی دەنگداندا لە هەندێک بنکەدا هاوڵاتی هەبووە تەمەنی لە خوار (١٨) ساڵ بووە، دەنگیداوە، ئەم دیاردەیە بە کۆمەڵ دەبینران، جگە لەوەی لە هەندێک بنکەدا هاوڵاتی هەبووە چەندجارێک دەنگیداوە، لە زۆربەی بنکەکانیش هاوڵاتییان بەشێوەیەکی زۆر لە ڕێگەی فۆرمی (١١١)وە چەندجارێک دەنگیانداوە، ئەو مرەکەبەی بۆ دەنگدان بەکاردەهات یەکسەر لێدەبوویەوە، ئەم ساختەکارییانە وایانکرد پرۆسەکە لەدوای سەعات چوار بە ئاقارێکی دیکەدا ببەن، کە تەنیا لیستی دەسەڵات سوودمەند بێت لێی».

وتیشی: «ڕێکخراوەکەمان ناوی (٦٠) دەزگای ڕاگەیاندنی نووسیوە کە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن بێلایەنانە کاریانکردووە، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا خەڵات بەسەر ئەو دەزگایانەدا دابەشدەکەین.

هۆگر چەتۆ، بەرپرسی تۆڕی شەمس بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا (١٠) خاڵی خستەڕوو وەک پێشنیازو ئەو ساختەکارییانەی کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەنجامدراوەو وتیشی: «پێشنیازمان کردووە بۆ کۆمسیۆن کە دەنگدانی تایبەت نەمێنێت، چونکە دەبێتەهۆی ساختەکاریيو دووبارە دەنگدانی ئەو کەسانە لە دەنگدانی گشتیدا وەک ئەوەی (٧/٢٥) بینیمان، جگەلەوەش تۆماری دەنگدەران دووبارەبوونەوەی ناوی دەنگدەران ئەوە دەردەخەن ئەو ڕێگایانەی کۆمسیۆنی باڵا گرتوونیەتەبەر سەرکەوتوو نەبووە، بنەمای پشتبەستن بە پسوولەی خۆراک زانستی نییە، بۆیە هەرچی زووە کۆمسیۆن دەبێت ڕۆڵ بگێڕێت بۆ سەرژمێریی تازە لە عێراقو دانیشووانی دەرەوەی وڵاتیش بۆ تۆماری دەنگدەران،

هۆگر چەتۆ ئاماژەی بەوەشدا کە نەزانینی شوێنی دەنگدان لەلایەن دەنگدەرەوە کێشەیەکی دیکەیە کە دەبێت کۆمسیۆن چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، جگە لە تۆماری ناوی دەنگدەران، هەوڵبدات کۆمەڵێک پۆستەر دروستبکات کە گشت زانیارییەک بداتە هاوڵاتییان بۆ ڕۆژی دەنگدان ، وتیشی: «هەرچەندە کۆمسیۆن چەند هەنگاوێکی ناوە بۆ نەهێشتنی تەزویری وەک دووبارەنەبوونەوەی ناوی دەنگدەران لە بنکەکانی دەنگداندا، بەڵام ئەمەش نەبووە ڕێگرتن لە ساختەکاریی، وەک ئەوەی ئێمە لەو پرۆسەیەدا بینیمان لە هەندێک وێستگە ئینتیمای حیزبیی کارمەندانی بنکەکانی دەنگدان زاڵ دەبوو بەسەر لایەنی میهەنیو ڕێگە دەدرا بە تەزویرکردن، بۆیە پێشنیاز دەکەین کە تۆماری ناوی دەنگدەران دابەشبکرێت بەسەر لایەنە سیاسییەکانی بەشداربوو لە پرۆسەکە، بۆئەوەی ناوی دەنگدەر لە کاتی دەنگداندا زیاتر لە جارێک تەئکید بکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی باش لە ڕێگرتن لە تەزویر».

هۆگر چەتۆ ئاماژەشی بەوەکرد، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان وەکو دەسەڵاتێکی دەستووریيو یاسایی تەنیا لایەنی بەرپرسیارە لە ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، لەماوەی ڕابردوو چەند نموونەیەک هەیە بۆ دەستخستنە ناو کاروباری کۆمسیۆن، بەتایبەت لەلایەن حکومەتو هەوڵدان بۆ سەپاندنی هەندێک داخوازی کە تەنانەت هەندێکیان پێچەوانەی سیستمو ڕێکاری کۆمسیۆن خۆیەتی، ئەوەی ئێمە بینیومانە لەسەر کۆمسیۆن لەم هەڵبژاردنەدا فشارکردنە سەر کۆمسیۆن بووە لەلایەن حیزبو حکومەتەوە، هیوادارین بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئەمانە نەمێنن».

## پاشماوەی...

# لە (٧/٢٥) چی ڕوویدا؟

... گۆڕان، ڕەخنەو بۆڵەو تێبینیو گلەییەکانی ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنوسو سیاسیەکانی لە یەک بەرنامەی تۆکمەو کاریگەرو شەعبیدا فۆرمۆلەکردو ئیرادەی گۆڕانکاریو چاکسازی کرد بە دروشمی ئەم سەردەمەی گەلەکەمان بە چەشنێک ئێستا دوژمنە سەرسەختەکانی چاکسازیو ریفۆرمیش ناچارن هەمان دروشم بەکاربهێنن.

لە ٧/٢٥یشدا گۆڕان توانی چۆک بە هێزە تەقلیدییەکانی نێو فەزای سیاسیمان دابداتو گرنگترین سەنگەرەکانیان پێ چۆڵبکات. بەدەستهێنانی ئەو ڕێژەیە لە کورسی پەرلەمان (کە بەدڵنیاییەوە ئەگەر ساختەکارییو ڕەفتارە نادیموکراسیو ناشارستانییەکانی ڕژێمی هەرێم نەبوایە لە پێشو لەکاتی هەڵبژاردندا ئەو ڕێژەیە دوو بەرامبەر دەبووەوە) گورزێکی کوشندەو سەرەتای کۆتایی هاتنە بە هەیمەنەی ڕەهای ئەو هێزە تەقلیدییانە.

**دۆڕانەکانی ئەوان:**

لە ڕاستیدا دۆڕانەکانی ئەوان (حیزبی پارتیو باڵی جەلالی نوێی نێو یەکێتی) خۆی لە خۆیدا بەشێکی ترە یا دیوەکەی تری سەرکەوتنی گەورەی گۆڕانە.

دۆڕانی گەورەی ئەوان کاتێک دەستی پێکرد کە نەیانتوانی جگە لە ڕابردوویەکی تەڵخو خوێناویو پڕ لە کێشمەکێش هیچی تر بکەنە کارنامەی خۆیان، ئەوان لەبەرامبەر بەرنامەی واقعیانەی گۆڕان بە تەنها پەنایان بۆ ڕابردوو، پارە تەخشانکردنو چاوسوورکردنەوە برد. ئەم شێوازە ئەگەر لەم قۆناغەدا توانیبێتی هەندێک کارکردی هەبێت بە دڵنیاییەوە مەفعولی کورتخایەنەو نموونەی لە گۆڕنانی ئەو شێوازە لە مێژووی نزیکماندا کەم نین!.

دۆڕانی ئەوان لە ترس لە گۆڕانەوە دەستی پێکرد. ترسێک توشی هیستریای کردنو ناچاری کردن پەنا بۆ تاڵانکردنی سەروەتو سامانی ئەم هەرێمەو ناشارستانی ترین شێواز ببەن لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی شەپۆلی بەهێزی گۆڕاندا، بوختانو بەرتیلو دەمچەورکردنو لە کاردەرکردنو جنێوو سوکایەتیکردنو ترساندن...هتد، بەشێک بوو لە شێوازە ڕەسمیو ئاشکراکانی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی هەرێم.

دۆڕانی هەرە ئاشکرای ئەوان لە سەروبەندی هەڵبژاردندا بە ئاشکراتر دەرکەوتن، ئەوان لەو ڕۆژەدا پەردەیان لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی نادیموکراتیبوونو ناشارستانیبوونی خۆیان هەڵماڵی کاتێک بە شێوەیەکی بەربڵاو بێشەرمانە دەستیان دایە هەڵمەتێکی ناپیرۆز بۆ تەزویرو ساختەکاری. ئەمەش یەکێکی ترە لە نیشانەکانی ڕیسوابوونو ئیفلاسکردنو پووچ بوونی ئەوان. بۆ هەموو لایەکیشیان دەرخست کە ئەوان تا چ ئاستێک پابەندن بە بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنیو دیموکراتەوە. بە ڕوونیش دەرکەوت هێڵی سوور لای ئەوان هەیمەنەی ڕەهاو بێ ڕکابەرەو بە هەر نرخێک بێت لەپێناو مانەوەی کورسییە لەرزۆکەکەیان کاردەکەن.

ڕیسوابوونی گەورەی ئەوان لەوەدایە سەرباری هەموو ئەو ساختەکارییانەش هەڵمەتێکی گەورەی دوولایەنەیان دەستپێکردووە لەپێناو پیشاندانی ناوەرۆکی ڕاستەقینەیان. ئەوەتا بەبەرچاوی هەموو دونیاوە کۆمەڵێک چەقۆکێشی چەک بەدەستو قەڵەم بەدەستیان بەرداوەتە کۆمەڵگاو بە بەربەریانەترینو نائینسانیترینو ناشارستانیترین شێوە مامەڵە لەگەڵ جەماوەری خەڵکدا دەکەنو تۆڵەی ئەو بەرووداوەستاوەیەیان لێدەکەنەوە. بە ڕای من ئەمەی دواییان گەورەترین نیشانەکانی دۆڕانو بەرەو لەناوچوونی ئەم هێزگەلەی دەرەوەی مێژووە.

گۆڕان بۆ ئەوە هات کە بمێنێتو گەشە بکات. گۆڕان سەنگەرو لەمپەری یەکەمی تێکوپێکداو بەدڵنیاییەوە وەک شەپۆلێکی بەهێز هەموو خەڵتەو پەڵتەکان ڕاپێچدەکاتو تا تەپڵی سەرکەوتنی ئیرادەی ئینسان دۆستو کەسە شەریفەکانی ئەم وڵاتە لێنەدات تازە بە هیچ کەسو لایەنێک ڕاناگیرێت.

## ڕوونکردنەوەیەک لە مام ڕۆستەمەوە

ڕۆژنامەیەک زانیاری بەناوی منەوە بڵاوکردووەتەوە کە گوایە وتوومە پەناهەندەکان بنێرنەوە، چونکە هیچ کێشەیان نییە.

ئەمە دوورە لە ڕاستییەوە من بە هیچ شێوەیەک قسەی وام نەکردووە من هیچ پۆستێکی حکومیم نییە تەنها باسم لەوە کردووە کە هەرکەس دەنێرنەوە دەبێت ژیانو مەعیشەتی پارێزراوبێت چونکە هەموو سەروەتیان سەرفکردووە، لەبەرئەوە لەگەڵ ناردنەوەی هیچ پەناهەندەیەک نیم.

# کوردەکانی دەرەوە، ئیدانەی ساختەکارییەکانی لیستی کوردستانی دەکەن

ڕۆژنامە

کوردەکانی نیشتەجێی ئەوروپا ساختەکارییەکانی لیستی کوردستانی لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئیدانە دەکەن‌و هەمانکات بەتوندی نارەزایی دەردەبڕن لە ئەدای کۆمسیۆنی باڵا لە بەڕێوەبردنی پرۆسەکەدا.

ساختەکارییەکانی لیستەکەی یەکێتی‌و پارتی‌و رۆڵی کۆمسیۆن لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا دەنگدانەوەیەکی نارەزایی لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان دروستکردو بە بێڕێزی بەرامبەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان وەسفدەکرێت. کوردەکانی نیشتەجێی وڵاتانی ئەڵمانیاو بەریتانیاو ئوسترالیاو سویسرا لە رێگەی چەند بەیاننامەیەکەوە ساختەکارییەکانی دەسەڵاتداران ریسواو مەحکومدەکەن.

دەستەی پشتیوانی لیستی گۆڕان لە شاری سیدنی، ئوستراليا لە بەیاننامەیەکیدا دەڵێت: «نارەزایی خۆمان دەردەبڕین‌و ئیدانەی ئەو کردارە قێزەونەی لیستی کوردستانی هەردوو حیزبی خاوەن دەسەڵات دەکەین، هەر لە تەزویرو ساختەکارییەکانیان‌و کوشتن‌و هێرشبردنیان بۆ سەر بارەگاو بنکەو کەسایەتییەکانی لیستی گۆڕان‌و لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازی لە هەولێرو دهۆک‌و قەزاو ناحیەکانی، بۆیە پێیاندەڵێین: چیتر دەست نەخەنە خوێنی کوردەوەو دان بە راستییەکاندا بنێن‌و ئەنجامە دروستەکانی هەڵبژاردن بکەنە پێوەر، ئیتر بەسە، سیمای نەتەوەیی کوردستان لەوە ناشیرینتر مەکەن لەبەر چاوی دونیای دەرەوە».

هەروەها کۆمیتەی پشتگیری لیستی گۆڕان لە سویسرا لە بڵاوکراوەیەکدا دەڵێت: «لە ناخەوە نارەزایی خۆمان دەردەبڕین‌و هەموو ئەو پێشێلکارییانە رەتدەکەینەوەو بە کارێکی ناشارستانی‌و دوور لە هەموو بنەماکانی دیموکراسی ئیدانە دەکەین، داوا لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنیش دەکەین کە چاوێک بە کارەکانیاندا بخشێننەوەو بە چاوێکی بێلایەنانەوە مامەڵە لەگەڵ سکاڵاکان بکەن».

هاوکات بۆ هەمان مەبەست دوێنێ ژمارەیەکی زۆر لە کوردستانیانی وڵاتی بەریتانیا خۆپیشاندانێکیان سازکرد.

# «خـۆدزیـنەوەیـە لـە بـ...
## لابردنی بەرپرسانی خوارەوە، شـ...

دلێر عەبدولخالق

دوای ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن‌و ئەو شکستە گەورەیەی لیستی کوردستانی لە پارێزگای سلێمانی‌و کۆیە دووچاری بوو، جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی کۆمەڵێک ئیجرائاتی بەرامبەر بەرپرسانی ئۆرگانەکانی خوارەوەی یەکێتی ئەنجامدا، کە بە بڕوای چاودێران «ئەو جۆرە ئیجرائاتانە خزمەت بەو دۆخەی ئێستای یەکێتی ناکەن‌و زیانیشی پێدەگەیەنن، چونکە پێویستدەکات «ئیجرائاتەکان لەگەڵ بەرپرسە باڵاکان بکرێت، نەک ئەوانەی خوارەوە».

لە کەمپەینی هەڵبژاردنی لیستی یەکێتی‌و پارتی لە زۆربەی شارۆچکەکانی هەرێمدا، جگە لە کۆمیتەو ناوچەو مەڵبەندو لقەکان وەک ئۆرگانی رێکخستنی هەردوو حیزب، بۆ هەر ناوچەیەکیش ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی‌و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی سەرپەرشتی میحوەری هەڵبژاردنەکانیانی کردووەو هەموو هێزی گەورەی مرۆیی‌و مادیی‌و راگەیاندنیان بۆ کۆکردنەوەی دەنگی خەڵک لەو سنوورە بەکارهێناوە، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەتایبەت بۆ سنووری ژێر دەسەڵاتی یەکێتی مایەی نیگەرانیی‌و شۆکی بەرپرسانی لیستی کوردستانی بوو، بەوپێیەی لە زۆربەی ناوچەکان لیستی ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی سەرکەوتن بە رێژەیەکی بەرچاو بەسەر لیستی ئەو دوو حیزبەدا مسۆگەر بکات، لە کاردانەوەی ئەم حاڵەتەشدا سکرتێری یەکێتی چەند بەپرسێکی مەڵبەندەکانی حیزبەکەی ناردەوە ماڵەوەو چاوەڕێشدەکرێت ئەم لادانە بەرپرسی هەموو ئەو ئۆرگانانە بگرێتەوە، کە لە سنوورەکەیان لیستەکەی تاڵەبانی‌و بارزانی دووچاری دۆڕانێکی قورس هاتووە.

لەو چوارچێوەیەدا عەلی شێخ حەمە ساڵح لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی کۆیە، کە هاوکات برازای تاڵەبانیشە، بووە یەکەم بەرپرسی لەسەر کار لادراوی رێکخستنی یەکێتی‌و لەگەڵیشدا بێستون سابوراوایی لێپرسراوی مەڵبەندی دوکان‌و چەند بەرپرسێکی دیکەیش دەنگۆی لابردنیان هەیە، بەپێی لێدوانێکی پێشووی لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی کۆیەش، ئەو خۆی بە بەرپرسی یەکەمی دۆڕانی حیزبەکەیان لەو سنوورە نازانێت، چونکە لە سەروو ئەوانیشەوە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنی میحوەری کۆیەی کردووە.

بە وتەی ئاسۆس هەردی نووسەرو رۆژنامەنووس، سروشتی حیزبی کوردی بەشێوەیەکە کە کادیرانی خوارەوە جێبەجێکاری ئەو سیاسەتەن، کە لە سەرەوە دەسەپێندرێت، لەبەر ئەوە ئەگەر شکست هەبێت داڕێژەری سیاسەتەکە لێی بەرپرسە، نەک جێبەجێکار، وتیشی: «ئەو کاردانەوەیەی



# وردەکاریی دەستگیرکردنی سێ ئەمریکییەکە



ڕۆژنامە

ئێـران ئاشکرایکرد، کـە ئـەو سێ ئەمریکییەی لـە سـنووری هەرێمی کوردستانەوە چوونە ناو سنووری ئێرانەوە، لەلایەن حکومەتەکەیەوە دەستگیرکراون.

پێشڕەو ئەحمەد، راوێژکاری راگەیاندنی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەرێم، رایگەیاند: «ئـەو ئەمەریکییەی لەشاری سلێمانی مابووەوەو لەگەڵ سێ هاوڕێکەی تریدا نەچووبوو بۆ ئەحمەد ئاوا، هێزەکانی ئەمەریکا بردوویانەتە لای خۆیان».

ئـەو چـوار گەنجە ئەمەریکییە کە یەکێکیان ئافرەتە بەناوەکانی (شین باوەر، سارا شورت، جو شوا ستیل، شون کابریل ماکسفیل) لەسەرەتادا لەوڵاتی سوریاوە هاتوونەتە تورکیاو دواتـر شەوی ٧/٢٨ لەسنووری ئیبراهیم خەلیلەوە هاتوونەتە کوردستان‌و شەوێک لەهەولێر ماونەتەوەو شەوی چوارشەممە لەسەر پێنجشەممەی رابردوو ٧/٢٩ بە پاس گەیشتوونەتە شاری سلێمانی‌و چوونەتە ئوتێل میوان کە دەکەوێتە ناوجەرگەی سلێمانی.

بـۆ رۆژی پێنجشەممە سیانیان بەناوەکانی (شین بـاوەر، سارا شورت، جو شوا ستیل) دەچن بۆ هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا بۆ گەشتوگوزار، یەکێکیشیان بەهۆی نەخۆشییەوە لەئوتێلەکە دەمێنێتەوە کە ناوی (شون کابریل ماکسفیلە).

پێشڕەو ئەحمەد وتیشی: «شـەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی ئـەم سیانە لەئەحمەدئاوا دەمێننەوە، بۆ رۆژی دواتر واتە هەینی بە چیاکەی پشت ئەحمەدئاوادا سەردەکەون، هەرچەندە پۆلیسی ئەوناوچەیە پێیانوتوون ئاگاداربن ئەوە سنووری ئێرانە، بەڵام ئەوان رۆیشتوون، کاتژمێر یەک‌و نیوی پاشنیوەڕۆ تەلەفۆن بۆ هاوڕێکەیان دەکەن لەسلێمانی‌و پێیدەڵێن ئێمە لەلایەن هێزێکی ئێرانییەوە چواردەورمان گیراوە، هاوکات هاوڕێکەیان پەیوەندی دەکات بەباڵیۆزی ئەمەریکاو پۆلیسەوە».

پێشڕەو باسی لەوەشکرد «لەو کاتەوە پۆلیس‌و ئاسایش چوونە ناو ئەو کەپرەی شەوی پێشتر ئەو ئەمەریکییانەی لێبوون جانتاکانیان لەو کەپرەدا دۆزرانـەوەو دواتریش ئەمەریکییەکان لەسلێمانی ئەو هاوڵاتییەیان برووەتە لای خۆیان کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا نەچووبوو بۆ ئەحمەدئاوا».

هەر دوێنێ فڕۆکەیەکی ئەمەریکی بەئاسمانی هـەورامـان‌و هەڵەبجەدا سـوڕاوەتـەوە بۆ بـەدواداچـوونـی ئەو هاوڵاتییە ئەمەریکییانەو لەلایەن حکومەتی هەرێمیشەوە کێوماڵی چیاکانی پشتی ئەحمەدئاوا کراوە.

دوێنێ کەناڵی تەلەفزیۆنی ئەلعالەم لەزاری حکومەتی ئێرانەوە بڵاویکردەوە کە حکومەت ئەو ئەمریکییانەی گرتووە لەبەرئەوەی چوونەتە سنووری وڵاتەکەیەوە.

# ڕێکخراوی یارمەتی گەلی نەرویج پێشێلکارییەکان دەستنیشاندەکات

جەمال ئیختیار

ڕێکخراوی یارمەتی گەلی نەرویج (NPA) ژمـارەیـەک پێشێلکاریی لـەهـەڵـبـژاردنـەکـانی پـەرلـەمـان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەخـاتـە بــەردەم کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.

لە راگەیەنراوێکی ڕێکخراوەکەدا هاتووە: (٢٣) تیمی (NPA) لە رۆژی هەڵبژاردندا سەردانی (٢١٠) بنکەی دەنـگـدانـیـان کـــردووە، لـە هەرسێ پارێزگای سلێمانی‌و دهۆک‌و هەولێر، ڕێکخراوەکە پێیوایە، کە ئەو هەڵبژاردنە هەنگاوێکی گەورە بووە بۆ گەشەپێدانی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان‌و بایەخی تایبەتیشی هەبووە بۆ عێراق‌و ناوچەکەو بوونی لیستی جیاواز لەو کێبڕکێیەداو کەشی ئارام کە هەڵبژاردنی تیادا بەڕێوەچوو، ئاماژەی باشن.

لـەگـەڵ ئـەوەشـدا راگـەیـەنـراوی ڕێکخراوەکە بـاس لـەوە دەکـات: لە رۆژی هەڵبژاردندا چەند پێشێلکارییەکی بچووک روویانداوە کە پەیوەندییان بە سیستمی دەنـگـدانـەوە هەبووەو زۆر جێگای نیگەرانی نین‌و کار ناکەنە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، وەکو نیگەرانیی دەربارەی سیستم‌و شێوازی یارمەتیدانی کەسانی نەخوێندەوار لەکاتی دەنـگـدانـدا، قەدەغەکردنی مۆبایل‌و کەمیی زانـیـاریـی ستافی بنکەکانی دەنگدان‌و ئەو کەموکورییانە بەرز دەکرێنەوە بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق لەگەڵ رێنمایی پێویست بۆ چاککردنیان.

هاوکات راگەیەنراوەکەی ڕێکخراوی (NPA) باس لە کۆمەڵێک پێشێلکاریی جدی دەکـات کە زیاتر لە پارێزگای دهـۆک روویـانـداوەو ئەو نیگەرانییە دروسـتـدەکـات کە هـەوڵـدرابـێـت بۆ کارتێکردنی ئەنجامەکان بە پێچەوانەی رێنماییەکانەوە، کە بریتین لە دەنگدان بەبێ ناسنامە، خەڵکانێک کە چەند ناسنامەیان لە ناو بنکەکانی دەنگداندا هەڵگرتبوو.

ئەو ڕێکخراوە باسی لەوەکردووە کە ئەو نیگەرانییانە بەرزدەکرێنەوە بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی بە جدی سەرنجیان پێبدرێت.

ڕێکخراوی (NPA) یەکێک بووە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە بە ناوبانگەکان کە لە چوارچێوەی بەرنامەی یارمەتی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان، چاودێریی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێم‌و پەرلەمانی کوردستانی کردووە.

ڕێکخراوی یارمەتی گەلی نەرویج لە (١٩٩٥)ەوە لە هەرێمی کوردستانەو لە بواری هەڵگرتنەوەی مین، هۆشیاریی دیموکراتی، کۆمەڵی مەدەنی‌و چەندین بواری دیکەدا کاردەکات.



فۆتۆ: دلێر عەبدولخالق

# ـــیچ لایەنو کەسێک نییە»

بکات، بۆ ئەوەی لانیکەم ئەگەر بەشێکی ئەو بەرنامەیەشیان بۆ جێبەجێ نەکرا، خەڵک بزانێت کێ دژی بەرنامەکەیان بووە.

ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن وەک چۆن لە لێدوانی بەرپرسانی لیستی دوو حزبیی دەسەڵاتداریش بۆ راگەیاندنە نێودەوڵەتییەکان جێگەی سەرسورمانەو تووشی شۆکی کـردوون، هاوکاتیش چاودێرانی دیکەی هەرێمیش ئاماژە بە راچڵەکاندنی دەســەڵاتو گرنگی ئەو پەیامە دەکەن کە خەڵک لەم هەڵبژاردنەدا گەیاندیانە دەسەڵات.



عەلی کەریم بەڕێوەبەری ئەنستیوتی کـوردسـتـان بـۆ مـافـەکـانـی مـرۆڤ، پێیوایە دووەم ئاماژەی هەڵبژاردنەکە «راچڵەکاندێکی گەورەبوو بۆ دەسەڵاتی سـیـاسـیو دوو حـیـزبـەکـە»، بـەوەی خۆشەویستیو دەنگی خەڵکێکی زۆری ئەم هەرێمەیان لەدەستداوەو ناتوانن وەک جاران بەناوی هەموانەوە قسە بکەن. وتیشی: دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان لەو پەیامە گەیشت دەنگی خەڵک بۆ ئەوان نییە هەتا هەتایە، بەڵکو «ئەگەر هێزی دیکە هەبێتو هەڵبژاردنەکان بە پاکی بەڕێوەبچنو چاودێری لەسەر هەبێت، ئەگەری پاشەکشێی هێزە گەورەکان زۆر نزیکە».

هـــاوڕا لـەگـەڵ بـۆچـوونـەکـانـی عەلی کەریم، شـۆڕش ئەمین پێیوایە، «دەســەڵات دەبێت بەخۆیدا بچێتەوە، دوای ئـەوەی ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی لە سنووریدا (٥١٪)ی دەنگەکان بهێنێت، شـەقـام لـەگـەڵ ئۆپۆزسیۆندایەو لە داهاتووشدا مومارەسەی راستەقینەی لەسەر شەقامەکان دەردەکـەوێـت». شۆڕش لەقسەکانیدا ئاماژە بە جیاوازی هەڵسوکەوتی دەســەڵاتو ئۆپۆزسیۆن دەکاتو لەومیانەشدا ئامادەیی خەڵک بۆ پێشوازی لەهێزی ئۆپۆزسیۆن بەنموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت: «لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، جیاوازی ئۆپۆزسۆن لەگەڵ دەسەڵات ئەوە بوو، کە دەسەڵات لەڕێی شوێنە حکومیو حیزبییەکانەوە خەڵکی کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی بانگەشەیان بۆ بکەن، بەڵام ئۆپۆزسیۆنو گۆڕان بێ ئەوەی بە خەڵک بڵێن کۆببنەوەو وەرنە سەرجادە، شەقامەکانیان دەتەنی».

د.کامەران بـەرواری کە مامۆستای زانـکـۆی دهـۆکـەو دانـیـشـتـووی ئەو شارەیە پێیوایە؛ ئەگەر ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکان نەبوایە دوو حیزبی دەسـەڵاتـدار نەیاندەتوانی سەرکەوتن بە دەستبهێننو دەڵێت: «ئەگەر ئەمجارە هەڵبژاردن بکرێتەوە تەزویر نەکرێت، دوو حیزبەکە (٢٠٪)ی دەنگی هەرێم بەدەست ناهێنن، چونکە چەندین ساڵە سیاسەتێکی هەڵەیان پەیڕەو کـردووەو خەڵک ئەو پەیامەی پێدان کە گەلی کوردستانیان کردووەتە قوربانی بەرژەوەندییە حیزبیو کەسییەکانیانو دەبێت بگەڕێنەوە بۆ رای گشتییو رێز لە ئیرادەی میللەتی خۆیان بگرن».

لەگەڵ هەموو ئەو بۆچوونانەشدا فەرید ئەسەسەرد بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی یەکێتی، گەشبینە بە بەرەو پێشچوونی پرۆسەی دیموکراسیو بەهێزبوونی پەرلەمانو چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتو دەڵێت: «لە ئایندەدا دوو جۆر ئۆپۆزسیۆنمان دەبێت: یەکێکیان لەناو پەرلەمانو ئەویدیکەش لە دەرەوەی پەرلەمان، کە بریتی دەبن لەو حیزبانەی نوێنەریان هەیەو ئەوانەشی نەیانتوانیوە نوێنەر بنێرنە پەرلەمان، لە ئەنجامدا دەتوانین دەزگای دووەم کە یاسادانانە کارا بکەین، بەهۆی ئەو دەزگایەشەوە چاودێرێکی بە پەرۆش بۆ سەر دەزگای راپەڕاندن، کە حکومەتە دروست دەبێت».

# ـــــی پەرلەمـــان چی بێت؟


زانا رۆستایی


گێلاس محێدین

بۆ بەدواداچوونی داهاتی گەندەڵکاران دابمەزرێت تا رێگە لە دەوڵەمەندبوونی نـاڕەوا بگیرێت، وتیشی: «پێویستە پەرلەمانی داهـاتـوو پرۆژەیاسای ئاسایشی هەرێم دەربکات، کە تائێستا نـازانـرێـت ئـەو دەزگـایـە سـەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە یان وەزارەتی ناوخۆ، هاوکات یاسای رێگرتن لە مەسەلەی قۆرغکاری بازرگانیو یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیو یاسای دیاریکردنی مافی کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان زۆر پێویستن کە لە خولی سێیەمی پەرلەماندا گرنگیان پێبدرێت».

## پەرلەمانتاران لە چ یاسایەکی پەسەندکراو ناڕازین؟

ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان بە یاسایەک داوە کە لەکاتی دەرچوونی یاساکەدا (بە وتەی خۆیان) شارەزاییەکی تـەواویـان لەسەری نەبووەو دواتر پەشیمان بوونەتەوە.

سەردار هەرکی، تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تا ئەوەندەی پێیکرابێت هەوڵیداوە کە نوێنەری گەل بێتو هەر یاسایەک لە بەرژەوەندی هاوڵاتییاندا نەبووبێت دەنگی پێنەداوە، بەڵام لە دەنگدانی بە یاسایەک پەشیمانەو دەڵێت: «یاسای بەکرێدان کە لەکاتی خۆیدا دەنگم پێدا، بەڵام دواتر پەشیمان بوومەوەو دەمزانی کە دەبوایە ئەو یاسایە بەشێوەیەکی باشتر دابڕێژرێت تا خزمەتی زیاتر بەخەڵکی هەژار بکات، بەتایبەت ئەو پێوەرەی کە دامانناو بۆ گۆڕینی کرێکان کە زۆر دیراسەمان نەکرد، هیوادارم کە پەرلەمانی داهاتوو دەستکاریی ئەو یاسایە بکات».

هاوکات زانا رۆستایش لەدەنگدانی بەدوو یاسا پەشیمانەو دەڵێت: «یاسای ژمارە (١)ی پەرلەمانی کوردستان، کە هەر دوای سێ رۆژ لە سوێندخواردنمان لە پەرلەمان خرایە بەردەستمان کە دەرفەتی گفتوگۆمان کەم بوو، هاوکات یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیش کە لە ئەنجامی رێککەوتنی سیاسی یەکێتیو پارتی هاتبوو، هەم دەرفەتی گفتوگۆو هەم شارەزاییەکی ئەوتۆشمان نەبوو کە نەدەبوو بەوشێوەیە بوایە».


لـەبـەرئـەوە زانـــا بەپێویستی دەزانێت کە پەرلەمانتارانی خولی سێیەم رۆشنبیرییەکی یاسایی ئەوتۆ پەیدابکەن تا لە هیچ کارێکیان پەشیمان نەبن.

هـــاوکـــات بـــە بـــڕوای پەخشان زەنگەنەش «پەرلەمانتارانی خولی دووەم ئـەزمـوونـێـکـی ئەوتۆیان لەبەردەستدا نـەبـووە»، لەبەرئەوە دەشـێـت کە دەنگیان بە یاسایەک دابـێـتو دواتـــر لێی پەشیمان بن، وتیشی: ناتوانم دیاریبکەم کە دەنگم بە چ یاسایەک داوە، کە نەدەبوو دەنگی پێبدەم، بەڵام بەگشتیی تێبینیم لەسەر زۆربـــەی یاساکان هەیە کە دەکـرا پێداگریی زیاترم لەسەر بکردایە.

## «باپەرلەمانتاران خۆیان بەشتی لاوەکییەوە خەریک نەکەن»

لەپەیامێکیدا بۆ پەرلەمانتارانی خولی سێیەمی پـەرلـەمـان، ئارێز عەبدوڵڵا دەڵێت: «ئومێدم وایە کە پەرلەمانتاران بەزۆریی پێ لەسەر ئەو یاساو بڕیارانە داگرن کە زۆرتر گرنگن، چونکە لە خولی دووەمـی پەرلەماندا خۆمان بەچەند شتێکەوە خەریک دەکرد کە لاوەکیەو گرنگی کەمترە، هاوکات شتی لەوە گرنگتر هەبوو کە بـەداخـەوە ئێمە دوامـان دەخست».

## پێت باشە یەکەم یاسا کە پەرلەمان پەسەندی بکات چی بێت؟



کاوە حەمە سدیق ئیبراهیم، مامۆستا؛ ئەو یاسایەی کە بەلای منەوە زۆر گرنگە یەکەمجار پەرلەمان پەسەندی بکات، پرۆژەیاسایەک بێت بۆ گەنجان، یاخود ئەو یاسایانەی کە لیستو قەوارە سیاسییەکان بۆ گەنجان لە بەرنامەی لیستەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە ببرێنە پەرلەمانو جێبەجێیان بکەن، ئەمە بەلای منەوە زۆر گرنگە.



بەهمەن جەبار محەمەد، مامۆستا؛ باشترین یاسا یەکەمجار دەربچێتو بۆ هەلومەرجی ئێستای کوردستان لەبار بێت، یاسای زەویوزارە، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی زۆر ناعەدالەتی زەوی دابەشکراوە بەسەر خەڵکدا، هەیە زیاد لە جارێک زەوی وەرگرتووە، خەڵکانێکیش هەیە زۆر بێبەشن، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی لە کوردستاندا دروستکردووە، کە کێشەی نیشتەجێبوونە.




عەلی عوسمان؛ پێم باشە یەکەم یاسا کە پەرلەمان پەسەندی بکات بواری خزمەتگوزارییو چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوونو هاوکاریکردنی گەنجان بێت، بۆئەوەی بتوانن پرۆسەی هاوسەرگیریی بەئەنجام بگەیەنن، ئەویش بە دابینکردنی خانوو یان شوقە بێت، دابینکردنی پێشینەی هاوسەرگیرییو چەندین خزمەتگوزاریی دیکە بۆ گەنجان.



عەبدوڵڵا رەسوڵ؛ من وەک گەنجێک پێم باشە یاسایەکی تایبەت بە گەنجان پەسەندبکرێتو بتوانرێت داواکارییەکانیان جێبەجێبکرێت، بۆئەوەی چیتر گەنجان ئاوارە نەبن، وڵاتەکەیان جێنەهێڵنو روو لە هەندەران بکەن، یاسایەکی تایبەت بە نیشتەجێبوون دابنرێتو چەندین یەکەی نیشتەجێبون دروستبکرێتو بە قیست بدرێت بە گەنجان.



سامان محەمەد حەسەن؛ یەکەم یاسا کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی بکات پێم باشە یاسای دادی کۆمەڵایەتیو یاسای رێکخستنەوەی مووچەکان بێت، لەبەرئەوەی ئێستا جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان مووچەکاندا، پێداچوونەوەیەک بە مووچەدا بکرێتەوە لەبەرزترین مووچەوە تا کەمترین مووچەو سەرلەنوێ بەیاسایەک رێکبخرێتەوە.



خەندە عوسمان، خوێندکار؛ بە بڕوای من یەکەم یاسا کە پەرلەمانی داهاتووی کوردستان گرنگیی پێبداتو پەسەندی بکات، یاسایەکی تایبەت بێت بە گەنجانو ئاوڕێک لە گەنجان بدرێتەوەو شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابینبکاتو لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا پشتگوێ نەخرێنو پەرە بە چالاکیو ئارەزووەکانیان بدرێت.

## هەڵبژاردن چی گۆڕی؟

# «ئەم هەڵبژاردنە سەلماندی، جەماوەر موڵکی هـ

دلێر عەبدولخالق

بە بڕوای چاودێران و هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گۆڕانێکی نەوعی لەژیانی سیاسی هەرێمدا هێناوەتەدی، هاوکاتیش دروستکردنی هێزی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لە هەرێم و داماڵینی ئەو پیرۆزیانەی پێشتر سەرکردەو حیزبە گەورەکان بە بەرگی خۆیاندا دابڕیبوو، لە دەرهاویشتە گەورەکانی هەڵبژاردن.

سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی خورقات و ساختەکارییانەی چاودێرانی هەڵبژاردن لە سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک تۆماریانکردووەو ئاماژەی پێدەکەن، بردنەوەی لیستی دوو حیزبەکە (کوردستانی) بە قۆناغێکی سەخت و دژوار و هەستیاردا تێپەڕی، هەروەک لیستی ئۆپۆزسیۆنیش توانی ببێتە لیستی دووەم و متمانەی قەبارەیەکی گەورەی جەماوەری هەرێمی بۆ خۆی کێش بکات.

عەلی کەریم بەڕێوەبەری ئەنستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لەبارەی گرنگی ئەو هەڵبژاردنەو دەرئەنجامەکانی پێیوایە، «گۆڕانێکی نەوعی و گرنگ» لەژیانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بەرجەستەبووە، بەوپێیەی ئۆپۆزسیۆن بووەتە هێزێکی ڕاستەقینەی گەورەو کاریگەر کە بەشداری لەژیانی سیاسیدا دەکات و پەنجە دەخاتە سەر زۆر لەو هەڵسوکەوت و چالاکیانەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم دەیانکات، لەو ڕووەوە دەڵێت: «خەڵک ئەمجارە وتیان تەنیا پارتی و یەکێتی لە گۆڕەپانەکەدا نین، بەڵکو بە تەنیا ناشتوانن کاریگەرییان هەبێت، واتە لە هەرێمدا تەنیا مەسعود بارزانی نییە کە سەرۆکایەتی هەرێم دەکات، بەڵکو (٣٠٪)ی دەنگی ئەم هەرێمە، دەڵێن د.کەمال میراودەلیش دەتوانێت سەرۆکایەتی هەرێمەکە بکات».

بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی یەکێتیش ئاماژە بە گرنگی ئەم هەڵبژاردنە دەکات و گرنگیەکەش لەوەدا چڕ دەکاتەوە کە «بناغەیەکی پتەوی بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆن بە بەرگێکی یاسایی و بە چەترێکی یاسایی داڕشت».

فەرید ئەسەسەرد بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی یەکێتی دەڵێت: «ئێمە پەرلەمانێکمان هەبوو نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی بەتەواوی جێبەجێ بکات، بەڵام پێموایە پەرلەمانی داهاتوو پەرلەمانێکی کاراتر دەبێت و دەتوانێت بەشێکی زۆری ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، چونکە ئەم هەڵبژاردنە بناغەیەکی پتەوی بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا داڕشت، ئەو بناغەیەش لە بەرگ و چەتری یاسایی بەڕێوەچووە».

بە بڕوای بەشێکی دیکە لە چاودێران، ئەم هەڵبژاردنە بە «گەورەترین گۆڕان» لە سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستاندا چڕ دەبێتەوەو هاوکاتیش جگە لەوەی ڕووخانی دیواری ترس لەدەسەڵاتی لێکەوتەوە، هەموو قودسییەت و پیرۆزییەکانی سەرکردەو حیزبەکانیشی ڕاماڵی.

د. کامەران بەرواری مامۆستای زانکۆی دهۆک بڕوای وایە، «گەورەترین گۆڕان لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستان بوو»، بەوپێیە وەک ئەو وتی: کورد وەک میللەتێکی خاوەن شۆڕش و خەبات و ماندوو کە «ماوەیەک بوو ئیرادەی تەسلیمی چەند کەس و هێزێک کرابوو، لەم هەڵبژاردنەشدا ئەوە ڕوون بووەوە، کە مرۆڤی کورد ئامادەیە دەست لە دەستکەوتە مادی و تایبەتی و حیزبییەکانی خۆی هەڵبگرێت بۆ دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانی و گشتییەکان» وتی: «شکاندنی ئەو دیواری ترسەی دەسەڵات دروستیکردبوو، کە ئەگەر ئەوان نەبن چارەنووسی خەڵک کوشتن و مردنە، ئەوە ڕووخا، هاوکاتیش ئەو قودسییەت و پیرۆزییەی حیزب و سەرکردەکانی بۆ خۆیان دروستیان کردبوو، کە مرۆڤی موقەدەسن و گەورەترو بەرزترن لە خەڵک ئەوەش نەماو دەرکەوت کەسی ئاساییین».

بەوتەی د.کامەران بەرواری: لە ئەزموونی هەڵبژاردنی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەو ژمارەی زۆرەی کەمال میراودەلی وەک سەرۆکی هەرێم هەڵبژارد، ئەوەی ڕوونکردەوە، لە هەرێمدا کەسی دیکەش هەیە دەتوانێت سەرۆکی هێز و حیزب و هەرێم بکات، واتە ئەوەی پیرۆزە نیشتمان و نەتەوەو میللەتەو هیچ بنەماڵەو حیزب و کەسێک پیرۆز نین.

هەڵسوڕاوێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش ئاماژە بەوە دەکات، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان سەلماندی خەڵک پێویستی بەهێزێکی ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆن هەیەو ئەو بیروڕایەش کاڵبووەوە، کە پێیانوابوو جەماوەرو خەڵک موڵکی دوو حیزب و چەند سەرکردەیەکن و جگە لەو هێزانە لایەنی دیکە ناتوانن مومارەسەی سیاسەت بکەن.

شۆڕش ئەمین هەڵسوڕاوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پێیوایە، گۆڕانکاری گرنگ لەم هەڵبژاردنەدا ئەوەیە کە دەرکەوت جەماوەر موڵکی هیچ کەس و حیزبێک نییە، بەڵکو بەدوای هێزێکی گرنگ و خزمەتگوزاردا دەگەڕێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتر دەسەڵات و بەشێک لە خەڵک پێیانوابوو ئەوەی دەتوانێت سیاسەت بکات هەر ئەو دوو حیزبەو سەرکردەکانیانن، بەڵام ئەم گۆڕانە سەلماندی خەڵک هێزی ئۆپۆزسیۆنی کاریگەری دروستکردووەو پێویستە ئەو هێزە مومارەسەی ڕاستەقینەی کاری ئۆپۆزسیۆنیی خۆی بکات. وتیشی: جەماوەر هی ئەو دەسەڵات و کەسەیە کە ڕاستگۆیەو بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت و سەروەت و سامانی نادزێت، بۆیە لە داهاتوودا ئەرکی لیستی گۆڕان قورسە، بەوەی دەبێت شەڕ لەسەر بەرنامەکەی



# پێویستە کارە گرنگەکانی خولی سێیەم

شارا عەبدولڕەحمان

ئەندامانی خولی دووەمی پەرلەمان ئاماژە بەچەند کارێکی گرنگ دەکەن کە لە خولی سێیەمدا ئەندامانی پەرلەمان لەسەرەتای کارەکانیاندا دایبنێن و بەپێویستی دەزانن کەخۆیان بە «کاری لاوەکییەوە» خەریک نەکەن وەک ئەوەی هەندێکجار لەخولی دووەمدا دەکرا.

### کارە گرنگەکان چی بن؟

پەرلەمانتار، سەردار هەرکی، ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمان، بەباشی دەزانێت کە کاری سەرەکی خولی سێیەمی پەرلەمان بریتیبێت لە پێداچوونەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێیوایە «ئەو یاسایە کەموکورتییەکی زۆری تێدایە» بەتایبەت لە (کۆتا)ی نەتەوەکان و وتی: «پێویستە کورسی کۆتاکانی مەسیحی و تورکمان لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بێت و دیاریکراو نەبێت وەک ئەوەی ئێستا هەیە، بەڵکو لە یاساکەدا ئاماژە بەوە بکات کە بۆ دەنگدانی گشتیی هەر (١٧) هەزارو کورسییەک بێت و بۆ نەتەوەکانیش هەر دوو یان سێ هەزار دەنگ بەرامبەر بە کورسییەک بێت، بۆئەوەی ئەوانیش مافی خۆیان وەرگرن و بەوپێیە بێنە پەرلەمانەوە».

ئەو ئەندامەی پەرلەمانی پێشوو بەپێویستی دەزانێت کە پەرلەمانی داهاتوو گرنگیەکی تایبەتی بدات بە کاروباری کشتوکاڵ و زەویوزار، بەشێوازێک کە خاوەن زەوییەکان زەرەرمەند نەبن و گرنگیدانەکەش بەزۆری باشترکردنی کەرتی کشتوکاڵ بگرێتەوە.

هاوکات گێلاس محێدین، پەرلەمانتاری خولی دووەمی پەرلەمان، گرنگترین بابەت کە بەپێویستی دەزانێت کە پەرلەمانی داهاتوو لە پێشەوەی دابنێت، مەسەلەی ڕێگرتنە لە دەرکردن و نانبڕینی خەڵک لەسەر بیروڕای جیاواز، وتیشی: ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین کە دەسەڵاتدارەکانی بەردەوام باس لە دیموکراتیەت و ئازادیی ڕا دەربڕین دەکەن، لەکاتێکدا لەماوەی ڕابردوودا بینیمان کە لەسەر بیروڕای جیاواز ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان نانبڕاوکران، بۆیە پێم باشە کە خولی سێیەمی پەرلەمان یاسایەک بۆ ئەو مەبەستە دەربکات و چیتر ڕێگە نەدرێت یاری بە مافەکانی مرۆڤ بکرێت، هاوکات کاربکرێت بۆ گەڕانەوەی کەسە دەرکراوەکان بۆ سەر کارەکانیان.


لەلایەکی دیکەوە ئەندامانی پەرلەمانی پێشوو پێیانوایە، کە کاری ئەم خولەی پەرلەمان زۆر قورسەو پەرلەمانتاران ئەرکێکی گرانیان لەسەر شانە.

پەرلەمانتار پەخشان زەنگەنە دەڵێت: لە پرۆسەی دەنگدانی خەڵکەوە، پەرلەمانتارانی خولی سێیەمی پەرلەمان دەبێت بزانن کە «ئەرکێکی گرانیان» لەسەر شانە، کە دەبێت ئەولەویەتی کارەکانیان گەڕانەوەی متمانەی خەڵک بێت بە دامەزراوەکانی دەسەڵات، ئەمە جگەلەوەی دەبێت ئەو بڕوایە بە حکومەتیش بهێنێت کە حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستانە، بەوانەشەوە کە دەنگیان پێ نەداوە، ئەمەش لەڕێی گەڕانەوەی بەها جوانەکانەوە دەبێت.


زەنگەنە پێیوایە، کوردستان چەندین کێشەی ئابووری و وەبەرهێنانی تێدایە کە پێویستە پەرلەمانی داهاتوو گرنگییان پێبدات، ئەمە جگە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پێویستە لە بواری پەروەردەو زانکۆکان و ئەو کەسانەدا بکرێت کە خوێندن تەواو دەکەن و دەکەونە سەر جادە، لە بواری چینی چەوساوەو ژینی ژنان و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکاندا کە دەبێت و «دڵنیاشم کە ئەندامانی پەرلەمان لەئاست ئەو بەرپرسیارێتییە گەورانەبن».

بە بڕوای پەرلەمانتار جەمال محەمەد پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا، دەبێت کاری سەرەکی پەرلەمان بێت «پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کۆن بووەو پێویستی بەدەستکاریکردن هەیە، لەبەرئەوە کاری گرنگی پەرلەمانی داهاتوو دەبێت پێداچوونەوە بێت بەو پەیڕەوەدا».

هەرچەندە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکیدا، ئاماژەی بەوە کردووە کە پەرلەمانی داهاتوو ناتوانێت دەستکاری دەستووری هەرێمی کوردستان بکات، کە لەماوەی بەسەرچووی خولی دووەمی پەرلەماندا پەسەند کراوە، ئازیز عەبدوڵڵا، بەپێویستی دەزانێت کە خولی داهاتووی پەرلەمان کاری سەرەکی پێداچوونەوەی دەستوور بێت پێش ئەوەی بخرێتە ڕیفراندۆمەوە، وتیشی: «جگە لە دەستوور پێویستە ئەندامانی پەرلەمان زۆر ئاگاداری بودجەی هەرێم بن».


ئازیز عەبدوڵڵا


پەخشان زەنگەنە


سەردار هەرکی


تاڤگە محەمەد

### یەکگرتوو و کۆمەڵ بۆچوونیان یەکە

بە بڕوای پەرلەمانتارانی یەکگرتوو کۆمەڵی ئیسلامیی، لە خولی دووەمی پەرلەماندا «پێویستە پێکهێنانی لیژنەی نەزاهە لە کارە گرنگەکانی پەرلەمانی داهاتوو بێت».

زانا ڕۆستایی، پەرلەمانتار لەسەر لیستی کۆمەڵ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێویستە هەر دوای پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت، یەکەم کاری پەرلەمان پێکهێنانی لیژنەی نەزاهە بێت بۆ چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت».

هاوکات تاڤگە محەمەد، پەرلەمانتار لەسەر لیستی یەکگرتوو، بە باشی دەزانێت کە پێکهێنانی دەستەی نەزاهە

# ریفۆرمیستەکانی کوردستان هیوایان بە گۆڕان هەیە

**جەمال ئیختیار**

هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥) لە کوردستان کاریگەریی گەورەیان لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەبێت، بەوەی کە ئایا کوردستان هەنگاوێکی سەرەتاییانە دەنێت بەرەو دیموکراسیبوون یان لە میانەی هەڵبژاردنێکی دزراوی دیکەدا هەڵدەخلیسکێتە ناو دیکتاتۆرییەتێکی سەرۆکایەتییەوە.

(ویکلی ستاندارد) لە بابەتێکدا بە قەڵەمی جێری وێنبێرگێر تیشک دەخاتە سەر هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی لە (٢٥)ی تەممووزدا دەنووسێت: هەڵبژاردنی کوردستان کاریگەریی زۆری لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەبێتو یەکلاکەرەوە دەبێت لە نێوان ئەوەی کە ئایا کوردستان بەرەو مودێلێکی دیکتاتوری سەرۆکایەتی دەڕوات یان هەنگاوی یەکەم بەرەو دیموکراسیبوون دەنێت.

(وێنبێرگێر) دەنووسێت: ئاسایشو دیموکراسی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا لە بەرەوپێشچووندانو هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە عێراق بە پاکو بێگەردیی بەڕێوەچوونو تیایدا کاندیدەکان بە تەندروستی ڕکابەرییان دەکردو بەڕێوەچوونەکە بە جۆرێک بوو کە تاکە کاندیدەکان وەڵامدەرەوە بوون لەبەردەم دەنگدەراندا، شتەکان هەمووی شەفافنو ئەوەش خزمەتی سەقامگیریی عێراقو بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لەو وڵاتەدا دەکات، بە هەمانشێوەش دەبێتە هۆی سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا.

دەربارەی کوردستان وێنبێرگێر دەنووسێت: شتەکان لە کوردستان بە باشی نایەنە بەرچاو، ئەگەر ساختەکارەکان بڕۆن بۆ زیندان، کەس نامێنێتەوە کە حکومەت بەڕێوەبباتو هاوڵاتییان ئاگایان لەو بڕیارو مەسەلانە نییە کە لە ژوورە تاریکەکاندا دەربارەی نەوتو مەسەلەکانی دیکە دەدرێن «لە ڕۆژئاوا، کوردستان وەکو چرایەک بینراوە بۆ دیموکراسی لە ناوچەکەدا، بەڵام من گومانم هەیە لەوەی کە هەیکەلی بینا بەرزەکان لە سلێمانی ئاماژەی بەرەوپێشچوونی ئابووری بن‌و هیچ وانییە. ئەوانە تەنیا کۆمەڵێک پاساون بۆ ناردنی پارەو فەندە گشتییەکان بۆ گیرفانی بەرپرسە حیزبییەکان».

بەگوێرەی بۆچوونەکانی ئەو نووسەرە هۆکاری کەموکوڕیی دیموکراسی لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ گەندەڵی (یەکێتیو پارتی)، ئەو دوو حیزبەی لە (١٩٩٨)ەوە لە دوای شەڕی ناوخۆ ناوچەکەیان بەڕێوەبردووە، «ئەو دوو پارتە لەسەر مۆدیلی سۆڤیەتی پێشوو دانراون‌و مەکتەبی سیاسییەکی بەهێزیان هەیە کە لەسەرەوە شتەکان دەسەپێنێت، پارتی زۆر کۆنەپارێزترەو خزمخزمێنەی زۆری تێدایەو لەلایەن کەسانی خاوەن موڵکو سەرۆک خێڵەکانەوە پشتگیریی لێدەکرێتو یەکێتی پێکهاتەیەک بووە لەسۆسیالیستەکان‌و خەڵکانی پێشکەوتنخواز کە تا ئێستاش ستراکتۆرێکی نەرمتری لە پارتی هەیە».

ئەو دوو پارتە لە ڕێگەی تۆڕی خۆیانەوەو لە مەکتەبی سیاسییەکانەوەو لە ڕێگەی حکومەتەوە کاریگەری دەکەنە سەر هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە بە ئابووری، کۆمەڵگەی مەدەنی‌و هەموو لایەنەکانی دیکەو لە هەر چوار کوردێکدا یەکێکیان مووچەخۆری حکومەتە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)دا تەزویری زۆر کراو، لەو کاتەوە لە ناو یەکێتیدا بە سەرکردایەتی کەسی دووەمی ئەو حیزبە کە نەوشیروان مستەفایە، ئۆپۆزسیۆنێکی جدی سەریهەڵداو دەکرێت لە جۆری جلپۆشینە سادەکەیان‌و ژوورە سادەکانیان کە پڕن لە کتێب متمانە بە ڕاستگۆیی ئەوان بکرێت کە لیستەکەیان ناوی گۆڕانە، گۆڕان لیبراڵەو گرنگیدەدات بە بایەخەکانی کۆمەڵگەی ئازاد لەهەموو ڕوویەکەوە، بە تایبەتی کەرتی تایبەت.

کاتێک گۆڕان ڕایگەیاند کە حکومەت هەموو مانگێک (٣٥) ملیۆن دۆلار دەداتە هەریەکە لەپارتیو یەکێتی، وەڵامی وەزیری دارایی تەنیا ئەوە بوو کە ڕێگەی پێنەدراوە لەسەر ئەو مەسەلەیە لێدوان بدات.

گۆڕان باوەڕی بە ڕێزگرتن لە هەندێک دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی هەیەو پێیوایە، کە دەبێت مەسەلەی کەرکوک لەچوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بکرێت، لە کاتێکدا «حیزبەکانی دیکە لەو بوارەدا دووفاقیی زۆریان هەیە».

بەسەدان کەس لە لایەنگرانی گۆڕان کە زۆریان بەرپرسی باڵان، لە شوێنەکانیان دەرکراون، ئەو دوو حیزبە کۆنترۆڵی میدیایان کردووەو هەڕەشەیان کردووە بەوەی بودجەی ڕادیۆیەکی سەربەخۆ کە بە پاڵپشتی ئەمریکا دانرابوو، ببڕن، ئەگەر لە هێڵی ئەوان لابدات، پارتە سەرەکییەکان کۆنترۆڵی پۆلیس، میلیشیاو دەستە نهێنییەکانیان کردووەو لەوانەیە هۆکاری ئەوەی کە لیستی گۆڕان متمانەی بە کۆمسیۆنی باڵا نییە، ئەوەبێت کە سەرۆکی باڵای کۆمیسیۆن لە بەغدا کەسێکی سەر بە بارزانییە.

پەرلەمانی کوردستان جگە لەوەی دەرفەتی داوە بەو (بارزانی) بۆ هەشت ساڵی دیکە، دەستووریان بە جۆرێک گۆڕیوە کە دەسەڵاتی زۆری داوە بە سەرۆکو ڕۆڵی پەرلەمان لاوازدەکاتو سیستمی پەرلەمان تێکدەداتو بەرەو سەرۆکایەتی دەیبات.

هەروەها نووسیویەتی: «مەسعود بارزانی هەموو شتێک دەکات بۆئەوەی زوو ئەو دەستوورە تێپەڕێنێتو ئەگەر موناقەشە کەمتر بکرێت لەسەر دەستوورەکە ئەوا چانسی تێپەڕاندنی زیاتر دەبێت».




# ئاو، پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق بەرەو ئاڵۆزی دەبات

**ئارام شێخ وەسانی**

**سەرکەوت لەتیف**

سەرەڕای بەڵێنەکانی، تورکیا ئاوی پێویست بۆ عێراق ڕەوانە ناکات، بەم هۆیەشەوە زیانی گەورە بە عێراق دەگاتو نەتەوەیەکگرتووەکانیش داوای وەستاندنی بەشێک لە پرۆژەکانی گاپی تورکی دەکات، ژمارەیەک کۆمپانیای ئەوروپیش لە پرۆژەی گاپ کشانەوە، پرۆژەکەش زیانی گەورە بە هەرێمی کوردستانو عێراق دەگەیەنێت.

سەرەڕای واژووکردنی چەندین ڕێککەوتنی دوولایەنەو یاداشتی لێکتێگەیشتن لەنێوان عێراقو تورکیا، تائێستا کێشەی کەمکردنەوەی پشکی ئاوی عێراق لە ڕووباری دیجلەو فورات بەردەوامە، فارس حاجی ئیبراهیم بەڕێوەبەری بەشی پلاندانان لە بەڕێوەبەرێتی ئاوی دهۆک دەڵێت: «بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوەوە ئێستا پرۆژەی چەمبەرەکات کە ئاو لە دیجلەوە بۆ دهۆک دەگوازرێتەوە، سوودی ئەوتۆی نەماوە، بەڵام پرۆژەی ستراتیژیی هەیە کە ئاوی زیاتر بۆ دهۆک تەرخاندەکات، هەروەک ئاماژە بەوە دەکات، «ئەگەر پرۆژەی گاپی تورکی بەتەواوەتی کۆتایی بێت، ڕەنگە ئەم پرۆژەیەش چارەسەری کێشەی ئاوی دهۆک نەکات، دەبێت ئەوکات پەنا بۆ بەشی دووەمی پرۆژەکە ببەین».

لە دوایەمین سەردانیدا بۆ تورکیا، تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، ڕێککەوتنێکی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا واژووکرد بەمەبەستی زیادکردنی پشکی ئاوی عێراق، بەڵام تورکیا بەڵێنەکانی جێبەجێنەکرد، بەم هۆیەشەوە وەزارەتی سەرچاوە ئاویەکانی عێراق لە ڕوونکردنەوەیەکیدا ڕایگەیاند: بەهۆی کەمیی ئاوی دیجلەو فوراتەوە «زیانی زۆر» بە کشتوکاڵی عێراق گەیشتووە، داوایکرد لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتییەوە کێشەکە یەکلاییبکرێتەوە.

سەرەڕای زیانەکانی بۆسەر عێراق، پرۆژەی گاپی تورکی زیانی گەورەش بە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا دەگەیەنێت، بەتایبەت بەنداوی ئەلیسو کە دەبێتەهۆی ژێرئاوکەوتنی شاری حەسەنکێف، کە شارێکی مێژووییە، بەم هۆیەوە ساڵی ڕابردوو یەکێتی ئەوروپا نیگەرانی خۆی لەم کارەی تورکیا خستەڕوو، هەریەک لە وڵاتانی نەمساو سویسراو ئیسپانیا کۆمپانیاکانی خۆیان لەو پرۆژەیە کشاندەوەو داوایان لە تورکیا کرد پرۆژەی بەنداوی ئەلیسو بووەستێنێت، هەروەها ڕێکخراوی یونیسێفی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانیش ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە دروستکردنی بەنداوی ئەلیسو ڕاگەیاندو دوای لە تورکیا کرد پرۆژەکە بووەستێنێت.

لە کاردانەوەیەکیشدا حکومەتی تورکیا دووپاتیکردەوە کە بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکەیو بڕی (١٥) ملیار دۆلاری بۆ پرۆژەکە تەرخانکردووە، لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی حوریەت نووسیویەتی: پێدەچێت پرۆژەی گاپو کەمبوونەوەی پشکی ئاوی عێراق لە ڕووبارەکانی دیجلەو فورات ئاڵۆزی بخاتە نێو پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق، بەوپێیەی هەردوو وڵات لەسەر کێشەی پەکەکەو مەسەلەی کەرکوک لێکنزیکن، بەڵام کێشەی ئاو ڕەنگە ئەو پەیوەندییانە ئاڵۆزبکات.

# وەڵامێکی سادە بۆ دادوەرە بەڕێزەکەی کاندید لە لیستی کوردستانی

**م. سەرگوڵ مستەفا ئەحمەد***

شەوی (٢٩/٢٨ی /٢٠٠٩/٧) بەڕێز حاکم ڕزگار لە شاشەی تەلەفزیۆنی کوردستانەوە پاساوی بۆ ئەو ڕەخنانە هێنایەوە کە من لە بەرنامەیەکی (دیداری تایبەت)ی کەناڵی KNN دا ئاماژەم پێداوە، سەبارەت بەوەی کەخۆ کاندیدکردنەکەی بەڕێزی بۆ لیستی کوردستانی نایاساییە، بەپێی یاساپێویستە وازی لەکاری دادوەری بهێنایە بەرلەخۆکاندیدکردنی، پاساوی حاکم ئەوەبوو کە هێشتا نەبووە بە پەرلەمانتار، وتیشی: یاساکان ڕێ لە دادوەر دەگرن کە لەگەڵ کاری دادوەریدا کارێک یان پۆستێکی تری هەبێت، وەکو بەڵگەش ئاماژەی بە چەند دەقێکی یاسایی یاسای ژمارە (٢٣)ی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان _ عێراق دا، لەگەڵ دەستووری عیراق ....

بەڕێز کاک حاکم من دەقی ئەو یاسایەی سەرەوەو دەستووری عێراقیشت وەک خۆیو بەزمانی عەرەبی دەخەمە پێشچاو، چونکە دڵنیام بەڕێزتان باشتر لە هەر کەس لەو دەقە یاساییانە سەر دەردەکەن، پێش ئەوەش دوو بنەمای یاسایت بیردەخەمەوە، ئەویش (مبدُ حیاد القاضی) و(مبدء الخاص یقید العام) کەناوەڕۆکی ئەو مادانەی خوارەوەن:

(((مادەی (٢٥) من القانون السلگە القچائیە لرقلیم کوردستان –عراق (٢٠٠٧)

**(أولآ: یلتزم القاضی بمایأتي:**

**١.المحافضة علی کرامة القضاء بألتزام الحیدة والنزاهة والأبتعاد عن کل مایبعث الریبة في أستقامته ٢......٣...)**

**ثانیاَ: یحظر علی القاضی أشتغال بالعمل الحزبي ولایجوز له الترشیح لأنتخابات للمجلس الوطنی أو الهیئات المحلیة أو التنظیمات السیاسیة الابعد تقدیم أستقالته)**

کاتیکیش باسی دەستووری عێراقت کردووە، وەکو بەڵگە ، ئەوە وەک هەمان شێوەی پێشوو دەقەکەیت دەخەمە پێشچاو ئەویش بەم شێوەیەیە..

مادەی (٩٨) الفقرە(٢)دستور العراق(٢٠٠٥) :(یحظر **علي القاضي وعضو الادعاء العام مایأتي:الأنتماء الی أی حزب أو منظمة سیاسیة أو العمل في أی نشاط سیاسي)**

کاک حاکم وابزانم دەقەکە زۆر ڕوونە وە ئەگەر **(الأنتماء)** بۆ حیزبیکی سیاسی قەدەغەبیت بۆ بەڕێزت ئەوە خوپاڵاوتن بۆپرلەمان لەسەر لیستی دووحزب (من باب أولی ) قەدەغەیە وە ئەم دەقەی سەرەوە (کاک فرهاد حاتم) کە داواکاری گشتییەو کاندیدە بۆ لیستی کوردستانی دەگرێتەوە.

کەواتە پاڵاوتنتان بەپێی یاسای تایبەت بە داوەرەکان کە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) ساڵی (٢٠٠٧)و بەپێی دەستووری عێراق، کە باڵاترین یاسایە لە وڵاتدا پوچەڵە...

وە ئەگەر ڕێنماییەک یان یاسایەکی نوێ دەرچووەو لە چەکمەجەی لیستی دەسەڵاتدا هەڵگیراوەو ئێمە بێ ئاگاین لێی وە ڕێگەیش بە بەڕێزتان دەدا ببن بە کاندید ئەوە بە هەمان شێوە پوچەڵە بەپێی مادەی (١٣) لە دەستووری عێراق، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**(لایجوز سن قانون یتعارض مع هذا الدستور ویعد باطلا کل نص یرد في الدساتیر الأقالیم او أی نص قانون أخر یتعارض معه)**

بەرلەوەی بەڕێزیشت بگەڕێیتەوە لە سەفەرو ئەو پاساوە بدەیت سۆزان شیهاب کە وتەبێژی لیستی دەسەڵاتە لە سایتی PUKMEDIA وەڵامێکی ئاستنزمی بۆ من ناردبوو، وەک پیشەی هەمیشەیی وتەکانی پڕ بوو لە قسەی ناشیرین‌و جنێو تاگەیشتە ئەو ڕادەیەی منی تاوانبار کرد کە هیچ لە یاسا نازانمو لەلایەن خۆشیەوە وەک دادوەر بڕیاری بەندکردنی منی دا بۆ ماوەی پێنج ساڵ.....لەبەر ئاستنزمی وتەکانی وەڵامی ئەو وتەبێژەم نەدایەوە، بەڵام پاساوەکانی بەڕێزت کاک حاکم ئازاریدام بەوپێیەی یەکێک بوویت لەو مامۆستایانەی کە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی وانەی دادو سەروەریی یاسات فێرکردووم، ئێستاش هەر وەک مامۆستایەکم داواکارم دەقی ئەو مادانەی سەرەوە بۆ سۆزان شیهابو هەموو ئەو کەسانە شیبکەیتەوە، کە گومان لە دڵیاندا چەکەرەی کردووە، شیکردنەوەی مادەکان وەک ئەوەی کە هەیە، نەک وەک ئەوەی کە لیستی دەسەڵات دەیەوێت.

***مامۆستای یاسا لە کۆلێژی یاساو ڕامیاری زانکۆی سلێمانی– خوێندکاری دکتۆرا لەیاسای تایبەت لەزانکۆی سلێمانی**

# ده‌نگدانه‌وه‌ی میدیا

REUTERS Hürriyet WSJ.com Les Echos الأهرام The Economist CNN THE CHRISTIAN SCIENCE MONITOR AFP BBC TIME

## UN داوا له‌ كۆمسیۆن ده‌كات به‌هه‌موو سكاڵاكاندا بچێته‌وه‌

شاڵاو فه‌تاح

نێرده‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان له‌ عێراق (یونامی) داوا له‌ كۆمسیۆنی باڵای سه‌ربه‌خۆی هه‌ڵبژاردنه‌كان ده‌كات، لێكۆڵینه‌وه‌ له‌سه‌رگشت سكاڵاكانی پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردنی هه‌رێمی كوردستان بكات، بۆ سه‌لماندنی شه‌فافییه‌تی هه‌ڵبژاردنه‌كه‌و رۆژنامه‌ی (زه‌ ناشناڵ)یش سه‌رهه‌ڵدانی لیستی گۆڕان له‌م هه‌ڵبژاردنه‌ی هه‌رێمی كوردستاندا به‌ «بومه‌له‌رزه‌ی سیاسی» وه‌سفده‌كات.

**یونامی له‌ سایتی ره‌سمیی نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كانه‌وه‌** پیرۆزبایی سه‌ركه‌وتنی هه‌ڵبژاردنه‌كانی له‌ كوردستان كردو داوای له‌ گشت قه‌واره‌ سیاسییه‌كانیش كرد كه‌ ئارام بن تا ئه‌نجامی كۆتایی هه‌ڵبژاردنه‌كان راده‌گه‌یه‌نرێت‌و داوای له‌ كۆمسیۆنیش كرد كه‌ به‌گشت سكاڵاكاندا بچێته‌وه‌ بۆئه‌وه‌ی شه‌فافیه‌تی هه‌ڵبژاردنه‌كه‌ بسه‌لمێنرێت. یونامی له‌ پیرۆزباییه‌كه‌ی خۆیدا خۆشحاڵه‌ به‌ به‌شداریكردنی ژماره‌یه‌كی زۆر له‌ خه‌ڵكی كوردستان به‌تایبه‌ت ره‌گه‌زی مێینه‌، بۆ ئه‌زموونكردنی مافی خۆیان له‌ ده‌نگدان. دواتر یونامی نووسیویه‌تی: «ئه‌گه‌ر كۆمسیۆنی باڵا به‌ سكاڵاكاندا بچێته‌وه‌و ئه‌نجامه‌كان به‌ ره‌سمی رابگه‌یه‌نێت، ئه‌وا یونامی دڵنیاده‌بێت له‌ پاكی هه‌ڵبژاردنه‌كان». دواتر یونامی داوا له‌ چاودێران ده‌كات كه‌ به‌رده‌وامبن له‌ چاودێریكردنی جیاكردنه‌وه‌ی ده‌نگه‌كانی پرۆسه‌ی ده‌نگدانی تایبه‌ت‌و به‌دوای سكاڵاكانیشدا بچن تا ده‌بنه‌ هۆی ئه‌وه‌ی ئه‌نجامێكی باوه‌ڕپێكراو دروستببێت، له‌ كۆتاییدا یونامی پشتگیریی خۆی بۆ پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كان له‌ عێراقدا دووپاتده‌كاته‌وه‌و عێراقییه‌كانیش دڵنیاده‌كاته‌وه‌ كه‌ ئه‌وان ئاماده‌ن پشتگیریی ته‌كنیكی پێشكه‌ش به‌ كۆمسیۆنی باڵا بكه‌ن.



فۆتۆ: هیوا جه‌مال

**باڵیۆزخانه‌ی ئه‌مریكاش** به‌هه‌مانشێوه‌ی یونامی پیرۆزبایی سه‌ركه‌وتنی هه‌ڵبژاردنه‌كانی له‌ كوردستان كردو داوای له‌ قه‌واره‌ سیاسییه‌كانیش كرد ئارامبگرن تا دوا ئه‌نجام راده‌گه‌یه‌نرێت، باڵیۆزخانه‌كه‌ پشتگیریی وڵاته‌كه‌ی بۆ پێشخستنی پرۆسه‌ی سیاسی له‌ عێراقدا دووپاتكرده‌وه‌و داوای له‌ قه‌واره‌ سیاسییه‌كانیش كرد كه‌ چاوه‌ڕوان بن تا كۆمسیۆنی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌كان به‌ گشت سكاڵاكاندا ده‌چێته‌وه‌.

**ئاژانسی هه‌واڵی رۆیته‌رز** له‌ راپۆرتێكدا له‌ژێر ناوی «چۆن هه‌ڵبژاردنی كوردستان كاریگه‌ریی بۆ عێراق ده‌بێت؟» پاش باسكردنی ئه‌وه‌ی ده‌نگه‌كانی لیستی گۆڕان زۆربه‌ی ده‌نگی چینی مامناوه‌ندی خوێنده‌وار بووه‌، كه‌ داوای هه‌لی كاركردن‌و حكومه‌تێكی باشتر ده‌كه‌ن، دێته‌ سه‌ر باسكردنی په‌یوه‌ندییه‌كانی حكومه‌تی هه‌رێم‌و ناوه‌ند له‌دوای هه‌ڵبژاردنه‌كان، رۆیته‌رز باس له‌وه‌ ده‌كات، كه‌ هه‌ڵوێستی حكومه‌تی ناوه‌ندو هه‌رێم نه‌گۆڕه‌ له‌باره‌ی شاری ده‌وڵه‌مه‌ند به‌نه‌وتی كه‌ركوك، هه‌رچه‌نده‌ سه‌ركه‌وتنی ئۆپۆزسیۆن وای له‌ ده‌سه‌ڵاتی كوردی كردووه‌ كه‌ بیر له‌ كێشه‌ ناوخۆییه‌كان بكاته‌وه‌، ئه‌مه‌ش به‌ڕای یوست هیڵته‌رمان له‌ گروپی قه‌یرانی نێوده‌وڵه‌تی «لایه‌نی كوردی به‌رامبه‌ر كێشه‌ی كوردی لاوازده‌بێت»، به‌ڵام وه‌ك رۆیته‌رز ده‌ڵێت هه‌ڵبژاردن ئه‌ڵته‌رناتیڤێكی سیاسی بۆ كوردستان دروستكرد، كه‌ ده‌توانن له‌به‌رامبه‌ر كێشه‌ی ناشه‌فافیه‌ت‌و گه‌نده‌ڵی به‌كاریبهێنن وه‌ك هێنری جه‌ی باركی، شیكاروانی سیاسی ئاشتی جیهانی ده‌ڵێت: «به‌م بێداربوونه‌وه‌یه‌ كورده‌كان به‌ ده‌سه‌ڵاتیان وت ده‌بێت به‌رپرسیارانه‌تر مامه‌ڵه‌ بكه‌ن».

**رۆژنامه‌ی زه‌ ناشناڵ** راپۆرتێك له‌ژێر ناوی «سه‌ركه‌وتنی ئۆپۆزسیۆن له‌ كوردستان» بڵاوده‌كاته‌وه‌، تێیدا لیستی گۆڕان به‌ «بومه‌له‌رزه‌یه‌كی سیاسی» له‌ كوردستان ناوده‌بات، چونكه‌ نه‌خشه‌ی سیاسی له‌هه‌رێمدا گۆڕی، دواتر له‌سه‌ر زاری هاوڵاتییه‌كه‌وه‌ زه‌ ناشناڵ ده‌ڵێت: «ئیشی په‌رله‌مان ئه‌وه‌یه‌ یاسا ده‌ربكات‌و چاودێریی ده‌سه‌ڵات بكات له‌ جێبه‌جێكردنیدا، به‌ڵام په‌رله‌مانی پێشوو ئه‌م ئه‌ركه‌ی جێبه‌جێ نه‌كرد، دڵنیاین ئه‌م په‌رله‌مانه‌ جیاوازده‌بێت‌و زۆر چالاك ده‌بێت له‌ چاودێریكردندا». زه‌ ناشناڵ له‌كۆتایی راپۆرته‌كه‌یدا پێیوایه‌، كه‌ بوونی ئۆپۆزسیۆن له‌ ئێستای هه‌رێمدا زۆرباشه‌، چونكه‌ «وا له‌ ده‌سه‌ڵات ده‌كات هه‌ڵه‌كانی راست بكاته‌وه‌»، چونكه‌ ئه‌گه‌ر ئۆپۆزسیۆن نه‌بوایه‌ ئه‌وا «حیزبه‌ ده‌سه‌ڵاتداره‌كان له‌سه‌ر هه‌مان رێگا ده‌ڕۆیشتن».

**سایتی «ئیراكی ئۆیڵ ریپۆرت»** له‌ راپۆرتێكدا ده‌رباره‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كان باس له‌ جیاوازیی ئه‌م هه‌ڵبژاردنه‌و هه‌ڵبژاردنه‌كانی پێشووتر ده‌كات‌و پێیوایه‌، ئه‌م هه‌ڵبژاردنه‌ هه‌لێكی گه‌وره‌ی دا به‌ كورده‌كان تا نوێنه‌ره‌ راسته‌قینه‌كانی خۆیان هه‌ڵبژێرن، دواتر سایته‌كه‌ له‌ به‌شێكی راپۆرته‌كه‌یدا باس له‌ ئه‌و ساخته‌كارییانه‌ ده‌كات كه‌ له‌ هه‌ڵبژاردنه‌كانی كوردستاندا كران، له‌سه‌ر زاری یه‌كێك له‌ ئه‌ندامانی كۆمسیۆنی باڵا كه‌ نه‌یویستووه‌ ناوی خۆی ئاشكرا بكات باس له‌ چۆنێتی ساخته‌كارییه‌كانی لیستی ده‌سه‌ڵات ده‌كات، دواتر دێته‌ سه‌ر باسی ئه‌وه‌ی كه‌ حكومه‌تی به‌غدا چاوه‌ڕوانی ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌كانه‌و ده‌یه‌وێت له‌گه‌ڵ حكومه‌ته‌ نوێیه‌كه‌ی هه‌رێمدا مامه‌ڵه‌بكات، هه‌رچه‌نده‌ چاوه‌ڕوانی گۆڕان له‌ سیاسه‌تی هه‌رێمدا به‌رامبه‌ر ناوچه‌ جێناكۆكه‌كان ناكرێت.

**سایتی (ریانۆڤست)** له‌باره‌ی كاریگه‌ریی هه‌ڵبژاردنه‌كانی كوردستان بۆ سه‌ر عێراق راپۆرتێك بڵاوده‌كاته‌وه‌ له‌ژێر ناونیشانی «كورده‌كان نایانه‌وێت ده‌وڵه‌تێكی سه‌ربه‌خۆ بنیادبنێن». له‌ راپۆرته‌كه‌دا ئاماژه‌ به‌ قورسیی بنیادنانی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆ له‌لایه‌ن كورده‌كانه‌وه‌ ده‌كرێت، له‌ راپۆرته‌كه‌دا هاتووه‌ كه‌ هه‌ڵبژاردنه‌كانی هه‌رێمی كوردستان هیچ كاریگه‌رییه‌كیان بۆ سه‌ر سه‌ربه‌خۆیی كوردستان نابێت‌و ده‌ڵێت: «هه‌ڵبژاردنه‌كانی كوردستان هه‌رێمین‌و كاریگه‌رییان بۆسه‌ر عێراق نابێت». ریانۆڤست پاش باسكردنی رۆڵی هه‌رێمی دراوسێكانی عێراق له‌ كێشه‌ ناوخۆییه‌كانی وه‌ك كێشه‌ی كه‌ركوك‌و نه‌وتدا، باس له‌وه‌ ده‌كات كه‌ كوردستان ده‌یه‌وێت له‌چوارچێوه‌ی عێراقدا بمێنێته‌وه‌و سه‌ربه‌خۆیی ناوێت.

**ئاژانسی ئاشووری نێوده‌وڵه‌تی** ده‌نووسێت: «سه‌ركه‌وتنی لیستی گۆڕان ئه‌وه‌ ده‌رده‌خات كه‌ ره‌خنه‌كان له‌ ده‌سه‌ڵاتی هه‌رێمی كوردستان زۆر جدیین، دوای وه‌رگرتنی پۆستی ره‌مزیی سه‌رۆك كۆماری له‌ عێراق له‌لایه‌ن جه‌لال تاڵه‌بانی، سكرتێری گشتیی یه‌كێتییه‌وه‌، پارسه‌نگی هێز له‌ هه‌رێمدا له‌نێوان یه‌كێتیی نیشتمانیی كوردستان‌و پارتی دیموكراتی كوردستان تێكچوو، هێزێكی زۆری به‌خشیه‌ مه‌سعود بارزانی، سه‌رۆكی پارتی، دوای سه‌ركه‌وتنی لیستی گۆڕانیش ئه‌م پارسه‌نگیه‌ زیاتر ده‌گۆڕێت.

## «گۆڕان‌و چوار حیزبه‌كه‌، ئه‌نجامه‌ به‌راییه‌كانی هه‌ڵبژاردن قبوڵناكه‌ن»

محه‌مه‌د ساڵح حه‌مه‌لاو

**رۆژنامه‌ی شه‌رقولئه‌وسه‌ت** له‌ زاری سه‌رچاوه‌یه‌كه‌وه‌ كه‌ نه‌یویستووه‌ ناوی ئاشكرابكرێت، ئاماژه‌ی به‌وه‌كردووه‌، به‌رهه‌م ساڵح، پۆستی سه‌رۆكی حكومه‌تی هه‌رێمی پێنادرێت، هه‌مان سه‌رچاوه‌ جه‌ختیشی له‌سه‌ر ئه‌وه‌كردووه‌ته‌وه‌ كه‌ پۆستی سه‌رۆكی حكومه‌تی داهاتوو بۆ نێچیرڤان بارزانی ده‌بێت.

ئه‌وه‌ له‌كاتێكدایه‌ به‌پێی رێككه‌وتننامه‌ ستراتیژییه‌كه‌ی نێوان یه‌كێتی‌و پارتی پێویسته‌ ئه‌مجاره‌ ئه‌و پۆسته‌ بۆ یه‌كێتی بێت، به‌ڵام به‌هۆی نه‌بوونی باڵانسی ده‌نگه‌كان‌و دۆڕاندنی یه‌كێتی له‌پارێزگای سلێمانی، چاوه‌ڕوانده‌كرێت ئه‌و رێككه‌وتنه‌ هه‌ڵبوه‌شێنێته‌وه‌.

فه‌رید ئه‌سه‌سه‌رد، ئه‌ندامی سه‌ركردایه‌تی یه‌كێتی له‌لێدوانێكیدا بۆ شه‌رقولئه‌وسه‌ت ئاماژه‌ی به‌وه‌كردووه‌ كه‌ «رێككه‌وتنه‌ ستراتیژییه‌كه‌ی نێوان یه‌كێتی‌و پارتی له‌چوارساڵی ئاینده‌ زیاتر تێپه‌ڕناكات».

ئه‌سه‌سه‌رد، پێشیوایه‌ پارتی له‌هه‌ڵبژاردنه‌كانی چوارساڵی داهاتوودا به‌ لیستێكی جیاواز به‌شداریی هه‌ڵبژاردنه‌كان بكات، چونكه‌ به‌شێك له‌ ئه‌ندامانی پارتی هاوڕان له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا كه‌ پارتی سه‌ربه‌خۆ به‌شداریی هه‌ڵبژاردنه‌كان بكات، به‌ڵام له‌پێناو هێشتنه‌وه‌ی رێككه‌وتننامه‌ ستراتیژییه‌كه‌دا بارزانی ئه‌و داوایه‌ی ئه‌ندامانی ره‌تكردووه‌ته‌وه‌.

**سایتی ئه‌سواتلعێراق** له‌سه‌ر زاری محه‌مه‌د حه‌كیم، ئه‌ندامی مه‌كته‌بی سیاسی كۆمه‌ڵی ئیسلامییه‌وه‌ بڵاویكردووه‌ته‌وه‌، له‌ كۆبوونه‌وه‌ی هاوبه‌شی هه‌رچوار سه‌ركرده‌كه‌ی لیستی خزمه‌تگوزاری‌و چاكسازی‌و سه‌ركرده‌ی لیستی گۆڕاندا بڕیاردراوه‌ ئه‌نجامه‌ به‌راییه‌كانی ئێستا به‌مشێوه‌یه‌ی ئێستا قبوڵ نه‌كه‌ن.

حه‌كیم، وتیشی ئه‌وان ئیدانه‌ی ئه‌وهێرش‌و په‌لاماردانانه‌ ده‌كه‌ن كه‌ له‌چه‌ند رۆژی رابردوودا كراونه‌ته‌ سه‌ر باره‌گاكانی كۆمه‌ڵ‌و یه‌كگرتوو و لیستی گۆڕان له‌ده‌هۆك‌و هه‌ولێر كه‌ «سوكایه‌تی به‌ئه‌ندامان‌و لایه‌نگرانیان كراوه‌».

**سایتی مه‌له‌فپرێس** بڵاویكردووه‌ته‌وه‌، وێڕای بوونی رێككه‌وتننامه‌یه‌كی ستراتیژی له‌نێوان یه‌كێتی‌و پارتیدا، دوای راگه‌یاندنی ئه‌نجامه‌ به‌راییه‌كانی هه‌ڵبژاردنه‌كانی هه‌رێمی كوردستان، به‌ڵام تائێستا پۆستی سه‌رۆكی حكومه‌تی هه‌رێم له‌نێوان ئه‌ودوو حیزبه‌دا یه‌كلایی نه‌كراوه‌ته‌وه‌، به‌ڵام لای خۆیه‌وه‌، د.فوئاد مه‌عسوم ئه‌ندامی مه‌كته‌بی سیاسی یه‌كێتی، ئاماژه‌ی بۆ ئه‌وه‌كردووه‌ كه‌ ئه‌و پۆسته‌ بۆ یه‌كێتییه‌و به‌رهه‌م ساڵح ته‌نیا كاندیده‌ بۆ وه‌رگرتنی پۆستی سه‌رۆكی حكومه‌تی داهاتوو.

فوئاد مه‌عسوم ئه‌وه‌شی راگه‌یاندووه‌، دوای كۆبوونه‌وه‌ی سه‌ركردایه‌تی هه‌ردوو حیزب، به‌رهه‌م ساڵح راده‌سپێردرێت بۆ پێكهێنانی كابینه‌ی حكومه‌تی داهاتوو.

**تۆڕی هه‌واڵی به‌غدا** له‌سه‌ر زاری نه‌وشیروان مسته‌فاوه‌ بڵاویكردووه‌ته‌وه‌ «به‌شداریكردنی لیستی گۆڕان له‌په‌رله‌ماندا وه‌ك هێزێكی ئۆپۆزسیۆن گوڕوتینێك ده‌به‌خشێته‌ ئه‌و په‌رله‌مانه‌و لیسته‌كه‌ی ئه‌ویش په‌رله‌مان ده‌كاته‌ په‌رله‌مانێكی ئاكتیڤ» نه‌وشیروان مسته‌فا، ئاماژه‌ی به‌وه‌شكردووه‌ رازی نییه‌ له‌ ئه‌نجامه‌ به‌راییه‌كانی هه‌ڵبژاردنه‌كان‌و چاوه‌ڕێ ده‌كات كۆمسیۆن لێكۆڵینه‌وه‌ بكات له‌و سكاڵایانه‌ی له‌باره‌ی ساخته‌كارییه‌كان ئاراسته‌ی كۆمسیۆن كراون.

سه‌رۆكی لیستی گۆڕان جه‌ختی له‌سه‌ر ئه‌وه‌شكردووه‌ته‌وه‌، كه‌ لیسته‌كه‌ی پابه‌ند ده‌بێت به‌و به‌ڵێنانه‌ی له‌كاتی پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كاندا به‌ هاوڵاتییانیانداوه‌و وه‌ك خۆشی ئاماژه‌ی پێكردووه‌ یه‌كه‌م كاری لیسته‌كه‌ی ئه‌وه‌ ده‌بێت كه‌ ئه‌و هاوڵاتییانه‌ی به‌هۆی لایه‌نگرییان بۆ لیستی گۆڕان، له‌كاره‌كانیان دوورخراونه‌ته‌وه‌و نزیكه‌ی هه‌زار كه‌سێك ده‌بن بیانگێڕێته‌وه‌ بۆ سه‌ركاره‌كانی پێشوویان.

**نووسه‌رێكی سیاسی گۆڤاری به‌غداد** پێیوایه‌ «هێوربوونه‌وه‌ی وتاره‌كه‌ی نه‌وشیروان مسته‌فاو به‌یاننامه‌ی لیسته‌كه‌ی ئه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێت نه‌وشیروان مسته‌فا رازی ده‌بێت به‌و ئه‌نجامه‌ ره‌سمییانه‌ی كه‌بڕیاره‌ كۆمسیۆنی باڵا ده‌رباره‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كانی هه‌رێمی كوردستان رایانبگه‌یه‌نێت» به‌پێی لێكدانه‌وه‌ی ئه‌و نووسه‌ره‌ «ئه‌و رازیبوونه‌ی نه‌وشیروان مسته‌فا له‌پێناو به‌شداریكردنی لیسته‌كه‌ی دێت له‌په‌رله‌مانی داهاتووی كوردستان‌و بینینی رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێكی به‌هێز له‌سه‌ر گۆڕه‌پانی سیاسی كوردستان».

نووسه‌ره‌كه‌ی گۆڤاری به‌غدا ئاماژه‌ی به‌وه‌شكردووه‌، چاوه‌ڕوانده‌كرێت لیسته‌كه‌ی نه‌وشیروان مسته‌فا له‌گه‌ڵ لیستی چاكسازی‌و خزمه‌تگوزاری هاوپه‌یمانی پێكبهێنێت‌و پۆستی جێگری سه‌رۆكی حكومه‌ت‌و چه‌ند وه‌زاره‌تێكیان به‌ربكه‌وێت.

**سایتی نیقاش** له‌سه‌ر زاری د.شاهۆ سه‌عید وته‌بێژی لیستی گۆڕان بڵاویكردووه‌ته‌وه‌، لیستی گۆڕان به‌شداری پێكهێنانی حكومه‌تی داهاتوو ناكات، به‌ڵكو وه‌ك ئۆپۆزسیۆن له‌ناو په‌رله‌ماندا رۆڵی خۆی ده‌گێڕێت.

لیستی خزمه‌تگوزاری‌و چاكسازیش تائێستا بڕیاریان له‌وه‌ نه‌داوه‌ كه‌ ئاخۆ به‌شداری پێكهێنانی حكومه‌ت ده‌كه‌ن یاخود وه‌ك ئۆپۆزسیۆن ده‌مێننه‌وه‌.

له‌وباره‌یه‌وه‌ زانا رۆستایی ئه‌ندامی سه‌ركردایه‌تی كۆمه‌ڵی ئیسلامیی به‌نیقاشی راگه‌یاندووه‌ «لیستی خزمه‌تگوزاری‌و چاكسازی دواتر بڕیار له‌سه‌ر ئه‌وه‌ده‌دات كه‌ به‌شداری حكومه‌ت بكات یاخود وه‌ك ئۆپۆزسیۆن بمێنێته‌وه‌».

رۆستایی باس له‌وه‌ش ده‌كات، ئه‌وان مه‌رجیان هه‌یه‌ بۆ به‌شداریكردن له‌حكومه‌تداو «ده‌بێت شه‌ریكی راسته‌قینه‌ی حكومه‌تبن ورۆڵیان هه‌بێت له‌بڕیاردانداد».

له‌به‌رامبه‌ردا مه‌حمود محه‌مه‌د، ئه‌ندامی مه‌كته‌بی سیاسی پارتی و كاندیدی دووه‌می لیستی كوردستان رایده‌گه‌یه‌نێت «لیستی كوردستانی قبوڵ ناكات لیستێك یان لایه‌نێك به‌شێك بێت له‌حكومه‌تداو هاوكات ئۆپۆزسیۆنیش بێت».

ئه‌و كاندیده‌ی لیستی كوردستانی ئه‌وه‌شی روونكرده‌وه‌، لیستی خزمه‌تگوزاری‌و چاكسازی هه‌رچه‌نده‌ له‌حكومه‌تدا به‌شداربوون، به‌ڵام هاوكات ره‌خنه‌یان له‌ حكومه‌ت ده‌گرت، بۆیه‌ «له‌مه‌ودوا رێگه‌نادرێت به‌وشێوازی به‌شداریكردنه‌ له‌حكومه‌تدا».

# ـــــــژاردن گۆڕانکـــاریی تێدا بکرێت

**کارەکانی خۆیان دەرکـران، ئەوە تا چەند ڕێگەپێدراوە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا؟**

– ئـەم سـتایـلـەم لـە ڕژێـمـە تۆتالیتارییەکاندا بینیوە کە بە هـەڕەشـە دەنـگ پـەیـدا بکرێت، چونکە ئەوە ١٠٠٪ پێچەوانەی بەها دیموکراسییەکانە، لە وڵاتانی کۆنی کۆمۆنیزم‌و مۆسۆلینی‌و نازیدا پەیڕەوکراوە.

*** کەواتە دەتوانرێت بوترێت، هەڵمەتی هەڵبژاردن لە کوردستان ئەو ماوەیەیە کە تیایدا دەنگدەر نـاچـاردەکـرێـت، نـەک ئـازادیـی لەبەردەمیدا فەراهەم بکرێت؟**

–لێرەدا وەکو چاودێرێکی سیاسی ئـەوروپـی وەڵامـدەدەمـەوە، نەک وەک چاودێرێکی ئەم هەڵبژاردنە، لە کوردستاندا (ی.ن.ک) زۆربەی هەڵبژاردنەکانی نـاوەوەی خۆشی لە ڕێگەیەکی دیموکراسییانەوە نەکردووە، لەبەرئەوە ئەو وێنەیەش کە بۆ دەرەوەی خۆی‌و بۆ خەڵکیشی دەگوێزێتەوە لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی نابێت.

*** پێشنیازت چییە بۆئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، چاودێرە ناوخۆیی‌و نێودەڵەتییەکان بەپێی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، زیاتر چالاک‌و کاریگەربن‌و ڕێگە بگرن لە خروقات؟**

– دەبێت پەیڕەوی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، هەڵبژاردن بەدووربگرێت لە دەستێوەردانی پارتە سیاسییەکانی کـوردسـتـان، چونکە بـەو حاڵەی ئێستاوە پارت‌و قەوارەکان دەتوانن دەسـتـێـوەردان بکەن لە شێوازی دەنــگـدان‌و کـاریـگـەریـی خـراپ دروسـتـبـکـەن لـەسـەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئـەوەی ئێستا لە سوودی حیزبی دەسەڵاتداریشدایە.

دەبـێـت خەڵکانی سـەربـەخـۆی کارا بچنە ناو کۆمسیۆنی باڵاوەو سـەرپـەرشـی هـەڵـبـژاردن بکەن، بۆ نموونە لە سوید ئەو کەسانە دەتوانن بچنە ئەو کۆمسیۆنەوە کە سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەکەن‌و سەلماندبێتیان دەیانەوێت پرۆسەی دیموکراسی لە سوێدا بەرەوپێشەوە بەرن‌و کار بۆ مافی مرۆڤ بکەن، ئەمەش دوو بنەمای گشتیی کارکردنە لەو کۆمسیۆنەدا.

هەروەها کۆمسیۆن پێشتر دەبێت کارمەندو چاودێرەکانی خۆی باش ڕابهێنێت‌و خولی تایبەتی کاریگەریان بۆ بکاتەوە بەر لەهەڵبژاردن، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن بە دەستێوەردان‌و خروقات.

دەبێت کۆمسیۆن دڵنیابێت کە فەرمانبەرەکانی سەر بە حیزبەکان نەبن، بەتایبەتی بەڕێوەبەری بنکەو ئەو کەسەی کە ئیشی ناسینەوەی ناسنامەی دەنگدەرە، چونکە خۆم بە دەستی خۆم دەنگدەرم گرتووە لە هەولێر دەنگیداوەو ناوەکەشی هەمان ئەو ناوە نەبووە کە دەبوایە دەنگی بدایە.

دەبێت ڕێگەنەدرێت بەچەکەوە خەڵک بچێتە نزیک یان ناو بنکەکانی دەنگدانەوە، چونکە من بە چاوی خۆم بینیم کە بەرپرسەکان بەخۆیان‌و پاسەوانەکانیانەوە چۆن بە چەکەوە دەچوونە ژوورەوە، هەر وەک چۆن دەمبینی کە لە هەولێر لە هەندێک لە بنکەکانی دەنگداندا، ژوورێکی تایبەت هەبوو خەڵک هاتوچۆی دەکـرد، دواتر بۆمدەرکەوت کە لەو ژوورەدا بەرپرسی حیزبی دادەنیشن، خەڵک بەتایبەت دەچوون بۆلایان.

*** پرسیارتکرد کە ئەو ژوورانە چین وا بەو شێوەیە خەڵک هاتوچۆیان دەکات لە بنکەکانی دەنگداندا؟**

– بەڵێ، هەندێکیان بەرپرسیاری حیزبی‌و ڕێکخراوەیی بوون‌و سەر بە کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردن نەبوون، بۆ هاوکاری کۆمسیۆن یـــان خـــســـتـــنـــەڕووی بـەڵـگـەو گفتوگۆکردن لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی بـــڵاوەمـــکـــردووەتـــەوە، ئـامـادەم مونازەرە بکەم لە کەناڵە حیزبی‌و حکومییەکانداو هەموو قسەکانم بە بەڵگەوە بخەمەڕوو.

ڕێبوار حەسەن
لە شاری سلێمانی لەدایکبووە.
دەرچووی زانکۆی سەلاحەدینە لە کوردستان.
ماجستێری لە بواری پاراستنی ژینگەو تەندروستیدا هەیە.
قوتابی دکتۆرا بووە لە مۆسکۆ، لە بواری پشکنینی نەوتدا.
(١١)ساڵە ئەندامی شارەوانیی شاری ستۆکهۆڵمە.
ســـاڵـــی(٢٠٠٨) چـاودێــری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ڕوسیا بووە.

**لە بانگەشەی هەڵبژاردندا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەر بە دەسەڵات بوون، زۆربەی میدیای دەوڵەت لەلایەن دوو حیزبی دەسەڵاتەوە بەکاردەهێنران بۆ خزمەتی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، جگە لەوەی کە پارەو چەک‌و مەنجەڵی تیڤاڵ‌و ماکسی.. دابەشدەکرا بەسەر خەڵکداو دەنگیان پێدەکڕییەوە، ئەوەش لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ساختەکارییەو ڕێگەپێدراو نییە، واتە تۆ خەڵک دەخەڵەتێنیت بە پارەو دیاری بۆ ئەوەی دەنگت بۆ بدات، ئەوەش کەمکردنەوەی بەهای دەنگی تاکی کوردییە، هەڵخەڵەتاندنی دیکەش هەیە، وەکو بەکارهێنانی فشاری دەروونی‌و هەڕەشە**

# ـــــــۆ چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان

لایەنی نێگەتیڤی‌و پۆزەتیڤی بخەمەڕوو.

١– بنکەی نەخۆشخانەی ڕزگـاری لە هەولێر.

لەم بنکەیەدانەخۆشەکان دڵیان خۆشکردم کە دەهاتن بەجلی نەخۆشییەوە دەنگیان دەدا، لە خەوشە خراپەکانیش ژمارەیەک نەخۆش بە نامەو تەئیدی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە دەهاتن دەنگیاندەدا.

٢– بنکەی بارزانی نەمر.

بوونی کەسی حیزبی لەناو بنکەکەدا، هەروەها هەندێک کەس بە وێنەو ڕیکلامی لیستی کوردستانی دەهاتن‌و دەچـوون لە ڕۆژی هەڵبژاردندا. هەندێک کەس بە ناسنامەی تایبەتی‌و فۆڕمی (١١١) دەنگیان دەدا، هەندێکجار لێپرسراوی بنکە نامەی پشتگیریی دەدا بە دەنگدەر بۆ ئەوەی دەنگ بدات، واتە ڕێسایەکی چوونیەک نەبوون بۆ هەموو بنکەکان. بەرپرسی ناسینەوەی هاونیشتمانان دەیانتوانی بڕیاربدەن.

٣– ئامادەیی هێمنی کوڕان.

لەناو بنکەکەدا کەسێک بە جلی کوردیەوە کاریدەکرد بۆ لیستی کوردستانی. ژمارەیەکی زۆر بە فۆڕمی (١١١) توانیان دەنگبدەن، بوونی کەسی لێپرسراوی حیزبی‌و لەناو بنکەی دەنگدان‌و هەندێکجار لەبەردەم بنکەکەدا دەبینران.

٤– بنکەی قوتابخانەی ئەحمەدی خانی.

بوونی میدیای هـەردوو حیزب لەناو بنکەی دەنگدان‌و چاوپێکەوتنیان سازدەکرد لەگەڵ لێپرسراوی بنکەکەدا.

٥– قوتابخانەی کوێستانی بنەڕەتی.

لەم بنکەیەدا نزیکەی (١٧٩) کەس دەنگیانداوە بەناو زیادکردنیان بە دەست لەناو لیستی دەنگداندا. من ئەمەم ئاگاداری لێپرسراوی بنکەکە کردو تەلەفۆنم کرد بۆ یەکێک لە ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵا (کاک سەردار عەبدولکەریم)، لە ئەنجامدا ئەوانی دیکە کە لە سەرەدا وەستابوون بڵاوەیان پێکرد...

ژمارەیەکی زۆریش بە فۆڕمی (١١١) توانیان دەنگبدەن، ئەمانە هەموو نزیکەی سـەعـات (١٧) ڕوویـــدا، نامەکەی من بەڕێوەبەری بنکە وەریگرت‌و منیش کۆپیەکم بۆ خۆم گلدایەوە، کەسێک دەنگی دا کە ساڵی (١٩٩٤) لەدایکببوو.

٦– ناوەندیی چناری کچان.

زیـادکـردنـی سەعاتی کۆتایی هیچ پاساوێکی نەبووە، لەوە دەچوو پیلانێکی پێشوەخت بێت‌و ڕێکخرابێت، چونکە ژمارەی دەنگدەران لە بنکەکاندا ئەوەندە زۆر نەبوو، کە پێویست بکات کاتەکەی بۆ زیادبکرێت‌و هیچ جەنجاڵی‌و قەرەباڵغییەک بەسەر بنکەکانەوە نەبووە کە منی لێبووم. ژمارەیەکی زۆر بە فۆڕمی زەرد دەنگیان دەدا، نزیکەی (٢٦) کەس ناویان نەبوو ناویان زیادکرا.

لێرە ژمارەیەکی زۆر بە فۆڕمی (١١١) دەنگیان دەدا. لە سەعاتی دوای (١٧)ەوە دەنگدەرانی لاوان زیادیکرد، ئەوەبوو بەڕێکەوت داوای هەویەم کرد لە کەسێک کە دەیویست دەنگبدات لێپرسراوی ناسینەوەی ناسنامە ڕێگەی پێدا کە ئیمزابکات، بنکەکەیان جیهێشت بەبێ ئـەوەی دەنگ بـدەن. هەر لەهەمان بنکەدا لێپرسراوی ناوچە زوو زوو دەهاتە بنکەکە...

بوونی میدیای هــەردوو حیزب لەناو بنکەی دەنـگـدان‌و چاوپێکەوتن لەگەڵ لێپرسراوی بنکەکە لەناو کەرتی ژمارەیەکدا.

(٧/٢٣) من لە سەعات (٨)وە لە مەڵبەندی دەنگدانی ناو نەخۆشخانە بووم، دوایش ڕوومکردە قوتابخانەی ئامادەیی ئەحمەدی خانی، تاکو نزیکەی سەعات (١:٣٠) دوایش چوومە مەڵبەندی قوتابخانەی کوێستان.

**دەرئەنجام:**

سەرەتا کەمێک زەحمەتبوو بزانرێت کە کاری دەنگدان چۆن دەکرێت کە ڕوومکردە بنکەی یەکەم زۆر بەڕێزەوە پێشوازیکرام، بەڵام هەر زوو پێیان‌وتم کە شوێنم ئەو کورسییەیەو نابێت بجولێم، ئەمەش دووبارە کرانەوەبوو بۆ من لە زۆربەی بنکەکاندا کە سەیری خـۆم‌و چـاودێـرانـم دەکـرد خۆم‌و چاودێرەکانی دیکەش وەکو قوتابی سەرەتایی لە قوتابخانەیەکی زۆر کلاسیکی کۆن دەهاتە بەرچاو کە نابێت بجولێین‌و دەبێت ئاقڵانە بە داخــوازی مامۆستای وانە بجولێینەوە، کرابوونە تەماشاکەرێکی پاسیڤ‌و ناچالاک، ئەم دیاردەیە تاکو لەکاتی ژماردنی دەنگەکانیش کە پێمانوترابوو دەبێت لە دوورەوە تەماشابکەین، نابێت نزیکببینەوە لە وەرەقەی دەنگدانیش.

یەکێکی دیکە لە چاودێرە نێودەوڵەتییەکان بە چاوی خۆی بینیویەتی کە کەسێک لە بری ناوێکی دیکە دەنگیداوەو مەرەکەبیش بە پەنجەیەوە بووە.

من سەرسامبووم بۆچی دەبێت کەسێک بە ناوێکی دیکە دەنگ بدات، لە یەکێک لە بنکەکانی هەولێر، ناوەندیی چناری کچان دەنگدەرێک داوای ناسنامەمان لێکرد، ناوی (ئارام ئەحمەد) بوو، بەڵام لە شوێنێکی دیکە ناوی (ئەحمەد خزر) بوو ئیمزایکرد، ئایا چەند کەس بەمشێوەیە دەنگیداوە؟

هەروەها لە قوتابخانەی کوردستان، نزیکەی (١٧٩) کەس ناویان بەدەستنووس زیـادکـرابـوو لە لیستی ئـەو کەسانەی دەنـگـدەدەن، ئایا چەند کەسی دیکە لە بنکەکانی دیکە ئەمەیان کرووە؟

ئایا فەرمانبەری ناو بنکەکان حیزبی بوون؟، کاری دەنگدانەکە مۆری ئەرکێکی حیزبی پـێـوەدیـاربـوو بـۆ دەنـگـدان، سەربازەکان، ئەفسەرەکانیان وەکو چاودێر لەبەردەم هۆڵی دەنگدان لەوێ بوون. گروپ گروپ بە پاس‌و سەیارە دەیانهێنان بۆ دەنگدان، هەندێک لەو کەسانە گوایە توانای نووسین‌و خوێندنیان نییە، بەڕێوەبەری هۆڵەکان یاخود، فەرمانبەرێکی دیکە لە تەنیشتییەوە دەوەستاو پێی دەوتـرا کە چۆن دەنگ بدەن، ئەوە جێی سەرنجە لە قوتابخانەی خانی لەم کارە زۆر دەبینران، هەروەها لە نەخۆشخانەش بە وەرەقەیەکی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە دەکرا نەخۆش دەنگبدەن، ئەمە دوو لایەن بوو، یەکەمیان دیمەنێکی جوان بوو کە نەخۆش بە بەرگی نەخۆشییەوە ڕوو دەکاتە دەنگدان‌و لایەنێکی دیکەی ئەوەیە کێ دەڵێت کە چۆن بە تەئیدێکی بەڕێوەبەر بتوانێت دەنگبدات.

لە قوتابخانەی کوێستان زیاد لە (١٧٩) کەس توانیان دەنگبدەن، بەبێ ئەوەی ناویان لەناو لیستی تۆمارکراودا هەبێت‌و بە دەست ناوەکان زیاد دەکـران، من لێرە فۆڕمی ژمـارە (١١٠)م پڕکردەوە وەکـو سکاڵا، بەڵام دوای وتیان تۆ نابێت سکاڵابکەیت، چونکە چـاودێـری دەرەوەیـــت، دەبێت ئیستمارەی (١١١) وەرگریت، بەڵام ئەوان ئەو ئیستیمارەیان لا نەبوو، وتیان ڕاپۆرت بنووسە، منیش ڕاپۆرتی خۆمم نووسی‌و بەڕێوەبەری مەڵبەندەکە ئیمزایکرد، ئەوە سەیرە کە نوێنەری لیستی کوردستانی داوایەکی زۆری لێدەکردم کە من هیچ شکات نەکەم.

لێپرسراوی ڕێکخراو زوو زوو دەهاتە ناو بنکەکەوەو چاودێری لیستی کوردستانی بانگدەکردو دوایی بڵاوەیان دەکرد (پیاوێکی قـەڵـەوبـوو)، بانگی چـاودێـری لیستی کوردستانی دەکرد.



کوژاندنەوەی مەرەکەبی دەنگدان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا فۆتۆ: AP

# ڕێبوار حەسەن، چاودێری نێودەوڵەتی:
# دەبــێت کــۆمــســیــۆنی بــاڵای هەڵبـــ



سازدانی: بەرهەم عومەر

**ڕێــــبــــوار حـــەســـەن، وەکـــو چاودێرێکی نێودەوڵەتیو نوێنەری ڕێکخراوی فرەکەلتوری سویدی بەشداری هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)ی کردو دەڵێت: «لە زۆربەی بنکەکانی هەڵبژاردندا لە هەولێر، ژوورێک هــەبــوو کــە بــەرپــرســی حزبیو ڕێکخراوەیی تـێـدابـوو، خەڵک هاتوچۆی دەکرد، لەکاتێکدا هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەوە نەبوو».**

*** بــۆچـــی چـــاودێـــرە نێودەوڵەتییەکان پاش هەڵبژاردنە پەرلەمانیو سەرۆکایەتییەکەی کوردستان هەڵسەنگاندنی خۆیان بە یەکگرتوویی ڕانەگەیاند؟**

- ئێمە فریانەکەوتین لەگەڵ سەرجەم چاودێرە نێودەوڵەتییەکاندا ڕاپۆرتەکانمان یەکبخەین، لەبەر کەمیی کـات، بۆیە بڕیارمانداوە کە هەرکەسێک ڕاپـۆرتـی خۆی بنووسێت، بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر یەکتر دروست نەکەین.

چاودێریکردنی هەڵبژاردن هـەمـوو پرۆسەکە دەگـرێـتـەوە، لـەکـاتـی هـەڵـمـەتـی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە تا ڕۆژی دەنگدانو شێوازی جیاکردنەوەی دەنگەکانو تا ڕاگـەیـانـدنو پێداچوونەوەی سـکـاڵاکـانـیـش پێویستیان بە چاودێریی هەیە.

مـن لـە ڕێـگـەی (ڕێـکـخـراوی فرەکلتووری)وە لە (٧/٩)دا گەیشتمە کوردستان، لە سـویـدەوە وەکو چاودێرێک هاتبووم، پێوەری کاری چاودێریش ئەوەیە کە بتوانێت ئەو بەربەستانە دیاری بکات کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم دەنگدانی ئازادانەی خـەڵـک، بـۆئـەوەی ئـەو لیستە دەستنیشان بکەن کە ویستراوی خۆیانە.

*** ئەو چاودێرانەی لە بنکەکانی دەنگداندا بینیتن تا چەندێک بەوپێوەرەی ئێوە کاریاندەکرد؟**

- لەو بنکانەدا کە منی لێبووم، چاودێرە ناوخۆییەکان، دیاربوو کە پێیانوترابوو، بۆیان نەبوو لەشوێنی خۆیان بجوڵێنو بووبوون بە تەماشاکەرێکی دوورو پاسیڤو ناچالاک، هیچ پرۆسەی دەنگدانمان نـەدەبـیـنـی، نـەمـانـدەزانـی ئەو فەرمانبەرانە دەڕواننە ناسنامەی بـاری کـەسێتی یـان چ جـۆرە پێناسێکی دیکە، چونکە گرنگە چاودێر ڕۆڵـی بێلایەن ببینێتو ببینێت کە دەنگدەریش بە ئازادانە دەنگدەدات، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ دەسـەڵات بە دەسـت دوو حیزبەوەیە، کەموکوڕیی زۆربوو لە چۆنێتی ئامادەسازیی بۆ پرۆسەی هـەڵـبـژاردن، هـەروەهـا ئـەوەش تۆمەتێکە دەکرێت بخرێتە ئەستۆی کۆمسیۆنی بـاڵای هـەڵـبـژاردن، بـەو پێیەی لە ساڵی (٢٠٠٣)وە تا ئێستا کە چەند ئەزموونێکی هەڵبژاردن هەبووە لە کوردستان، دەتوانرا ئامادەباشییەکی چاک بۆ چۆنێتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە سازبکرایە، بە ڕێککەوتن لەگەڵ هـەمـوو پـارتـە سیاسییەکانو سەرجەم حیزبەکان.

*** چـۆن ئـەو خـروقـاتـانـە هەڵدەسەنگێنن کە لە هەڵمەتی بـانـگـەشـەی هـەڵـبـژاردنـدا ئەنجامدران؟**

- لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا گرنگە مونازەرەی سیاسی ئەنجام بدرێت (لـێـرە ئـەوەم لەنێوان کاندیدو لیستەکاندا بەدی نەکرد)، دووجار کاندید بووم بۆ پەرلەمانی سویدو جارێکیش بۆ پەرلەمانی ئەوروپا، ئـەوە سێجارە هەڵبژێردراومو بۆ مـاوەی (١١) ساڵە ئەندامی شارەوانیی ستۆکهۆڵمم، ئەو جۆرە هەڵبژاردنەی من بینیومە زۆر جیاوازە لەوەی کە لە کوردستان بینیم، حـەزمـدەکـرد وەکـو ئەو شێوەیە پێشکەوتوو بوایە، بەڵام بە فۆرمێکی کوردی.

هـــەروەهـــا لـــە بـانـگـەشـەی هەڵبژاردندا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەر بە دەسەڵات بوون، زۆربەی میدیای دەوڵەت لەلایەن دوو حیزبی دەسـەڵاتـەوە بەکاردەهێنران بۆ خزمەتی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، جگەلەوەی کە پارەو چەکو مەنجەڵی تیڤاڵو ماکسی.. دابەشدەکرا بەسەر خەڵکداو دەنگیان پێدەکڕییەوە، ئەوەش لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ساختەکارییەو ڕێگەپێدراو نییە، واتـە تۆ خەڵک دەخەڵەتێنیت بە پارەو دیاری بۆ ئەوەی دەنگت بۆ بدات، ئەوەش کەمکردنەوەی بەهای دەنگی تاکی کوردییە، هەڵخەڵەتاندنی دیکەش هەیە، وەکو بەکارهێنانی فشاری دەروونیو هەڕەشە.

*** سەدان دەنگدەر، لەبەر ئەوەی دەنگیان نـەدەدا بۆ دووحیزبە دەسەڵاتدارەکە، نانبڕاوکرانو لە**

# ڕاپـــۆرتی نوێنەری ڕێکخراوی فرەکەلتوری سویدی بـــ

**سەرەتا:**

هەڵبژاردن گرنگیو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ بەهێزکردنی هەستی هاونیشتمانیان بەرامبەر دەسەڵاتو بەهێزکردنی هەستی دەنـگـدەر کـە بەشێکن لـە دەســەڵات، دەنگدەران بڕیاریانداوە لەڕێگەی دەنگدانەوە نوێنەرەکانیان هەڵبژێرن.

دەسەڵاتێک دروستبێت کە لەگەڵ ڕاکانی خەڵکیدا بگونجێت، دیموکراتیەتی نوێنەرانە دابمەزرێت، لەم ڕێگەیەوە خەڵکی نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت، بەرژەوەندییەکانی خەڵکو گروپەکان بە ئازادانە کێبڕکێ دەکەن لە بازاڕی دەنگداندا، بەتایبەتی دەسەڵات کە دوایی دەبێت بە براوەی زۆرینەی دەنگەکان دابمەزرێت.

دیارە ئێمە زۆربەمان کە گەڕاوینەتەوە بۆ کوردستان، وەکو چاودێری نێودەوڵەتی، لەڕووی هەستکردنە بە خزمەت، ویستوومانە بە ڕاستگۆیی، بە بێلایەنی بەردێک بخەینە سەر پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، هـەر بۆیە بە پەرۆشەوە گەڕاوینەتەوە بۆ نیشتمان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن، بەبێ گوێدانە هیچ شتێک.

من وەکو چاودێرێک دەمەوێت ڕۆڵی خۆم وا پێناسە بکەم کە هەوڵمداوە پێوەرێکم هەبێت، کە بەرگریکردن بێت لە دەنگدەرانی هاونیشتمانیانی کوردستان، بۆ ئەوەی بە ئازادانە دەنگبدەن، پرۆسەی دەنگدان بەبێ ساختەکارییو پێشێلکاریی بڕواتو دەستێوەردان ڕوونـەدات لەکاتی دەنگدان لەلایەن هیچ لایەنێکەوە، لەو بنکانەی کە من چاودێربووم، هەوڵمداوە ئەو بەربەستانە دیارییبکەم کە ڕێگە لە دەنگدەری کوردستان دەگرێت کە بە ئازادانە دەنگبدەن.

من دەتوانم بڵێم کە ئێمە زۆربەمان هاتووینەتەوە بۆ ئـەوەی ڕووی جوانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بگوێزینەوە بۆ ڕای گشتیی جیهان، بەڵام تێبینی زۆرمان لەسەر هەڵبژاردنەکە هەیە بۆ مەبەستی ئەوەی هەڵبژاردنی ئایندە باشتربکرێت.

### هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان:

هەڵبژاردن لە کەشو بارودۆخێکی ئارامدا بووە لە ناوەندەکانی هەڵبژاردندا بەگشتی، دیارە ڕۆڵی دامودەزگای ئاسایشو دەوڵەت دەکرێت باش دابنرێت لێرەدا.

لایەنێکی گرنگو بایەخدار ئەوەیە، کە بابەتی هەڵبژاردن لە کوردستاندا، بە بوونی دەنگ، ڕەنگی جیاوازو لیستی جیاوازەوە هەروەها بوونی پێنج کاندیدی جیاواز بۆ سەرۆکایەتی هەرێم کە ئەمەش یەکێکە لە نیشانە جوانەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمدا بەگشتی «ئەگەرچی سەرپێچی لە پرۆسەی دەنگدانەکە دەبینرا»، بەڵام کۆی پرۆسەکە دیاردەیەکی «شارستانیو باشبوو، بۆیە هاوڵاتییانی کوردستانی دڵشادن بەوەی کە سەرجەمی پرۆسەکە پاشبووەو تاڕادەیەک ڕازیبوونو دەکرێت هەڵبژاردنی ئایندە باشتر بکرێت».

کوردستان دوای ساڵی (١٩٩٢) بۆ یەکەمجار پەرلەمانی خۆی هەڵبژاردو زۆرینەی دەســەڵات کەوتەدەست پارتی دیموکراتی کوردستان (PDK)و یەکێتی نیشتمانی (PUK) لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، بـەڵام دوایـی هـەڵـبـژاردنـەکـان ساڵانی (١٩٩٤) تا ساڵی (١٩٩٨) تووشی شەڕی ناوخۆبوو لەنێوان پارتیو یەکێتیدا، ناوچە کوردییەکان بوون بە دووبەشی حیزبییەوە، ساڵی (٢٠٠٣) ڕژێمی بەغدا ڕووخاو ساڵی (٢٠٠٥) هەڵبژاردن کرا بۆ پەرلەمانی عێراقو پارێزگاکان، بەڵام هەڵبژاردنی ئەمساڵ بۆ پەلەمانی کوردستان چەندجار دواخرا تاکو (٢٥)ی مانگی تەمموز.

لە کوردستانیشدا لەژێر کاری دروشمی گۆڕاندا کە دروشمێکی سیاسی سەرۆکی نوێی ئەمریکا (ئۆباما) بوو، کرا بە دروشمی گروپێکی بەهێز لە کوردستاندا کە تێکەڵ بوو لەلایەنو ئایدۆلۆجیای جیاواز، بەڵام بە بەرنامەی هاوبەش بە ناوی لیستی گۆڕانەوە بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا، کە کەسی دووەمـی یەکێتی نیشتمانی بوو، هەر زوو هەڵوێستی وەرگرتبوو بەرامبەر گەندەڵی کوردستان، دەکرێت لیستی گۆڕان دابنرێت بە تەنیا لایەنی بەهێز بەرامبەر دوو حیزبی دەســەڵات (لیستی کوردستانی).

لیستی کوردستانی کە لیستی دوو پارتی دەسـەڵات بـوون، هەروەها لیستی چوار حیزبەکە بەناوی لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازی ...هتد.

بەگشتی نزیکەی زیاد لە (٢٠) پارتو ڕێکخراو کێبڕکێی سیاسییان لەم هەڵبژاردنەدا دەکرد.

لەڕاستیدا من وای بۆ دەچم ئەگەر بمانەوێت هەڵبژاردنەکە هەڵبسەنگێنین بە تەواوی پێویست بە کارێکی وردتر دەکات بۆ ئەوەی سەیری هەڵبژاردنەکە بکرێت لە زۆر ڕووەوە لە ڕۆژی بانگەشەوە تاکو ژماردنی دەنگەکان.

من وەکو چاودێر زووتر ئاماژەم پێکرد، دەبێت کارەکانمان لە خزمەتی ئازادیی دەنگدەردا بێت کە بە ئازادیی بتوانن دەنگبدەن ئەو بەربەستانە دیارییبکەین کە لەبەردەم ئازادیی دەنگدەردایە لەکاتی دەنگداندا.

هەندێک بەربەست هەن بەگشتی لە زۆر جێی جیهانداو لە کوردستانیشدا دەبینرێن کە ئەمانەن:

١- هەڵخەڵەتاندنی دیمۆگرافی، بۆ نموونە گواستنەوەی گروپێک دەنگدەر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنیکی دیکە، یاخود هەندێک گروپ لەکاتێک، یاخود شوێنێکی تایبەتیدا دەنگ بدەن، وەکو بەندیخانەو نەخۆش...هتد.

٢- ترساندنی دەنـگـدەر لەڕێگەی هەڕەشەو فشاری نەفسیەوە.

٣- فشارکردنە سەر دەنگدەر لەڕێگەی پارەو دیارییەوە.

٤- بە هەڵەبردنی خەڵکی نەخوێندەوار لە وڵاتانی دواکەوتوودا، لەناو زۆربەی بنکەکاندا نەخویندەوارەکان هاریکاری دەکران لەلایەن فەرمانبەرانی بنکەکەوە، بەڵام ئێمەی چاودێر نەماندەزانی چیان پێدەوترێت، دەکرێت گومان بکەین کە هاندەربن بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بە لیستێکی تایبەتی لە هەڵبژاردنەکەدا.

٥- نایەکسانی کاندیدەکانو لایەنەکان چ لەڕووی مادیو ئابووریو بەکارهێنانی دامودەزگای میدیاییەوە، بۆ نموونە دوو حیزبی دەسەڵات توانیان دەوڵـەتو میدیا بخەنە خزمەتی خۆیان.

٦- دەرکردنی هەندێک لە فەرمانبەران لە کارەکانیان بەهۆی سۆزیان بۆ لایەنێکی سیاسی دیکە کە لە دەرەوەی دوو حیزبی دەسەڵاتن.

٧- بڵاوکردنەوەی درۆو پڕوپاگەندەی نابەجێ بەرامبەر بە یەکتری لەکاتی هەڵبژاردندا.

٨- بوونی کەسی حیزبیو کارکردنیان لـەنـاو بنکەی دەنـگـدانـدا بـۆ مەبەستی کارکردنەسەر دەنگدەران وەکو دەبینران لە هەندێک بنکەی دەنگداندا لە هەولێر.

٩- هەندێک دەنگدەر توانیویانە چەندجار دەنگبدەن.

من چاودێر بووم لە هەردوو هەڵبژاردنی تایبەت لە (٢٣)ی تەمموزو هەڵبژاردنی گشتیدا واتە ڕۆژی (٢٥)ی تەمموز.

بەگشتی سەردانی ئەم بنکانەی خوارەمم کردووەو هەوڵدەدەم بە کورتی ڕووە خراپو





# چەند قسەیەک لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمانی کوردستان

مەجیدساڵح

ئـەو دەرئـەنـجـامـانـەی لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥) کەوتنەوە، هەموو هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی خستووەتە بـەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەوەو پێویست دەکات لەمەودوا لەپێناوی دروستبوونی پەرلەمان‌و حکومەتێکی وەڵامدەرەوەو دیموکراتی راستەقینەدا، سەرلەنوێ گۆرەپانی سیاسی لـەم هەرێمەدا دارێژرێتەوە. ئێستا بەپێچەوانەی جـاران کـە پـەرلـەمـان‌و حکومەت بریتی بوون لە دوو دەزگای سەر بە یەکێتی‌و پارتی، ئۆپۆزسیۆنێکی کارا هەیەو دەیەوێت چی لەم هەرێمەدا دەگوزەرێت شەفافانەو بە بەرچاوی خەڵکەوە بێت، نەک لە پشتی پەردەوە نەخشەی بۆ دابنرێت.

کاری قۆناغی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بە فراکسیۆنی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنەوە، بریتیە لە پڕکردنەوەی هەموو کەموکورییەکانی قۆناغی رابـردوو، فراکسیۆنەکانی گۆڕان‌و چاکسازی‌و خزمەتگوزاری کە نزیکەی چل کورسی پەرلەمانیان هەیە، لەم هەلومەرجەدا دەتوانن لە چوار ساڵی ئایندەدا پێکەوە رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی کـارا بگێڕن، ئەگەرچی هەندێک لە شارەزایانی بواری ئەحزابی ئیسلامی پێیانوایە لە رابردوودا هەردوو حیزبە ئیسلامییەکە (کۆمەڵ‌و یەکگرتوو)، سـەرەرای ئەو هەموو سوکایەتییەی کە پێیانکراوە لـەلایـەن یەکێتی‌و پارتییەوە، بەڵام هەمیشە ویستویانە «تـالـە دەزوەکـــەی معاویە» لەگەڵ یەکێتی‌و پارتیدا نەپسێنن، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکەن ئەمجارەش وەک جاری جاران کەمترین مەیلیان بەلای «فراکسیۆنی گۆڕان»دا هەبێت، بەڵام لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستاندا، هەر هێزێکی سیاسی ئەگەر نەختێک پێشبینی سیاسی بـەهـێـز بێت، دەزانێت چوونەناو کەشتی دەسەڵات (بەتایبەتی دەسەڵاتێکی غەرقبووی ناو گەندەڵی وەک ئەم دەسەڵاتەی هەرێم)، جگە لە ئینتحارێکی سیاسی بەولاوە هیچی دیکە نییە، بەتایبەتی لەم ساتەوەختەدا کە چەند هەڵبژاردنێک بەڕێوەیە، نزیکبوونەوەی فراکسیۆنی چاکسازی لە دەسەڵاتدا، دەبێتەهۆی ئـەوەی لایـەنـگـرە تـورەکـانـی لە حیزبە ئیسلامییەکانی دیکەی وەک (بزووتنەوەی ئیسلامی)و بزووتنەوەی گۆڕان نزیکببنەوە، هەربۆیە بۆ خاتری بەرژەوەندی حیزبیی خۆشیان بێت، پێناچێت لە ماوەی ئایندەدا، فراکسیۆنی چاکسازی، بدەنە پاڵ دەسەڵاتەوەو ئەو ئەگەرە نزیکترە کە لەگەڵ «فراکسیۆنی گــۆڕان»دا بـەرەیـەکـی بـەهـێـزی ئۆپۆسیۆن لە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتە پاوانخوازە گەندەڵەدا دروستبکەن. هەڵبەت ئەگەر ئەو کارە سەریگرت کۆمەڵێک ئەرک چاوەڕوانیان دەکات وا لێرەدا هەوڵدەدەم باس لە هەندێکیان بکەم.

وەک دەزانـیـن ئەرکی سەرەکی پـەرلـەمـان بریتییە لـە دەرکـردنـی یاساو چاودێریکردنی حکومەت، ئەگەرچی پەرلەمان لە (١٧) ساڵی تەمەنیدا چەندین یاسای دەرکردووەو لەوەشدا جێگەی دەستی دیارە، بەڵام بە حوکمی بارودۆخی کوردستان، گـەلـێـک لایـەنـی دیـکـەش هـەن بە دەستنەبوونی یاساوە دەناڵێنن، بۆیە پڕکردنەوەی بۆشاییە یاساییەکان لە ئەولەویاتی کاری پەرلەمانی داهاتوو دەبێت. سەبارەت بە چاودێریکردنی حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە، ئێمە دەزانـیـن لە رابـردوودا پەرلەمان هەمیشە پەردەپۆشی کارەخراپەکانی حکومەت‌و گەندەڵیەکانی کـردووە، ئـەرکـی ئـەم پەرلەمانە بەتایبەت فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن، بریتییە لە هەڵدانەوەی پەردە لەسەر خراپ بەکارهێنانی دەسـەڵات‌و چاودێریی وردی حکومەت، ئەگەر پێویستی کرد وەزیرو کاربەدەستە کەمتەرخەمەکان راپێچی پەرلەمان بکات.

ئەو ئاستانەی کە پێویستە پەرلەمان کاری جدیی لەسەربکات لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە، لەسەر ئاستی ناوخۆ، کاری پێویست بریتییە لە پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی کە تاوەکو ئێستا لە دەستووری عێراقدا بەدەستهاتوون‌و لە پاڵ رێکخستنەوەی ماڵی کوردیدا بەشداریی چالاکی کورد هەبێت لە دروستکردنی عێراقێکی دیموکراتدا، من پێموایە تاوەکو دیموکراسی لە ناوەند زیاتر بچەسپێت، پریشکی ئەو دیموکراسیەتە پێش ئەوەی بەناوچەکەدا بڵاوبێتەوە، بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، ئـەوەش لە بەرژەوەندی گەلی کوردایە لە هەرێمی کوردستاندا. ئەرکێکی دیکەی بەرەی ئۆپۆسیۆنی نـاو پەرلەمانی هەرێم بریتییە لە گەڕانەوەی ئیعتیبار بۆ ئەرکەکانی دەوڵەت‌و دەربازکردنی لە هەژموونی حیزب‌و سەرکردەکان‌و پتەوکردنی دیموکراسیەت‌و چەسپاندنی رۆحی ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و دابەشکردنێکی دادپـەروەرانـەی سامانی نیشتمانی‌و نەهێشتنی گەندەڵی بەشێوەیەکی پراکتیکی، هەروەها چالاککردنی رۆڵی دیوانی چاودێریی دارایـی‌و دامەزراندنی دەستەیەکی نەزاهەی سەربەخۆو چاونەترس لە پەرلەمانی کوردستاندا، لە واجباتە سەرەکییەکانی پەرلەمانی ئایندەی کوردستانەو دەبێت فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن لـەو پـێـنـاوەدا کاری جدی بکەن، هەموومان دەزانین لە رابـردوودا بەهۆی دەستێوەردانی حیزبەکانەوە لە ژیانی ئابووری کوردستان، توانای بەرهەمهێنان‌و دۆزیـنـەوەی کـارو وەبەرهێنان‌و ئاوەدانکردنەوە بەرادەیەکی زۆر پەکی کەوتبوو، پێویستە پەرلەمانی ئایندەی کوردستان لەرێگەی هەڵنانی کۆمەڵێک هـەنـگـاوەوە ئـابـووری کوردستان ببوژێنێتەوەو بیخاتەوە سەر هێڵی راستی خـۆی. هەنگاوی گرنگ‌و بە پەلە ئەوەیە کوردستان لە بازاڕێک لە ساغکردنەوەی کاڵای بەسەرچووی پلە سێ‌و چـواری چینی‌و ئێرانی‌و تورکی‌و سوری دەربازبکات، بە کەلک وەرگـرتـن لـەو بودجە زەبەلاحەی کـە دێـت بـۆ کـوردسـتـان رادەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بەرزبکاتەوەو بەراوێژکردن لەگەڵ خەڵکانی پسپۆڕی ناوخۆیی‌و بێگانە، ئابووری کوردستان لە ئابوورییەکی پـەراوێـز کەوتەو وابەستەوە گرێبداتە ئابووری جیهانی‌و بازاڕی ئازادەوە، هەروەها ئەم خولەی پـەرلـەمـان کـە ئۆپۆزسیۆن تێیدا کارایە دەتوانێت لەرێگەی دابینکردنی بودجەی زۆرەوە، ژیانی گوندنشینی بەشێوەیەکی هاوچەرخ ببوژێنێتەوەو جگە لە ئاسایشی خـۆراک، بـواری کۆمەڵایەتی ئابووریش پەرەپێبدات.

مەسەلەیەکی هـەرە گرنگ کە پێویستە لە پەرلەمانی ئایندەدا لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بوروژێت، مەسەلەی هێزە چەکدارەکانی هەرێمە، ئێستا ئاسایش‌و هێزی پێشمەرگەو پۆلیس مولکی حیزبن، بگرە لە هەندێک حاڵەتدا مولکی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی حیزبەکان‌و بە ئـارەزووی خۆیان ئەوەندەی بۆ چاوترساندنی خەڵک بەکاریدەهێنن، نیو هێندە بۆ گەڕانەوەی کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکان قوتنەکراونەتەوە، ئەو عەقیدە سەربازییەی کە ئەفسەرو سەربازی کوردی لە کۆلیژو ئەکادیمیە سەربازیی‌و پۆلیسیەکاندا پێ رادەهێنن، ملکەچیی نییە بۆ کوردستان ئەوەندەی ملکەچە بۆ حیزب‌و سەرکردەکان، بۆیە ئەرکی پەرلەمانی ئایندەی کوردستان، دەربازکردنی هێزە چەکدارەکانە لە هەیمەنەی حیزب‌و سەرکردەکان‌و دروستکردنی سوپایەکی بەهێزو کارایە کە تەنیا ملکەچ‌و گوێڕایەڵی کوردستان بێت.

ئەم پەرلەمانە جیا لە پەرلەمانەکانی پێشوو، دەبێت وەرشەیەکی عەمەلی هـاوبـەش بێت، بۆ ئـەوەی هەموو لایـەنـەکـان بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە کێشەکان بە ئـازادی بـخـەنـەڕوو، دوای تاوتوێکردن‌و موناقەشەی جـدی، ئینجا بڕیاری لەسەر بدرێت، نەک لە مەکتەبی سیاسی حیزبەکانەوە بە فەرمان دەربکرێت.

لە کۆتایدا ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمانە، پەرلەمان لە موجەڕەد باڵەخانەیەک بۆ دەست بەرزکردنەوە لەسەر ئەو بڕیارو یاسایانەی کە لە مەکتەبی سیاسی حیزبەکانەوە دەردەکرێن بکاتەوە بە پەرلەمانێک هەموو کێشە چارەنووسسازەکانی خەڵکی تێدا تـاوتـوێ بکرێت، ئەم پەرلەمانە دەبێت پەرلەمانێک بێت بـەرژەوەنـدیـیـە نەتەوەییەکانی کوردستانی عێراق وەک جاری جاران نەکاتە قوربانی بەرژەوەندی تەسکی حیزبی‌و سەرکردەکان، بۆ ئەوەی لەمەودوا کەس نەتوانێت موزایەدەی نـاوخـۆیـی‌و موناقەشەی دەرەکـی سیاسی بە کێشەی کـوردەوە بکات، پێویستە رێکەوتن‌و پەیمان بەستنەکان لەرێگەی پەرلەمانەوە بێت، نەک حیزب‌و لایەنە سیاسییەکان.



# کاروان... کاروانێک بەڕێوەیە..

پشکۆ ناکام

کاروانی ئەمجارە، هەگبەیەکی زۆر قـورس لەسەر شانەکانێتی، ئەو هەگبەیە پڕە لە رووناکی، پڕە لە حەسرەتی دایکی جل رەش‌و فرمێسکی منالی باوکی ونکراو، پڕە لە گەنم.. پڕە لە ئارەقی ناوچەوان..

رێگەی ئەم کاروانە سەختە پڕە لە دڕک، بەڵام خوێنی زامی دڕکەکانی ئەم کاروانە خونچەی (بە ئامانج گەیشتن) ئاودەدەن‌و لە دواهەنگاودا دەگـاتـە جـێـی مـەبـەسـت، بۆنی گوڵەکەش دەگاتە هەر ماڵێکی لە (بزە) بێبەشکراو، مەزاری شەهیدانیش هەر رەنگی ئەو گوڵە دەگرن..

رێـگـەی ئـەم کـاروانـە سەختە دەیەوێت جگە لە رۆشنایی بەردەممان تارمایی‌و تەپوتۆزی دەیان ساڵەی قەتیسماوی دەوروپـشـتـمـان لە خۆی بتەکێنێت.. تەپوتۆزی لێڵی (هاورێیان)ی (دوێـنـێ)و تارمایی دێوی کلیل بە دەستی زنجیرەکانی دەستمان.. گەر کـاروان بـەردەوام نەبێت ئەو تەپوتۆزە دەمانخنکێنێت‌و زنجیرەکانیش تێکەڵ بە گۆشت‌و ئێسقانی دەستمان دەبن.. گەر لەو تەپوتۆزە رزگارمان نەبێت، بەردەمی خـۆمـان نابینین‌و هەنگاوەکانی بەردەمیشمان وەک دەموچاوی (دێوەکان) لێڵ دەبن..

رێـگـەی ئـەم کـاروانـە دوورە.. دوورتر لەوەی (بۆسە)کان بتوانن کورتی بکەنەوە، دووری کاروان وەک تێڕوانینی منداڵێکی هەڵەبجەو ئەنفال دەڕوانێتە (گەل) دەڕوانێتە ئاسۆ، تا (ئاسۆ)ش هەبێت بۆسەکان کاتین‌و تێڕوانینی بە دەم زەردەخـەنـەی مناڵەکانەوە ئـەبـەدیـن.. رێگەی دووری کـاروان وا دەکـات، خوێنی زامی دڕکەکان، هەنگاوەکان سوک‌و بـەردەوام تر بـن.. هەگبەکەی ئەم کاروانە هێندە قورسە، هەنگاوەکان لەگەڵ (قورسایی) هەگبەکە خۆیان راهێناوە بە شێوەیەک کە (قورسایی) رێگر نەبێت لەبەردەم (بە ئامانج گەیشتنی)و گەیاندنی منداڵەکان بەئاسۆ..

کاروانێک بەڕێوەیە..

ئەم کاروانە جگە لە هەگبەکەی شانی، هەگبەیەکی پڕ لە (گـوڵ)ی پێیە، تا لـەبـەردەم (بۆسەکان)دا بیبەخشێت‌و پێیان بڵێت:-

گوڵ‌و عەشقی ئینسان بۆ ئینسان لە (بۆسە) گەورەو مەزنترە... گوڵەکانی ئەم کاروانە رەنگێک دەنوێنن کە هێندە بـەرزە، بۆسەکان ناتوانن «کاڵ»ی بکەنەوە، کێ دەتوانێت رەنگی (ئاسۆ) کاڵبکاتەوە؟! لەگەڵ هەر هەنگاوێکیشدا، مناڵەکانی دەڕواننە( ئاسۆ)و زۆرتر دەبن، چونکە کاروان لـە رۆیشتندایەو پشوی هەیەو وەستانی نییە، لەگەڵ هەنگاوەکانیشدا ئەو سرودو گۆرانییانە دەوترێنەوە، کە منداڵەکان بە (ئاسانی) تێیدەگەن‌و دەیانکەن بە میلۆدی خەونەکانیان، خـەوی رێگەیەکی دوور، رووەو ئاسۆ... خـەوی ماندوو، شکاندنی رێـگـەیـەکـی دوور، هەگبەیەکی قورس...

کاروانێک بەڕێوەیە

ئەم کاروانە بە منداڵەکان دەڵێت بۆ ئەوەی لە ئایندەی گەیشتنی بە (ئاسۆ) هیچ (گیرفانبڕ)ێک نەتوانێت بەرهەمی هیلاکی‌و رەنجتان بۆ خۆی بەرێت، دەبێت لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا بڕوا بوون بە ئاسۆ، پتەوتر بێت...

ئەم کاروانە بە دایکە جل رەشەکان دەڵێت بۆ ئەوەی لە ئایندەی گەیشتنی بە (ئاسۆ) هیچ (فاڵچی)یەک نەتوانێت لە پیرۆزی فرمێسکەکانتان کەم بکاتەوە، دەبێت لەگەڵ هەر هەناسەیەکی سارد هەڵکێشان‌و هەر هەنگاوێکدا بڕوا بوون بە ئاسۆ پتەوو پتەوتر بێت، پتەوتر لەو خۆشەویستییەی هەتانە بۆ خاک، بۆ ئینسان، بۆ ئایندە...

ئـــەم کـــاروانــــە بــە (بۆسەکان)و(دێوەکان)یان دەڵێت: ژیان وا دروست بووە، شەو چەند درێـژبـێـت، چەند لافـاوو زریـان‌و رەهێڵە لەگەڵ خۆی بهێنێت، دواتر هەر رۆژ دەبێتەوە.. زستان چەند سەخت بێت، ناتوانێت رێ لە هاتنی (بەهار) بگرێت..

ئاسمان چەند( رقـاوی) بێت، ناتوانێت تـا سـەر رێ لـە خۆرو گەرمی‌و روناکییەکەی بگرێت...

(بـۆسـە)ش چەند رووکـەش بێت، ناتوانێت(ویژدان) لە ناخی ئینساندا بشارێتەوە، کاروانیش هەر دەگات بە (ئاسۆ)، چونکە (منداڵەکانی) کردووە بە سەرچاوەی ویژدانی خۆی...

کاروانێک بەڕێوەیە

ئەم کاروانە (هەگبەکەی سەرشانی) قـورسـە بـە پـێـچـەوانـەی پاسەوانی (بۆسەکان) کە گیرفانیان قورسە..

ئەم کاروانە منداڵانی بێ باوک‌و دایکە جل رەشەکان، خۆیان هەنگاوەکانی کاروانەکە دروست دەکەن، بە پێچەوانەی پاسەوانی (بۆسەکان) کە (موزایەدە) بە حەسرەتی ئەو منداڵ‌و فرمێسکی ئەو دایکانەوە دەکەن.

ئەم کاروانە لە دایکبووی (مێژوو)یەکی تازەیە، مێژووی نەهێشتنی تەپوتۆزی تەمەنی پاسەوانی (بۆسەکان)..

ئــەم کـــاروانـــە عـەیـنـەکـەکـەی (ئـارام)و شیعرەکانی (مـەلا عەلی)و لەسەرخۆییەکەی (ئـازاد هەورامی)و ورەی هەموو ئەوانەی گیانی خۆیان لا هەرزان‌و قوربانی بۆ خاک لا گران بوو، لەخۆ گرتووە..

بۆیە.. ئەم کاروانە دەگات بە ئاسۆ

بۆیە.. ئەم کاروانە مێژووی (گۆڕان) دەنووسێتەوە.

بۆیە.. ئەم کاروانە هەنگاوەکانی وەک هەگبەکەی قورسە

بۆیە.. ئەم کاروانە... بەڕێوەیە..



## «مەبەستی سیاسی لەپشتە»

# ئەمساڵیش سەرژمێریی دانیشتووان ناکرێت

سەنگەر جەمال

**ئەمساڵیش سەرژمێریی دانیشتووان لە عـێـراقو هەرێمی کوردستاندا ئەنجامنادرێت، ئەوەش لەکاتێکدایە کە (٥) ساڵە ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی دەکرێت، پێچەوانەی هێنانەوەی پاساوی گرفتی هونەریی، هەندێک لە چاودێرانیش لەو بڕوایەدان کە ئەنجامنەدانی سەرژمێریی گشتیی بەهۆی کێشەی سیاسییەوەیە.**

### پێویستە (١٠) ساڵ جارێک سەرژمێریی بکرێت

پسپۆڕانی ئامار جەخت لە پێویستیو گرنگی ئەنجامدانی سەرژمێریی دەکەن لەماوەی هەر (١٠) ساڵ جارێکدا، بۆئەوەی پلانی زانستی لەسەر دابڕێژرێت بۆ گەشەپێدانی وڵاتو بۆئەوەی ئەو داهاتو پارانـەی هەیە لـەو پـرۆژەو کـارانـەدا، سەرفبکرێتو گرنگی پێبدرێت کە لەبەرژەوەندی هاوڵاتییانەو گرفتەکانیان چارەسەردەکات.

سەرژمێرییەکانی عێراقیش لەساڵانی (١٩٢٧)و (١٩٣٤)و(١٩٤٧) ئەنجامدراوەو لە (١٩٥٧)دا بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕەگەزنامە سەرژمێرییەکی ئەنجامداوە کە بەباشترین سەرژمێریی لەو کاتانەدا دەژمێردرێت، هەروەک لە ساڵەکانی (١٩٦٥)و (١٩٧٧.

دواتـریـش لە ساڵەکانی (١٩٨٧)و پاشانیش لە ساڵی (١٩٩٧) ئەنجامدراوە کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی نەگرتووەتەوە، بەوپێیەش (٢٢) ساڵە سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە کوردستان ئەنجامنەدراوە. هەندێک لـە بەرپرسانی ئـامـاری هـەرێـم لەو بڕوایەدان کە لەساڵی (١٩٧٧)ەوە ژمارەی باوەڕپێکراو بۆ دانیشتووانی عێراقو هەرێمی کوردستان نییەو لەوکاتەوە هەر سەرژمێرییەک کە کـراوە، زۆر بەشی کوردستان بەشدارنەبووە تێیدا یان لەژێر فشاری حکومەتی بەعسدا کراوەو بەشێکی هاوڵاتییان نەیانوێراوە باس لە ژمارەی موڵکو خێزانیان بکەن.

### خۆدزینەوە لە سەرژمێریی

لـە کـۆبـوونـەوەیـەکـدا کـە هـەفتەی رابـــردوو لە هەولێر بە ئامادەبوونی نوێنەری ڕێکخراوی UNFPA لەنێوان عوسمان شوانی، وەزیـری پلاندانانی هەرێمی کوردستانو د.مەهدی عەلاق، سەرۆکی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراقو بەڕێوەچوو، گفتوگۆ لەبارەی میکانیزمی جێبەجێکردنی سەرژمێریی دانیشتووان کـرا، کە بڕیار بوو لە مانگی (تشرینی یەکەم)ی ئەمساڵ ئەنجامبدرێتو دوای هەڵسەنگاندنی کاتی دیاریکراو، دەرکەوت کە «ئەم ماوە کورتەی ماوە ناتوانرێت سەرژمێریی تێدا ئەنجامبدرێتو هەردوولا باسیان لە میکانیزمی بەدیل کرد، کە یان مانگی نیسان یان تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٠) دیارییبکرێت، بۆئەوەی سەرژمێریی دانیشتووانی تێدا ئەنجامبدرێت»، هەروەک باس لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی سەرژمێریی لەناوچە دابڕاوەکان کـراوەو جەخت لە بەشداریکردنی سەرجەم پێکهاتەکان کراوەتەوە.

دواخستنی سەرژمێریی بۆ ساڵی (٢٠١٠) لەکاتێکدایە، کە لە (٢٠٠٤)ەوە ئامادەکاریی بۆدەکرێتو پێویستە (١٠) ساڵ جارێک سەرژمێریی دانیشتووان ئەنجامبدرێت. لەساڵی (٢٠٠٤)دا بڕیار بوو سەرژمێریی گشتیی دانـیـشـتـووان بکرێت، بـەڵام حکومەتی عێراقو وەزارەتی پلاندانانو دەزگای ناوەندی ئامار لەو بڕوایەدابوون کە ناتوانرێت لەو وادەیەدا ئەنجامبدرێت، هــەروەک لەساڵی (٢٠٠٧)دا بەهۆی ئەو کێشانەی لەنێوان بەغداو هەرێمی کوردستان ڕوویـانـدا، لـەسـەر دیاریکردنی ڕێژەی (١٧٪)ی بودجەی هەرێم، لەهەموو لایەکەوە بڕیاری سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان درا، بەڵام تائێستا سەرژمێریی نەکراوەو دوای بەشێک لە ئامادەکارییەکان ئێستاش بڕیارە بۆ ساڵێکی دیکە دوابخرێت.

مەحمود عوسمان، بەڕێوەبەری ئـامـاری سلێمانی، باسی لـەوەکـرد، کە لە سەردانەکەی دەزگـای ئاماری عێراق بۆ کوردستان ئاگادارکراون کە دەستەی باڵای سەرژمێریی دانیشتووان ئامادەکارییەکانی تـەواو نەکردووەو ڕەنگە وادەی سەرژمێرییەکان دوابخرێت، بەڵام ڕەتیدەکاتەوە کە کێشەی هونەری هەبێتو وتـی: «ئـەوە وانییەو هەموو ستافەکان ئامادەن بۆ سەرژمێریی گشتی دانیشتووان لە کاتی خۆیدا، ئەوەی ئێمە بۆی دەچین کێشەی سیاسی هەیە کە ڕێگرە لە سەرژمێریی دانیشتووان».

سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی دارایـیو هەموارکردنی دەسـتـوور لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژە بە گرنگی سەرژمێریی دەکاتو دەڵێت: «هەموو شتەکان گرێدراوی ئامارن، مەسەلەی کەرکوکو سنووری کـوردسـتـانو بـودجـەکـەی، هەمووی گرێدراوی مەسەلەی ئامارە».

### دەبێت سەرژمێریی، گشتیی بێت

دواخستنی سەرژمێریی گشتیی دانـیـشـتـووان بـۆ سـاڵـی داهـاتـوو لەکاتێکدایە کە لە کوردستاندا زۆربەی ئامادەکارییەکان کـراون کە لە مانگی (تشرینی یەکەم)دا ئەنجامبدرێت، بەڵام بەرپرسانی ئامار ئاماژە بەوەدەکەن کە جگە لەوەی سەرژمێرییەکە دەبێت گشتیی بێت، «بەغدا قایل نابێت تەنیا لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێت».

مەحمود عوسمان ئاماژە بەوە دەکات کە سەرژمێریی دەبێت گشتیی بێتو لەهەموو ولاتـدا بەیەکەوەو لەکاتو زەمانێکی دیاریکراودا بکرێت، بەوپێیەی شتەکان پەیوەندیدارن پێکەوە، «بەغدا قبوڵ ناکەن تەنیا لە هەرێم بکرێت، پێشتریش بە UNمان وتووە با بۆخۆمان سەرژمێرییەک بکەینو ئاماژەمان بۆ بێتە بەردەست، جەخت لەوە دەکرایەوە کە سەرژمێرییەکە گشتیی بێت».

### بۆ دوادەخرێت؟

هەرچەندە هەندێک لایەنو چاودێر پێیانوایە، دواخستنی سەرژمێرییەکە بۆ ساڵی ئایندە ڕێککەوتنێکی سیاسی بێت، بەڵام بەرپرسانی ئامار ئەوە ڕەتدەکەنەوەو روونیدەکەنەوە کە هەرێم پێداگریی دەکات لەسەر ئەوەی لە وادەی خۆیو لەمساڵدا بکرێتو ئامادەکارییەکانیشی بۆکراوە.

مەحمود عوسمان، بـەڕێـوەبـەری ئاماری سلێمانی دەڵێت: «وەفدەکەی بەغدا ڕای حکومەتی هەرێمیان وەرگـرت کە دەڵێین ئێمە لەگەڵ دواخستنی کارەکەدا نینو پێیوانییە کێشەی هونەرییو تەکنیکیو پاساوو وێنە ئاسمانییەکان گرفتێکی ئەوتۆ بنو ڕێگربن لە پرۆسەکە، حکومەتی هەرێم ڕەزامەند نییە لەوەی کە سەرژمێرییەکە دوابخرێتو سوورین لەسەر ئەوەی لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدرێت، چونکە زیاتر پێمانوایە مەبەستەکە سیاسییە، بەڵام ئەوان پێیانوایە، ئەگەر دوابخرێت پرۆسەکە جوانتر دەبێت».

ئەوەشی خستەڕوو کە حکومەتی هەرێم دەیەوێت ڕاستییەکان دەربکەوێتو دەیـانـەوێـت قـەبـارەی خۆیان بزانن‌و مـوئـەشـیـراتـی راســتو ڕەوانــیــان دەستبکەوێت، ئەگەر سەرژمێرییەکی پاک بێتو ژمارەی ڕاست بێنێتە بەرهەم لە بـەرژەوەنـدی گشتیی عێراقدایەو ئـەوەش ڕای سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتە. بەبڕوای مەحمود عوسمانو ئەو دەنگۆیانەی بیستویەتی هۆکاری دواخستنەکە ئەوەیە کە «تورکمانەکان وتوویانە بایکۆتی دەکەینو عەرەبەکانیش دەڵێن باشتروایە دوابخرێت، بەڵام ئەوە ڕای وەزارەتی پلاندانانی عێراقی نییە».

هەروەک ڕەتیدەکاتەوە کە دەوترێت بە ڕێککەوتنی سیاسی لەنێوان هەرێمو بەغدادا دوادەخـرێـتو وتـی: «ئێمە بە ڕەسمیی بە بەغدامان وتووە پێویستە سەرژمێرییەکە لەکاتی خۆیدا بکرێت، پێشتریش وتیان لە کەرکوکدا کێشە دروستکراوە، بەڵام ئێمە وتمان با بۆ هەموو ماڵێک سێ ژمێرەری تورکمانو عەرەبو کورد بڕواتو لە بەغدا پەسەند کرا»، دووپاتیشیکردەوە، کە حکومەتی هەرێم پێداگریی دەکات لەوەی لەکاتو وادەی خۆیدا سەرژمێرییەکە بکرێت، بەڵام گرفتەکان سیاسینو لە بەغداوەیە، چونکە ئێمە لە (٢٠٠٤)ەوە هەموو کارەکانمان بەشێوەیەکی زانستی تـەواوکـردووەو ئامادەکارییەکانمان بۆکردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە محەمەد سابیر، بەڕێوەبەری ئاماری هەولێرو ئەندامی دەستەی ئاماری هـەرێـم، ڕایگەیاند: «وەزارەتــی پلاندانانی عێراق بڕیاری دواخستنی سەرژمێریی داوە، بەڵام بەرپرسانی پلاندانانو ئاماری هەرێم پاڵپشتییان بـۆ ئـەوە دەربـڕیـوە کە سەرژمێریی گشتیی لـەوادەی خۆیدا ئەنجامبدرێت». هەروەها وتـی: «ئێمە وەکـو کـوردسـتـان لایـەنـی هونەریی کارەکانو نەخشەو کادیرانو ڕاهێنانمان ئامادەیەو دەتوانین تا (١٠/٢٤) هەموو ئامادەکارییەکان تەواوبکەین»، هەروەک وتیشی: «ئێمە سوورین کە سەرژمێریی لەکاتو وادەی خۆیدا بکرێتو لەگەڵ دواخستنی کاتی دیاریکراودا نینو بە پەسەندیشی نازانین، دواخستنەکەش پـەیـوەنـدی بـە دەسـتـی سیاسیو مەسەلەی ئەمنیی ناوچەکانی دیکەی عێراق هەیەو بەشێکیش لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەپشت دواخستنەکەوەن».

### ئایا ساڵی داهاتوو ئەنجامدەدرێت؟

بەرپرسانی ئامارو پلانی هەرێم ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕازین بەوەی سەرژمێریی بکرێتو ڕێژەی ڕاستەقینەی کوردستان دەربکەوێت ئەگەر (١٧٪)ش کەمتر بێت، «چونکە پێویستمانە ڕوماڵێکی زانستیی بکەین».

بـەڕێـوەبـەری ئـامـاری سلێمانی نـەیـشـاردەوە، کـە تـرس لـەوە هەیە ساڵێکی دیکەش ئەنجامدانی سەرژمێریی دوابخرێت، بەتایبەت ئەگەر بخرێتە مانگی نیسانی (٢٠١٠) بەوپێیەی کە هەڵبژاردنەکان وادەکات نەتوانرێت ساڵی داهاتووش ئەنجامبدرێت، «چونکە چەند هەڵبژاردنێک دەکرێتو حکومەتی نوێ پێکدەهێنرێت، ئێستاش بڕیاری کۆتایی نەدراوە لەوەی سەرژمێرییەکە بۆ ساڵی ئایندە دوابخرێتو تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدایە».



بیستو دوو ساڵە ئامار لە کوردستاندا ئەنجامنەدراوە

# یدا، پێکەوەژیان نییە



پـەنـگـخـواردووی خەڵکیم لەو ڕووداوانە کردە نووسین، چونکە ئەمە ڕێگەیەکی هێمنانەیە بۆ دەربڕینی نارەزایی‌و ڕێگەگرتن لەوەی ببێ بە کردار، تا نووسین هەبێت‌و بتوانێت نارەزایی دەرببڕێت‌و بەشێوەیەکی ئـازادانـەش ڕایگەیەنێت، ئەگەری ئەوەی تورەبوون‌و نارەزایی بگاتە توندوتیژیی کەم دەبێتەوە. برای ئازیز نووسینەکەی من لە بەرژەوەندی ئـەوەیـە ڕێگەنەدەین نـارەزایـی‌و بێزاری ڕێگەی توندوتیژیی بگرێتە بەرو ڕێگەی ڕاگەیاندن‌و هەڵوێستی مەدەنیانە بگرێت کە خەڵکی بینی ئـەوەی لێی تورەیە باسدەکرێت، ئەوەی نارەحەتی کردووە بووەتە بابەتی قسەکردن، ئەوسا ئـارام دەبێتەوەو بە ئومێدی ئەوەی شتەکان چاکبکرێن هێمن دەبێتەوە، ڕێگرتن لە دروستبوونی پەرچەکرداری ناعەقڵانی لە بەرامبەر ڕووداوێکدا کە دەشێت تووشی کارەساتمان بکات، بەوە دەبێت لەسەر ئەو پێشێلکاریانە بنووسین‌و هەوڵبدەین فشاربکەین بۆئەوەی ڕێگە لەو کەسانە بگیرێت کە گێرەشێوێنی دەکەن، نەک بێدەنگی لێبکەین تا خەڵک وەڵامی بداتەوە.

برای ئازیزم! ئەوەی کوردستان دەخاتە بەر هەڕەشەی ناوخۆ ئەو پەلامارە دزێوەیە کە لەو شەوانەدا لە هەولێرو دهۆک کرایە سەر بارەگاکانی گۆڕان‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو، ئەمەش ئەو شتەیە کە دەبوو تۆش لەگەڵ مندا تورەبکات‌و بڵێت ئەمە قەبوڵناکرێت. نەک نووسینەکەی من!

## (٣)

ئـەوەی جێگەی سەرسوڕمان‌و لـەسـەر وەستانە ئـەوەیـە ئەگەر بەراوردێکی بچووک بکەین، ئەوا کـاک ئەسعەدی بـەڕێـزیش بۆی دەردەکـەوێـت ئەم پەلامارە چەند قێزەون‌و ناشرین‌و لەهەمانکاتدا چەند ناعەقڵانی‌و بـێ پـاسـاوە: ئەوەی تائێستا لە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە دەرکەوتووە ئەوەیە لیستی کوردستانی زۆرتر لە ناوچەی پـارێـزگـای سلێمانی‌و کۆیە (کە لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کـوردسـتـانـدایـە) دۆڕانـدویـەتـی، بەڵام لە ناوچەی هەولێرو دهۆک بردویەتیەوە (کە پتر لەژێر دەسەڵاتی پارتیدایە). کەچی ئەوە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدایە شتەکان بە هێمنی دەڕۆن‌و هیچ توندوتیژییەک نابینن، ئـەوە لـە نـاوچـەی ژێـر دەسەڵاتی پارتیدایە لەگەڵ ئەوەشدا کە براوەن پەلامار دەدەن!! برام من نالێم‌و تۆ پێبڵێ ئەمە چۆن‌و بەچی قەبوڵدەکرێت؟ چ لۆژێکێک ئەمەی پێ هەرسدەکرێت؟ ئاخر ئەمە یەکجار سەیرە، ئەگەر تەفسیرێکی زیاتر لەوەت هەیە کە ئەوەی ئەوان لەوێ دەیکەن لە ملهوڕی‌و خۆسەپاندن‌و سیاسەتی توقاندن زیاتر هیچی دیکە نییە، بۆم بنووسە تا قەناعەتی پێبکەم؟. پێمبڵێ بۆچی یەکێتی لێرە لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەیەکی زۆری کورسی لەدەستداوە، بە هێمنی‌و ئارامی دانیشتووەو بگرە هەموو شەوێک ئاسایشی بۆ پارێزگاریی هێمنیی شار خستووەتە سەرجادە، بەڵام لە هەولێرو دهۆک کە گوایە کوردستانی بـردویـەتـیـەوە، ئەو عەسابانە پەلاماردەدەن‌و ئەم‌و ئەو دەترسێنن؟. ئاخر چۆن‌و بەچی ئەمە قەبوڵبکرێت؟ چۆن‌و بۆچی تۆش لەبری ئـەوەی ئەمە تـورەت بکات، نووسینەکەی من تورەی کردویت کە دژی ئەم ڕەفتارە دزێوە نووسراوە؟

سەیرە بەڕاستی سەیرە! ئەمە جگە لە بەرهەم‌و دەستکەوتەکانی یەک لیستیی یەکێتی‌و پارتی، چیدیە؟

مـن لێت نـاشـارمـەوە تـا پێش بینینی ئـەو پـەلامـارانـەو پێش هەڵبژاردنیش ڕاموابوو کوردستانی دەیباتەوەو بە ئاسانی حکومەت پێکدەهێنێت (هەر کەسێکیش لەمنەوە نزیکبووبێت ئەمەی لێبیستوم)، بەڵام کە ئەو پەلامارەم بینی، زۆر بە جدیی گومانم لـەم ڕایـە کردو بڕواموایە ئەو بردنەوەیە بێ تەزویر نەبووە، چونکە نە عەقڵ‌و نە لۆژیک قەبوڵیناکات لایەنی بـراوە ئاژاوە بنێتەوەو پەلاماری نەیارەکانی بدات، ئەوە نەک من، بەڵکو ڕەفتارەکانی عەسابەکانی شەوە وایان لێکردوین گومان لە بـردنـەوەی بێ تەزویر بکەین‌و هەستبکەین شتێکی نارەوا ڕوویـداوە، نەک فاڵگرتنەوەو ڕمڵ لێدان (وەک بەڕێزت بۆت نووسیوم)، هێز کە بردیەوە نەک پەلامار نادات، بەڵکو ئاهەنگ سازدەکات‌و ڕووشی لەگەڵ نەیارەکانیدا خۆشدەبێت، ناچێت دەوری بارەگاکانیان بگرێت‌و بەردبارانیان بکات، لـەدوای ئەو پەلاماردان‌و هەڕەشانەوە هەموومان مافی ئەوەمان هەیە لەبری جارێک سەد جار گومان لەو بردنەوەیە بکەین.

## (٤)

کاکە ئەسعەدی ئازیز گلەیی ئەوەم لێدەکات بۆچی بە دەسەڵاتدارانم گوتووە شەرمبکەن لەوەی خەڵک لەترسی ئـێـوە شـارەکـەی خۆی بەجێهێشتووە، کەچی گلەیی لە دەسەڵاتێک ناکات کە بنی زمان‌و دەمـــی زمـانـــی دیـمـوکـراسـی‌و سـەرەوەری یاسایە کە بەڕاستی بەمکارە هەڵساوەو هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵی هاوڵاتیەک‌و بەردبارانی کردووە. کاکە ئەسعەد! وێنەی ماڵی ئەو کاندیدەی دهۆکت نەبینی کە چۆن ماڵەکەی پڕکراوە لە بەردو هەموو پەنجەرەکانی شکاوە؟ نەتبینی هاتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن‌و وتی: بە خۆم‌و ماڵەوە هاتوومەتە سلێمانی بۆ ئەوەی منداڵەکانم بپارێزم؟ ئەرێ برام توزێک ویژدان!

بـەڕاسـت بـڵـێ ئـەمـە مـایـەی شەرمکردن نییە؟ ئەمە شەرمەزاری نییە لـە سـەدەی بیست‌و یەکدا هـاوڵاتـیـەکـی ئـەم وڵاتـە تەنیا لـەبـەرئـەوەی کاندیدی لیستێکی دیکەیە، شارەکەی بەجێبهێڵێت؟ ئەگەر تۆ ئەوە بە شەرمەزاریی نەزانیت، ئیدی تۆ ئازادیت نووسینەکەی من بە هەر شتێک تۆمەتباربکەیت، ئەگەر تۆ ئەوە بە شەرمەزاریی نەزانیت لەکاتی سەرکەوتندا پەلاماری ئەوانە بدرێت کە دۆڕاون، ئیدی من ناتوانم هیچ پردێکی پەیوەندیت لەگەڵ دروستبکەم.

من لـەو ڕستانەی نووسیومە پەشیمان نیم‌و ئێستاو داهاتووش لە کوێ عەسابەکانی پەلاماردان هەبن، تۆقاندن‌و هەڕەشەی بێشەرمانەو ئاشکرا هەبن، ئەمە هەڵوێست‌و قسەم دەبێت، بێلایەنی نییە لەنێوان عەسابەکان‌و قوربانیەکانیدا، لە بەردبارانکردنی خەڵکی‌و ڕاوەدونان‌و ئەوانەی بەردباران دەکرێن، ئەوەشی بێلایەن بێت ئازادەو بڕیارێکە خۆی دەیدات، بەڵام دڵنیابە من لەمەیاندا نە بێلایەن دەبم‌و بە شانازیشەوە خۆم بە هاوسەنگەری هەموو ئەو کەسانە دەزانـم کە پـەلامـاردراون، جا ئەو کەسە هەر کەسێک‌و هەرچیەک بێت، ئیسلامی بێت یان گۆڕان، کۆمۆنیست بێت یان ناسیۆنالیست، پارتی بێت یان یەکێتی.

کاکە ئەسعەدی ئازیز! دەبوو ئەم ڕووداوە زۆر بە توندیی لەلایەن هەموومانەوە ئیدانە بکرێت، زۆر بە توندیی دژی ڕابوەستین‌و کەس لێی بێدەنگ نەبێت، بۆ ئەوەی ئەو لایەنەی لەپشت ئەم ڕووداوە وەستاوە لە جێگەی خۆی ڕابگرین‌و وا هەراسانی بکەین جارێکی دیکە جورئەت نەکات دەست بۆ ئەمکارە دزێـوە بەرێت، ئەمڕۆ کە ئەم قسانەت بۆ دەنووسم بیری ئـەوەم دەکـەوێـتـەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووداو کاتێک بارەگاکانی یەکگرتوو سوتێنران، ئەگەر زۆر بە توندیی ئیدانەیەکی گشتی بکرایە، ئێستا هەمان هێز نەیدەوێرا ئەمجارە هەوڵبدات هەمان شت دووبارە بکاتەوە، ئەوانە دەبێت عەسابەکانی سەرجادەو نیوەشەو کۆبکەنەوە، چونکە پێکەوە ژیان نییە لەنێوان عەسابەو قوربانیەکانیدا، لەنێوان جەلادو قوربانیدا، لەنێوان ملهوڕی‌و خۆسەپاندن‌و ئاشتی‌و دیموکراسیدا.

ئێستا کە دەگەمە ئەم خاڵە دەتوانم وەڵامی ناونیشانی وتارەکەت بدەمەوە کە (نووسینەکەی من لە خزمەتی کێیە)؟ نووسینەکەی من لە خزمەتی یاساو دیموکراسی‌و دادپەروەرییەو دژو دوژمـــنـــی عـەسـابـەکـانـی پەلاماردان‌و توقاندن‌و هەڕەشەیە کـە دەیـەوێـت خـەڵـک بتوقێنێت. دژی ئـەو کـەس‌و هێزە ناشرین‌و نەخۆشانەیە کە تەنانەت دۆڕاندنی یـەک کورسیشیان بە ئاسایی پێ قەبوڵناکرێت، دژی ئەو هێزانەیە کە تا ئەو کاتە پێکەوە ژیان قەبوڵدەکەن کە وەک ئەوان بیر بکەیتەوەو وەک ئەوانیش سـەر بۆ هەمان ڕەمـزو سەرکردە دانەوێنێت، نووسینەکەی من دژی حیزبی ڕابـەرو سەرۆکی فەرماندەو پیرۆزە کە ناتوانێت یەک دەنگی جیاواز لە خۆی قەبوڵبکات، دژی ئەو هێزە تاریک‌و داخراوانەیە کە خەڵکی جیاواز لە خۆیان ناچار بە کۆچکردن لە شاری خۆیان دەکەن. بە دەنگی بەرزیش دەیڵێم پێکەوە ژیان نییە لەگەڵ هێزی لەم چەشنەدا، بەڵکو دژایەتی هەیە، سەنگەرگرتن هەیە، دواجار ڕووخاندنی هەیە. پێکەوەژیان مەرجی هەیە کاکە ئەسعەدی ئازیز! لە هەموویان سەروتر لانیکەمی قەبوڵکردنی یـەکـدی‌و بـیـروڕای جیاوازە، ئەوەی دەیەوێت بە ناوی پێکەوە ژیان‌و ئاشتییەوە، چیرۆکی بێدەنگی لە سەرکوتکردن‌و تۆقاندن قەبوڵبکرێت، بیەوێت‌و نەیەوێت کلتووری بەعس دووبارە دەکاتەوە.

ئێستا کە دەگەمە کۆتایی ئەم وتارە لەگەڵ تۆدا لە یەک خاڵدا یەک دەگـرمـەوە، هەنووکە کوردستان پـێـویـسـتـی بـە تـونـدو تـیـژی‌و دوژمنایەتی نییە، پێویستی بە وتوێژو لێکتێگەیشتن‌و پێکەوە کارکردن هەیە. پێویستی بەوە هەیە ئەم زمانی هەڕەشەیە چ بە نووسین‌و چ بەکردار کۆتایی پێبێت‌و لیستە جیاوازەکان خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن، بەڵام بەو مەرجەی هـەمـووان ئـەم ئـارەزوویـان تێدا بێت. گوێ لەیەک بگرن‌و بە چاوی دوژمنەوە سەیری یەک نەکەن‌و خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە، نەک لایەنێک بیەوێت بە عەسابەکانی خۆی ترس بڵاوبکاتەوەو مەرجو قەناعەتەکانی خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت. هەر هێزێک بیەوێت ئەمکارە بکات، دڵنیابە من نە لەگەڵ ئەوەم ملی بۆ بدرێت‌و نە لەگەڵ ئەوەشم بە ناوی ئاشتیەوە لێی قەبوڵبکرێت، دوو ڕیانێکەو سێیەمی نییە، یان دیموکراسی‌و دادپەروەری یان ڕووبەڕووبوونەوەو شەڕکردن. هـەر کاتێکیش ئـەگـەری دووەم ڕوویـدا، بێگومان من لە سەنگەری ئەو کەسانەم کە دژی ستەمکاری‌و خۆ سەپاندن بە هەڕەشەو توقاندن حوکم دەکەن.

دیـــاره هـــەواڵـــەکـــانـــی دوای پـەلامـاردانـی عەسابەکانی شەو دڵخۆشکەرن، چ سەرۆکی هەرێم‌و چ سەرۆکی حکومەت داوایـان لە وەزارەتـی ناوخۆ کـردووە کە ئەو ئاژاوەگێڕانە دەستگیربکەن، وێنەی ئەو ئاژاوەگێڕانەش بڵاوبوونەتەوەو بڕواناکەم دۆزینەوەیان ئەوەندە کارێکی قـورس بێت، چاوەڕێین‌و بزانین ئەم قسانە بۆ هەڵخەڵەتاندن وتـــراون یـــان بـــە ڕاســـت ئـــەو کەسانە دەستگیردەکرێن. ئەگەر دەستگیرکران، ئەوا منیش وەک تۆ دەنگ بەرزدەکەمەوەو دەڵێم بەڵێ بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو دامەزراندنی سیستمێکی یاسایی‌و دیموکرات‌و ئەگەر خۆشیان لێ دزییەوەو هیچیان نەکرد، هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم ڕۆژێـــک دێـــت (درەنـــگ یـــان زوو) حیسابی هەموو ئەم شتانە لەگەڵ یەک بەیەکیاندا بکرێت‌و باجی هەموو ئەم پێشێلکارییانە بـدەن، ئەمەیە لۆژیکی مێژوو، نەک چاو خڵافاندن‌و بێدەنگبوون لە عەسابەکانی شەو. دەبێت هەموو فێربین ڕێز لە یەکدی بگرین‌و کەس پێشێلکاریی نەکات، چونکە پێکەوە ژیان نییە لەنێوان ستەمکارو ستەملێکراودا، جەلادو قوربانیدا، ئاغاو کۆیلەدا. یان هەموان وەک یەک بەشێوەیەکی یەکسان پێکەوە دەژین، یان وڵات بۆ جەنگ‌و ململانێیەکی درێژ ئامادە دەکەین.

لەکۆتایشدا منیش وەک تۆ هـیـوادارم هەموو هێزەکانی ئێمە بەشێوەیەکی برایانەو دیموکرایتانە پێکەوە بژین‌و هیچ تەنگەژەیەک لەنێوانیاندا دروستنەبێت، بۆ ئەوەی ئەمەش ڕووبدات دەبێت عەسابەکانی شـەوو پەلامارە درنـدەکـان‌و شار بەدەرکردنەکان نەمێنن، نەک ئەوەی بە نـاوی ئاشتییەوە ئەم ڕەفتارە دزێوانە قەبوڵبکرێن.

من لەو ڕستانەی نووسیومە پەشیمان نیم‌و ئێستاو داهاتووش لە کوێ عەسابەکانی پەلاماردان هەبن، تۆقاندن‌و هەڕەشەی بێشەرمانەو ئاشکرا هەبن، ئەمە هەڵوێست‌و قسەم دەبێت، بێلایەنی نییە لەنێوان عەسابەکان‌و قوربانیەکانیدا، لە بەردبارانکردنی خەڵکی‌و ڕاوەدونان‌و ئەوانەی بەردباران دەکرێن، ئەوەشی بێلایەن بێت ئازادەو بڕیارێکە خۆی دەیدات، بەڵام دڵنیابە من لەمەیاندا نە بێلایەن دەبم‌و بە شانازیشەوە خۆم بە هاوسەنگەری هەموو ئەو کەسانە دەزانم کە پەلاماردراون، جا ئەو کەسە هەر کەسێک‌و هەرچیەک بێت، ئیسلامی بێت یان گۆڕان، کۆمۆنیست بێت یان ناسیۆنالیست، پارتی بێت یان یەکێتی

# لەنێوان عەسابەکانی شەوو قوربانییەکان

## وەڵامێک بۆ بەڕێز ئەسعەد جەباری

ئەم یەک لیستییە هەموو مانایەکی بۆ ململانێی سیاسی نەهێشتبووەوە، دەمی دوو هێزەکەی لە چەندان پێشێلکاری یەکدی گرتووە، بووە بە سەرپۆشی سەرەکی بۆ چەندان چیرۆکی گەندەڵیو دروستبوونی باندێکی مافیای حیزبی بۆ تاڵانکردنی وڵات، هیچ کەس بەهۆی پشتگیری حیزبەکەیەوە لەژێر پرسیاردا نییەو هەمووان دەستیانکراوەیە بۆ هەموو شتێک، پەرلەمانێکی دروستکردووە کە تەنانەت لەپرسێکی گرنگی وەک دەستووردا مافی وتوێژکردنی بەندێکی نەبووە (خودایە ئەمە زۆر شەرمەزارییە!). بڕیار بە دەستی وڵاتو دەزگا شەرعییەکانی هەرێم نین، بەڵکو ژووری داخراوی سەرکردەو مەکتەبی سیاسی حیزبەکانن، بودجەیەکی تاریک هەیە کە کەس نازانێت چۆن سەرفدەکرێت (وەزیری دارایی وتبووی «بەخودا نازانم مووچەی سەرۆکی هەرێم چەندە» بڕواش ناکەم ئەمەش هیچ جێی شانازیکردن بێت). یەکێتی لە هەموو پێشێلکاریەکی پارتی بێدەنگە (وەک سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو لەلایەن پارتیەوە)و پارتیش لە هەموو پێشێلکاریەکی یەکێتی بێدەنگە (وەک هەڵویستیان لە سووتاندنی مۆنمێنتەکەو تەقە لە خۆپیشاندانو گرتنی نایاسایی)

**ڕێبین هەردی**

برای بەڕێز کاک ئەسعەد جەباری ئەو وتارەی من تووڕەی کردووە کە بەناوی «نا بۆ حکومەتو پەرلەمانی تەزویر»ەوە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بڵاومکردەوەو لە ژمارە (٤٩٣٨)ی ڕۆژی هەینی (٢٠٠٩/٧/٣١) وتارێکی بەناوی «کاکە ڕێبین.. تووڕەبوونەکەت خزمەت بەچی دەکات؟» وەڵامی ئەو وتارەی داوەتەوە، کاک ئەسعەد لەم وتارەدا گومان دەکات ئەو نووسینە هی من بێتو بگرە ئەم وتارە وایلێکردووە بە وتارەکانی دیکەی منیشدا بچێتەوە کە پێشتر ڕای باشی لەسەری هەبووەو گومانیان لێبکات، هەڵبەتە سەرەتا سوپاسی کاکە ئەسعەد دەکەم بۆ تێبینیەکانیو هەر نووسینێکیش بەم زمانەی کاکە ئەسعەد بنووسرێت، خۆشحاڵ دەبم بکەومە وتوێژکردن لەگەڵی. ئێمە هەموومان ڕای جیاوازمان هەیەو دەکرێت ئەم ڕاجیاوازانەش دوور لە تەشهیری شەخسی دەرببڕین. من لەو ڕستە بریندارکەرە کەمانە چاودەنوقێنم کە کاکە ئەسعەد بەرامبەر بە من بەکاریهێناوەو ڕاستەوخۆ دەچمە سەر ئەسڵی مەسەلەکە.

**(١)**

سەرەتا کاکە ئەسعەد بڕوای وایە هاوپەیمانێتی یەکێتیو پارتی لە لیستی کوردستانیدا لە بەرژەوەندی کوردستاندایەو بڕوای وایە ئەو کەسانە دەژین کە بەرژوەندییان لە ناکۆکی یەکێتیو پارتیدا هەبووەو بازرگانییان پێوەکردووە، هیوادارم کاکە ئەسعەد منیش بە یەکێک لەوانە نەزانێت، چونکە ڕێک پێچەوانەی بەڕێزیان بیردەکەمەوەو بڕوام وایە هیچ شتێک هێندەی ئەم یەک لیستییە زیانی گەورەو ستراتیژی کوشندەی لە کوردستان نەداوە. من تێناگەم ئەو دەسکەوتانەی کاکە ئەسعەد دڵی پێخۆشکردووە چییە، بەڵام دەزانم زیانەکانی چەند بەرچاو روونن کە برادەران نایەنەوێت ببینن، لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێک لەم خراپیانە دەکەم:

ئەم یەک لیستییە هەموو مانایەکی بۆ ململانێی سیاسی نەهێشتبووەوە، دەمی دوو هێزەکەی لە چەندان پێشێلکاری یەکدی گرتووە، بووە بە سەرپۆشی سەرەکی بۆ چەندان چیرۆکی گەندەڵیو دروستبوونی باندێکی مافیای حیزبی بۆ تاڵانکردنی وڵات، هیچ کەس بەهۆی پشتگیری حیزبەکەیەوە لەژێر پرسیاردا نییەو هەمووان دەستیانکراوەیە بۆ هەموو شتێک، پەرلەمانێکی دروستکردووە کە تەنانەت لەپرسێکی گرنگی وەک دەستووردا مافی وتوێژکردنی بەندێکی نەبووە (خودایە ئەمە زۆر شەرمەزارییە!). بڕیار بە دەستی وڵاتو دەزگا شەرعییەکانی هەرێم نین، بەڵکو ژووری داخراوی سەرکردەو مەکتەبی سیاسی حیزبەکانن، بودجەیەکی تاریک هەیە کە کەس نازانێت چۆن سەرفدەکرێت (وەزیری دارایی وتبووی «بەخودا نازانم مووچەی سەرۆکی هەرێم چەندە» بڕواشناکەم ئەمەش هیچ جێی شانازیکردن بێت). یەکێتی لە هەموو پێشێلکاریەکی پارتی بێدەنگە (وەک سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو لەلایەن پارتیەوە)و پارتیش لە هەموو پێشێلکاریەکی یەکێتی بێدەنگە (وەک هەڵویستیان لە سووتاندنی مۆنمێنتەکەو تەقە لە خۆپیشاندانو گرتنی نایاسایی). ئەم یەک لیستییە نەک لە بەرژوەندی کوردستان نەبووە، بەڵکو تەنیا لە بەرژوەندی سەرپێچی زیاتر، پەرلەمانی کارتۆنیو دزی زیاتربووە، باسی بەغدا ناکەم کە تائێستا ئەم یەک لیستییە نەک بستێکی کوردستانی نەگەڕاندووەتەوە، بەڵکو چەندان کێشەو تەنگەژەی جۆراوجۆری لەگەڵ بەغدادا دروستکردووە. بڕواشم وایە ئەم دەرئەنجامە چاوەڕواننەکراوانەی هەڵبژاردن (چاوەڕواننەکراو بۆ دوو هێزەکە، نەک بۆ ئێمە) بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەم یەک لیستییە کە وڵاتێکی پڕ گەندەڵیو بێ چاودێری دروستکردووەو پەرلەمانو حکومەتی کردووە بە لێبووک. وڵاتی کردوووە بە تەراتێنی کادیری حیزبیو پێشێلکردنێکی بەرفراوانی مافی هاوڵاتیانی ئێمە. ئەم یەک لیستییە زۆرێک لە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتەی تووڕەکردووە کە لەم هەڵبژاردنەی دواییدا بە دەنگی بەرز ڕەفزکردنی ئەم دۆخەی ڕاگەیاندووە. لەم ئاراستەیەدا یەکێتی هەڵە دەکات بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کێ لە ناوخۆدا خیانەتی لێکردووە، بۆ ئەوەی دەریبکات، هەڵە دەکات وابزانێت ئەم دەنگانەی لە دەستیداوە خەتای ئەوەیە جادەی باشو پارەی باشی دابەش نەکردووە، چونکە ئەمانە هیچی هۆی سەرەکی ئەم دۆخە نین. هۆی سەرەکی ئەم دۆخە ئەم یەک لیستییەی یەکێتیو پارتییە کە لە دوو حیزبی سیاسییەوە کردوونی بە دوو کۆمپانیای بازرگانیو بەپێی کەمو زیادی قازانجی مادیبەڕێوەدەچێت. هۆی سەرەکی ئەوەیە هەردوو هێزەکە هیچ ململانێیەکی سیاسی ناکەنو لەیەکدی بێدەنگنو هاوڵاتیانی ئێمەیان بە تەنیا بەجێهێشت بۆ ئەوەی هەرکامیان ویستیان هەموو مافێکی پێشێلبکەن (ئەوەندە بەسە بڵێم یەکێتی دەزانێت کێ شەهید سۆرانی مامە حەمەی تیرۆر کرد، بەڵام بێدەنگ بوو، وەک چۆن سەرۆکی هەرێمو پارتی لە توندڕەوی یەکێتی لەکاتی سووتاندنی مۆنمێنتەکەدا بێدەنگ بوون). خەڵک دوو هێزی ناوێت چەپڵە بۆ یەک لێدەدەنو بەیەکەوە سامانی وڵات دابەشبکەنو پێکەوە بخۆنو بنوون، بەڵکو هێزگەلێکی دەوێت لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی بێنە دەنگو ململانێی لەسەر بکەن، ڕاستت بوێت یەکێک لە خراپترین ئەو شتانەی لە مێژووی سیاسی ئێمەدا ڕوویدا، ئەم یەک لیستییەبوو کە بە بڕوای خودی خۆم ڕەگو ریشەی سەرەکی هەموو ئەو دۆخە نالەبارەیە کە دوو هێزەکە دروستیانکردووە.

هەڵبەتە ئەم قسانە هەنووکە نرخیان نەماوەو کۆتایی پێهاتووە، چونکە پاش دروستبوونی لیستی گۆڕانو یەکگرتنی چوار حیزبەکە، چیدی ئەم یەک لیستییە ئەو مەترسیو گرنگیەی جارانی نەماوە کە پێشتر هەموومانی بێزارکردبوو، هەنووکە مادام لیستی دیکە هەیە، واتە ململانێ هەیە، واتە چاودێری هەیە، واتە پێکەوە سامان دابەشکردنو بێدەنگ بوون لە یەک نییە. دەمەوێت بڵێم هیچ شتێک هێندەی ئەم یەک لیستییەی یەکێتیو پارتی زیانی سیاسیو ئیداری گەورەی بە کوردستان نەگەیاندووەو هیچ شتێکیش هێندەی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەم یەک لیستییە ئومێدی دروستنەکردووە.

هەستیشدەکەم وەڵامەکەی بەڕێزتان بۆ ئەو نووسینەی من زۆر بەشێوەیەکی باشترو زیندووتر خراپیو بێمانایی ئەم یەک لیستییە ئاشکرادەکات، هەر ئەوەندە بەسە بڵێم زیانی ئەم یەک لیستییە لەدێر بە دێری وەڵامەکەی بەڕێزتدا بۆ من دەردەکەوێت. بەڕێزت نووسینەکەی من تووڕەی کردویت کە لەسەر پێشێلکارییەکی گەورە نووسیومە، بەڵام ئەو پێشێلکارییە گەورەیە تووڕەی نەکردویت کە لە هەولێرو دهۆک ڕوویدا؟. لە من تووڕەیت کە لەسەر پێشێلکارییەکی گەورەی عەسابەکانی شاری هەولێرو دهۆکم نووسیوە، لە خودی عەسابەکان تووڕەنیت، هەموو ئەمانەش بەهۆی یەک لیستی یەکێتیو پارتییەوەیە. ئەگەر ئەم یەک لیستییە نەبوایە ئێستا ئێوە پێش ئێمە دەیان وێنەو دۆکۆمێنتو هەراتان لەسەر ئەم پێشێلکاریە دەکرد کە دەبوو بیکەن، نەک بەناوی یەک لیستییەوە لێی بێدەنگ بنو وەک ئەوەی هیچ نەبوو بێت خۆتانی لێ لابدەن، ئەمە بەرهەمی ئەو یەک لیستییەیە کە بەڕێزت زۆر بە گرنگی دەزانیت.

پارتی چی دەکات قەینانەکە، بەڵام کە خەڵک لە سەری نووسی لە بری پارتیش ئێوە وەڵامی بدەنەوە، ئەمەیە دەستکەوتەکانی یەک لیستی بۆ کوردستان کە ئەوان پێشێلکاریی گەورەیان کرد، ئێوە بەرگری لێبکەنو کە ئێوەش کردتان، ئەوان بەرگری لێبکەن (لە ڕوودانی سووتاندنی مۆنمێنتەکەدا سەرۆکی هەرێم لەبری ئەوەی دیفاع لە خەڵک بکات، پشتی ئێوەی گرت)، ئەمە بەرهەمەکانی یەک لیستییە کە پێشکەش بە خەڵکی کوردستانکراوە.

ئەگینا من دەبێت لە کاک ئەسعەد بپرسم بۆچی لە چەند ڕستەیەکی من تووڕەیت کە وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە پێشێلکارییەکی ترسناک دەرمبڕیوەو نووسیومە، بەڵام بەو پەلامارو بەردبارانکردنو هەڵکوتانە سەر بارەگایانە تووڕە نیت کە بە چەکو کڵاشینکۆف بە دەستەوە پەلاماری لایەنگرو بارەگای هێزە جیاوازەکان لە لیستی کوردستانی دەدرێت، بۆ لەوە تووڕەنیت دەوری بارەگای یەکگرتوو و کۆمەڵ دەدرێتو هەڕەشەی جۆراجۆریان لێدەکرێت، هێرشدەکەنە سەر نووسنگەی کەناڵی(knn)و بەردبارانی دەکەن، بۆ لەوە تووڕە نیت کاندیدێکی لیستی گۆڕان لەتاو گیانی خۆیو لەپاش ئەوەی پەلاماری ماڵەکەی دەدرێت، ناچار دەبێت ماڵو منداڵ کۆبکاتەوەو شارەکەی خۆی بەجێبهێڵێتو پەنا بۆ سلێمانی بەرێت؟ سەیرە هەموو ئەم شتانە تووڕەت نەکاتو دوو ڕستەی من تووڕەت بکات کە دەبوو پڕ بە پێستی ناشرینی ئەم ڕووداوە توندو ڕاشکاوو ئاشکرا بێت.

بەڕاستی کاک ئەسعەد کامیان شایەنی تووڕەبوونە، عەسابەکانی پەلاماردانو تۆقاندن یان ئەو نووسینەی دژی ئەم عەسابانە دەنووسرێت؟ سەیرە بەڕاستی سەیرە! ڕووداوی مادیو واقیعی، پەلاماردانی عەسابەکانی شەوی هەولێرو دهۆک، کلاشینکۆف بەدەستەکانو بەردبارانکردنی دزێو، هیچ یەک لەمانە تۆزێک تووڕەت نەکات، نووسینێک تووڕەت بکات کە بۆ ئیدانەکردنو بەگژداچوونەوەی ئەم ڕووداوە نووسراوە. کاک ئەسعەدی ئازیز! دەبوو بەر لە نووسینەکەی من ڕووی دەمت بکردایە دەسەڵاتدارانی ناوچەی دهۆکو هەولێرو بڵێیت ئەم ڕەفتارە دزێوە قەبولناکرێت، ئەم نمایشی ترسو تۆقاندنە بەسەرچوو.

**(٢)**

کاک ئەسعەدی ئازیز بیری ئەوەم دەخاتەوە کە ڕەنگە نووسینی لەم چەشنە ببێتەهۆی شەڕی ناوخۆ، سەیرە یەکجار سەیرە! پەلاماردانی واقیعی بە چەکو کڵاشینکۆفەوە ببنیتو بە نووسینێک کە دژی ئەمە نووسراوە بڵێت نووسینەکەت مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی لێدەکرێت!!. کاکە ئەسعەد کێ شەڕ هەڵدەگیرسێنێت؟ ئەوانەی کە بەشێوەیەکی واقیعیو بە چاوی خۆمان دەیانبینینو بە جلی مەدەنیەوەو کڵاشینکۆف بەدەستو بە پەرچەمی زەردەوە پەلامار دەدەنو تۆقاندن بڵاودەکەنەوە، یان ئەو نووسینەی دژی ئەم هێرشی تۆقاندنە هەڵوێست وەردەگرێت.

ڕاستت بوێت نووسینەکەی من هیچ نییە لەچاو ئەو شتانەی لەو چەند شەوە ناشرینو ڕەشەدا لە هەولێرو دهۆک ڕوویاندا، ئەوە دەبوو تۆ بیت لە بری من ڕووی دەمت بکەیتە ئەوانو بڵێت برام بەم کارانە ئێوە بە فیعلیو بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو مادی هانی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ دەدەن، ئێوەن نابەرپرسیارانە ڕەفتاردەکەن، وادەزانن دەکرێت تا سەر بەم تۆقاندنو ترسە حوکمبکەن. دەبوو لێیان بپرسیت ئێوە بەم کارە هانی لایەنگرانی لیستەکانی دیکە دەدەن کە هەمان ڕەفتار بەرامبەر بە لایەنگرانی ئێوە لەو شوێنانەدا بکەن کە ئەوان تێیدا باڵادەستن، بۆ ڕەفتارەی ئەوان بیرکردنەوەی بۆ ئەوە ڕانەکێشایت کە ئەم پەلامارە ناشرینە دەکرێت کاردانەوەیەکی ئینفعالی لە شوێنەکانی دیکە دروستبکاتو ئەوە لایەنگرانی پارتی بن بکەونە بەر پەلاماری هەوادارانو لایەنگرانی لیستەکانی دیکە لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە پارتی تێیدا کەمایەتیەکی بچووکە.

پێموایە ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆماندا نەکەین ئەوە بە باشی دەبینین کە ئاسایشو پۆلیسی سلێمانی لەو شەوەوە بەشێوەیەکی نائاسایی لە شارو ناوچەکانی پارێزگا بڵاوبوونەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگری لە پێشهاتێکی لەمجۆرە بکەن (بێگومان لەمەشدا جێگەی دەستخۆشی لێکردنن). ئەوە ڕووداوەکانی هەولێرو دهۆکە کە ئەگەری شەڕی دروستکردووە، نەک نووسینەکەی من. ئەگەر ئەم یەک لیستییە بێ مانایەش نەبووایە، بە ئاسانی بەڕێزت دەتتوانی ئەم ڕاستییە ببینی.

لێرەوە بەپێچەوانەوە من هەستدەکەم کارێکی یەکجار باشم کردووە کە تووڕەییو بێزاری

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هيئة انتخابات اقليم كوردستان

**(( ڕاگەیاندن ))**

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە بڕیاری ژمارە (٢)و بە بڕیاری کۆنوسی ئاسایی ژمارە(٥٥)لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٨دا، ئەم بڕیارەیدا:

١- غەرامەکردنی قـەوارەی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار، ئەمەش بە پێی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٤)لە قانونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو. ئەم بڕیارە شیاوی تێهەڵچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان.

٢- داواکـردن لە قـەوارەی خزمەتگوزاری و چاکسازی کە نـاوی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناو ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان و پۆستەرەکانی سەر دیوار و یان هەر بانگەشەیەکی هەڵبژاردن رابگرێت.

**ئەنجومەنی کۆمیسیاران**


جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هيئة انتخابات اقليم كوردستان


**(( ڕاگەیاندن ))**

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە بڕیاری ژمارە (٢٩) لە کۆنوسی نا ئاسایی ژمارە(٥٠)لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨دا، ئەم بڕیارەیدا:

١- ئەنجومەن ڕەزامەندی دا لە سەر پابەند بوونی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی کە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا ڕابگەیەنێ کە ئەو لیستە پەیوەندی بەو دەربڕینانەوە نییە کە تیایدا ناوی قەوارەی ( حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ) یان لە ناو بانگێستەکاندا بەکارهیناوە کوچی ئەو قەوارە سیاسیە لە ناو هاوپەیمانیدا نییە و دەبێ بۆ کۆمسیۆنی بسەلمێنێ کەوای نەکردووە , بە پێچەوانەی ئەوەوە کۆمسیۆن ئامادەیە کە باوەر دانەکەی بە هاوپەیمانی هەلبوەشێتەوە .

ئەو بڕیارە قابیلی تیاهەلچوونەوەیە لەبەر دەستەی دادوەریدا بۆ هەڵبژاردەکان ,ئەوەش لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە دوای بلاوبوونەوەی ئەو بڕیارە.

**ئەنجومەنی کۆمیسیاران**

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥

**ئاگاداری**

ژمارە/ ١٧٧٢/ب/٢٠٠٨
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/٢٩

داواکار/ محمد ابراهیم نصرالدین
داوالەسەر کراو/ شوان خالد لطیف

بۆ داوا لەسەرکراو دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥ لە بەرواری ٢٠٠٩/١/٢٩ بڕیاری دا بە ناچارکردنت بە پێدانی بڕی ٢٤٠٠٠٠ $ دووسەدو چل هەزار دۆلاری أمریکی یان ٢٩٠٦٤٠٠٠٠ دوسەدو نەوەت ملیۆن و شەش سەدو چل هەزار دیناری عێراقی بۆ داواکار بەپێی چەکی ژمارە ٤٧٠٥٧ کە دەرچووە لە بانکی باکوور لقی سلێمانی لە ٢٠٠٧/٩/١ ئەگەر هەر ناڕەزاییەکت هەیە لەسەر بڕیارەکە لە ماوەی ١٠ ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی بڕیارەکە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە ئاراستەی دادگای بکە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

**القاضی**
**عبدالله اسماعیل امین**

## ونبوون

پێناسێکی کەم ئەندامی کە لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کە ئەندامان (قەڵادزێ) دەرچووە بە ژمارە(٢٩٤) بە ناوی (خالید قادر ئەحمەد قادر)، وونبووە هەرکەس دۆزیویەتیەوە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠٢٤٨٩١٢٩).

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٣٠ – R1**

پـرۆژە: گەیاندنی کارەبا بۆ خانووەکانی کۆمپانیای هیرۆن زۆن (١) (دووبارە).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٥٠٠٠٠٠) یەک ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٦٧٢ – R1**

پرۆژە: پرۆژەی ئاوی گوندی سێوەنگ لە شارباژێر (دووبارە).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیـاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ١٠ – R1**

پرۆژە: لێدانی بیری قوڵ بۆ گوندی چۆرک لە شارباژێر (دووبارە).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خکاب چمان) بە بڕی (١٥٠٠٠٠٠) یەک ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**


**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٦٨٠ – R٥**

پرۆژە: گەیاندنی کارەبا بۆ ناحیەی هێرۆ.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤-بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٧٠٠٠٠٠٠) حەڤدە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥-پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦-ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٤٩٩ – R٢**

پرۆژە: (دروستکردنی بینای وێستگەی کەشناسی + دروستکردنی باخچەی بەردەم مەحکەمە + دابینکردنی پێداویستی سێ پەیکەر) لە چەمچەماڵ (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیـاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (**خطاب ضمان**) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٢٨٩ – R١**

پرۆژە: ئامادەکردنی سێتی ئەندازیاری بۆ پرۆژەی دروستکردنی هۆڵی داخراو لە سلێمانی (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٦ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٦ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو نوسینگەیەی کە بەشداری دەکات (مۆڵەتی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان + پێناسەی وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٣- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٤- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٥- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٦- نوسینگە بەرپرسە لە بوونی هەموو کەموکورییەک کە لە دیزاینی پرۆژەکەدا هەبێت تا تەواوبوونیپرۆژەکەو پابەندبوون بە مەرجەکانی هاوپێچ بە تەندەرەکەوە.
٧- پێویستە نوسینگە سەردانی لایەنی پەیوەندیدار بکات (کارگێری و خۆجێیەتی ـ پلان دانان) بۆ زانیاری سەبارەت بە پرۆژەکە.
٨- بەشداربوو مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٥٠٩ – R٣**

پرۆژە: دروستکردنی شۆستەو ئـاوەڕۆو دروستکردنی ڕێگای بەمۆ (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیـاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٦٨١ – R٥**

پرۆژە: دروستکردنی قوتابخانەی (٤) پۆلی لە گوندی بەلک لە ژاراوە.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٣٢ – R١**

پرۆژە: فراوانکردن و دروستکردنی هۆڵێک لە بینای بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی سلێمانی
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیـاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**



# بارزانی؛ سەرۆکێکی بێخەم!

سیروان ڕەشید

«نازانم سەرۆکەکەم لەکوێیە تا حەقم بسەنێت، خودایە لەم وڵاتەدا غەیری تۆ هیچ جیهەتێک شک نابەم پەنای بۆبەرم!».

ئەو کۆتەیشنەی سەرەوە سکاڵای چیمەن ناوێکە کە مێردەکەی کارمەندە لەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەڵام لە کۆتایی هەفتەی رابردوودا کاتێک بەنیازی مووچەوەرگرتن سەردانی فەرمانگەکەی دەکات، لەلایەن بەرپرسەکەیەوە پێیدەڵێن «تۆ دەرکراوی، لەبەرئەوەی دەنگت بە لیستی کوردستانی نەداوە».

چیمەن کە دایکی سێ منداڵەو کرێچییەو تەنیا بە ٦٨١ هەزار دیناری مووچەی مانگانەی مێردەکەی بژێویی ژیانیان دابیندەکەن، زیاتر سکاڵایکردو وتی «دوو ڕۆژ پێش ئەوەی سامانی مێردم مووچە وەربگرێت سوێندو تەلاقیان پێخواردبوو بۆئەوەی بزانن دەنگی «بە لیستی دەسەڵاتداوە»، بۆیە سامان پێیوتم «لە ناچاریدا سوێندەکەم خوارد، بەڵام کە گەیشتە سەر ئەوەی سێ بەسێ تەڵاقیش بخۆم چیمەن، مووچورکەیەک بەلەشمدا هاتو وازم لە تەڵاقخواردن هێنا».

نزیکەی دوومانگە هەڵمەتێک بەچڕیی بۆ سزادان‌و نانبڕین‌و دەرکردن‌و دوورخستنەوەی کارمەندانی حکومی (فەرمانبەران، هێزەکانی ئاسایش، پۆلیس، پێشمەرگەو بنەماڵەی شەهیدان) لەتەواوی کوردستاندا بەتایبەتیش لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی لەسەر بیروڕای جیاواز دەستیپێکردووە، بەتۆمەتی ئەوەی لایەنگیریی لیستی دەسەڵات نەبوون‌و دەنگیان پێی نەداوە.

**بەڕێز بارزانی.** لەبیرم دێ تۆ چوارساڵ بەر لەئێستا کە بوویت بە سەرۆکی ئێمە، لەپەرلەمانی کوردستان سوێندت خواردو وتارێکیشت خوێندەوە کە پاراستنی مافی مرۆڤ‌و کەرامەتی ئینسانەکان لەهەرێمی کوردستان لە ئەستۆی ئێوەدایەو وەک باوکی هەموو میللەت بەیەکچاو سەیری هاوڵاتییان بکەیت‌و پارێزەری مافەکانیان بیت‌و کەسێکی دادپەروەر بیت، بەڵام جەنابی سەرۆک، تا ئەمڕۆ کە ئەم ستوونەم نووسیوەو ڕەنگە بەڕێزیشتان بیخوێننەوە، ئەوا نزیکەی دوو مانگە زیاتر لە (١٠٠٠) کەس لەو چین‌و توێژانەی لە سەرەوە باسمکردن کەوتوونەتە بەر ئەو شاڵاوە نامرۆڤانەیەو بەڕێزیشتان لاموبالاتانەو بێخەمانە، بەهیچ جۆرێک ورتەتان لەوبارەیەوە لەدەم نەهاتووەتە دەرەوە.

**جەنابی سەرۆک** ئەو کەسانەی کە مووچەیان براوە زۆرینەیان لەوەزیفەی حکومیدان‌و سەربازن یان لەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆن، ئەگەر ئێوەش پێتانوایە ئەم هێزانە سەر بە لایەنێکی حیزبین، کەواتە وەزارەت‌و دامودەزگا ئەمنی‌و سەربازییەکانی سلێمانی‌و هەولێر میلیشیای حیزبین وەک هێزەکانی تەیاری سەدری‌و هێزەکانی ڕێکخراوی بەدر، ئیتر لێرەوە چیتر پێویست ناکات لۆمەی ناحەزانمان بکەین کە لەبەغداوە تۆمەتی میلیشیابوونی هێزەکانی پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکانمان دەدەنە پاڵ. جگە لەوەش ئەگەر ئەوانە دەزگای حیزبن چ خێرە بەلێشاو مووچەو ئیمتیازاتیان لەحکومەتەوە پێدەدرێت و فەرمانیش لەحیزب وەردەگرن!

**سەرۆک بارزانی.** دەزانی بەم بێدەنگبوونەت لەئاستی ئەو غەدرەداکە لەهاوڵاتییان دەکرێت، شەرعییەتی سەرۆکبوونی تۆی خستووەتە ژێر پرسیارەوەو هەستی سەرۆکبوونتی لای من سڕیوەتەوە!.

بۆیە بەڕێزتان ئەگەر دەتانەوێت ئەو شەرعیەتەتان بۆ بگەڕێتەوەو گەرەنتی پاراستنی مافی هەمووان بێت، ئەوا پێویستە بەپەلە ئیجرائات بکەن‌و فەرمانبدەن:

**یەکەم:** مافی تەواو بۆ ئەو هاوڵاتییانە بگەڕێنیتەوە کە نانیان براوەو دەرکراون، یاخود جێگۆڕکێیان پێکراوەو پۆستەکانیان لێسەنراوەتەوە.

**دووەم:** ئیتر لێرە بەدواوە کۆتایی بە دەرکردن‌و مووچەبڕین‌و هەڕەشەکردن لە کارمەندانی حکومی بێت، بە بیانووی ئەوەی لایەنگیری لیستی دەسەڵات نین، چونکە ئەمە شتێکە پێچەوانەی مافی هاوڵاتیبوونەو ئەم کارە ڕەفتاری ڕژێمە تۆتالیتارو دیکتاتۆرەکانە، چونکە لەهیچ وڵاتێکی دیموکراتیدا تاک نانبڕاو ناکرێت لەبەرئەوەی بیروبۆچوونی سیاسیی جیاوازی هەیە.

Serwan_rm@yahoo.com




مژدە... مژدە

پرۆژەی دڵی شار

کۆمپانیای بەڕێز بەهاوبەشی گروپی کۆمپانیاکانی نۆکان





کۆمپانیای بەڕێز لەنوێترین پرۆژەی نیشتەجێبوون و بازرگانی دا، بۆ تەواوکردنی واتای پرۆژەکانی، پرۆژەی دڵی شار لەسەر شەقامی سالم و لەناو گەراجی مەسلەحەی کۆن رادەگەیەنێ

پرۆژەی دڵی شار 350یەکەی نیشتەجێبونەو بەشێوەی باڵەخانە بەنوێترین سیستەمی جیهانی و بەنرخی گونجاو وەک دیاری گروپی کۆمپانیاکانی بەڕێز پێشکەشی دانیشتوانی شاری سلێمانی دەکرێ.

خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەی دڵی شار بێوێنەیە، جگە لەدایەنگەو باخچەی ساوایان و بازاری هاو چەرخ و خوێندنگە، ٪25ی باخچەو سەوزاییەو هەموو شوقەیەک پارکی تایبەتی هەیە.

پرۆژەی دڵی شار دوای تەواو بوون دەبێتە جوانترین پرۆژەی نیشتەجێبوون لەکوردستان و عێراق

سەنتەری زانیاری کۆمپانیای بەڕێز

0535252 5252

BAREAZ 2002

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩